# ئاڤێستایی
# زمانی باپیرانی کورد

نووسینی ڕێکار ئەحمەد

سوێد

ساڵی ٢٠٢٤

[illegible]


[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]



# پێشکەشە:

- بەو مرۆڤانەی کە بە دوای دیرۆکی زماندا دەگەڕێن.
- بەو کەسانەی کە بەدوای ساغکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەکەی خۆیان وێڵن و کۆڵ نادەن.

ناوی بەرهەم: ئاڤێستایی، زمانی باپیرانی کورد
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: ڕێکار ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: کۆدۆ بۆتانی
نرخ: ٦٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی:
ژمارەی سپاردنی کتێبخانەکانی سوێد
ISBN: 978-91985751-6-3

لە لایەن ئینستیتۆی کوردی لە ستۆکهۆڵم لە چاپ دراوە.

# پێڕست

**بابەت** **لاپەڕە**


له بەراییدا ............................................................................ ٧
زێدی زمانی ئاڤێستایی ........................................................ ١٩
ئافراندن و نووسینی ئاڤێستا ................................................. ٣٧
گرفت لە لێکدانەوەی دەقەکانی ئاڤێستایی ................................... ٤١
ئابێی ئاڤێستایی..................................................................... ٤٥
بەراوردی هەندێک ڕستەی ئاڤێستایی ........................................ ٥٢
ڕستەی ئاڤێستایی بە ڕێنووسی ئاڤێستایی ..................................... ٥٥
ناسینەوەی هەندێ وشەی ئاڤێستایی ........................................... ٥٧
زمانەکانی دیکە و سەیوانی زمانی ئاڤێستایی ............................... ٥٩
زمانی ئینگلیزی و پەیڤی ئاڤێستایی ........................................... ٦٠
زمانی سویدی و وشەی ئاڤێستایی ............................................. ٦٢
زمانی عەرەبی و وشەی ئاڤێستایی ............................................. ٦٥
زمانی ڕووسی و واژەی ئاڤێستایی ........................................... ٧٠
نیشانەی نێر و مێ لە زمانی ئاڤێستاییدا ..................................... ٧١
ئامرازی نەرێ لە زمانی ئاڤێستاییدا ........................................... ٧٧
جێگۆڕکێ و پێگۆڕکێی پیت ...................................................... ٧٩
هەندێک پاشگر وەک خۆیان ماونەتەوە ....................................... ٨٣
ڕووخساری زمانی ئاڤێستایی پارێزراوە ...................................... ٨٥
فەرهەنگۆکی وشەگەلی ئاڤێستایی و کوردی ................................ ٨٩

ئاکام .......................................................... ١٢٤
سەرچاوەکان ................................................... ١٢٩
پاشکۆیەک بۆ ڕاهێنان و فێربوونی پیتەکان ........................ ١٣٣


هەواڵنامەی کتێب

# لە بەراییدا

بۆ بیرکردنەوە، فێربوون و پەیوەندیکردن بە دیترانەوە زمان ئامرازی سەرەکییە؛ مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە، پەرە بە ناسنامەی خۆی دەدات، هەست و بیرکردنەوەکانی دەردەبڕێت، هەروەها لە هەست و بیردەکەنەوەی دیترانش تێدەگات. واتە زمان هۆکارێکە بۆ دەربڕین و گوزارشت کردن لە هەست و نەست و بیرکردنەوە، لەهەمان کاتیشدا بۆ بەدەستهێنانی زانین و زانست یەکجار گرنگ و پێویستە. ڕاستییەکەی زمان ئەو ئامرازەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت، ئەم دوو بوارەش لە یەکدی جیاوازن، ئاستی زمان لە بواری کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵی کۆنەپارێز و دواکەوتوو لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام لە بواری ڕووناکبیریدا بە فەرامۆشی دەسپێردرێت و وەکوو پێویست ئاوڕی لێ نادرێتەوە، کەچی لە نێو کۆمەڵی پێشکەوتوودا، زمان لە هەردوو ئاستدا گەشە دەکات و پێشدەکەوێت، دەکرێت بگوترێت کە هەردوو ئاستەکە مل بە مل و هاوتەریب دەڕۆن و گەشە دەکەن. دیارە بەهۆی ئەو ئاستانەوە ناسنامەی گەل و نەتەوەکان جیا دەکرێتەوە، شوێنی خۆی دەکاتەوە و پێگەی خۆی بەهێزتر دەکات. هیچ گومانی تێدانییە کە هەندێک زمان بنەچەی هاوبەشیان

لەگەڵ یەکدیدا هەیە و هەندێکی دیکەش لە ژێر کاریگەری زمانێکی دیاریکراودا گەشە دەکەن و پێدەگەن.

لە بنەڕەتدا زمان زێد و نیشتمانی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە وەکوو مەل لە هێلانەیەکەوە سەر دەرێنێت و چاوی بۆ ژیان دەکاتەوە، بە تێپەڕبوونی کات پەڕ و باڵ دەر دەکات و بەرفراوانتر دەبێت، بەتایبەتیش ئەو زمانانەی وەکوو زمانی دین و دەستەڵات سەرپشک دەکرێن.

دیرۆکناس و زمانناسانی جیهانی دوای لێکۆڵینەوەی چەندین ساڵەیان، بەو ئاکامە گەیشتوون کە لە نیشتمانی ئێمەدا چەندین زمانی دێرین هەبوونە، لەوانەش (سۆمێری، پارسی باستان، ئاڤێستایی، میدی، سکایی، کاسی و...). زمانی میدی و سکایی لە هەزارەی پێش زاییندا خۆیان نواند. زمانزان و دیرۆکناسان بەو باوەڕە گەیشتوون کە زمانی میدی و سکایی زۆر لە یەکدییەوە نزیکبوونە و وردە جیاوازییان لەگەڵ ئاڤێستاییدا هەبووە، کەچی ئاڤێستاییش هەر زارەکی ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ماد(میدی) بووە. دواتر بەهۆی ئەوەی پەڕتووکی ئاڤێستای پێنووسراوە، وەک زمانی دین و دەوڵەت ناسێندراوە. زمانی میدی لە ئیمپراتۆریەتی میدیادا، لە ٧٢٢ تا ٥٥٩ پێش زایین باڵا دەستی خۆی پێشان دا، نەک بە تەنیا لەو خاکەی کە ئێستا وەکوو نیشتمانی کورد دەناسرێت، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی

ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشدا سەرپشک و باڵا دەست بووە.

زمانی میدی لە ئاکامی تێکەڵاوبوونی زمانی نەتەوەی مید(ماد) و تیرە و گروپەکانی کێمیری(سیمێری[1]) و سکیتی و مانایی و ئۆرارتۆیی و کاسی و عیلامی و لۆلۆیی و گۆتی و تەنانەت پاشماوەی سۆمێری و ئەوانی دیکەشەوە، دروست بووە، (زۆرێک لە مێژوونووس و دێرینەناسان لەو باوەڕەدان کە ماد (ماتای)، ماتیانی درێژەپێدەری میتانییەکانن). تەنانەت زۆر لە دێرینەوە جوگرافیای ماد تۆمار کراوە، لەو بارەیەوە موجتەبا شەهمیری، مامۆستای زانکۆی تاران کە پسپۆڕی لە مێژووی دێرینی ئێراندا هەیە، دەنووسێ[2]: {ڕاستی ئەوەیە کە میدیا لە زەویەکانی دیکە

[1]- لە نووسراوەکانی یۆنانیدا بە کیمێری (Κιμμέριοι) و لە ئاشووری بە گیمیرِی، بە وێنەی تیرەیەکی کۆچەری جەنگاوەری ئازا ناویان هاتووە. ئەوان بە خۆیان گوتووە سیمێری، لەوانەیە ناوەکەیان لە باڵندەی ئەفسانەیی سیمێر یان 'سیمورغ 'ەوە وەرگیرابێ. بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئاشووری، لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین لە کەناراوی دەریای ڕەشەوە بەرەو خاکی ئێستای هەرێمی کوردستان، چیاکانی زاگرۆس و ئەناتۆلیا و کەناراوی دەریای سپی ناوەڕاست هاتوون، شاری سیمیر(ئزمیرİzmirی ئێستا) هی ئەوان بووە، هەروەها شاری سامێرا (سامەڕاء لە پارێزگای تکریت) و سیمیرە (لە پاریزگای ئیلام) لە لایەن ئەوانەوە بنیاتنراون، کەچی بە شێوازی دیکە باسیان لێوەکراوە.

[2] - Mojtaba shahmiri, Midgard (Media), the original land of Indo-Europeans, Universty of Tehran- Acadimia edu

جیاکراوەتەوە، بەهۆی هەبوونی هەندێک ڕووباری گەورەی وەک ئاراس، زابی گەورە و سپی ڕووبارەوە، بەڵام هەر لە سەردەمی کۆنەوە، هەندێک پرد هەبوون کە ئەم خاکەیان بە خاکەکانی دیکەوە دەبەستەوە. زۆر لە دێرینەوە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە لە نووسراوەکانی **ئێریدوپیزیر** کە لە سۆمەر فەرمانڕەوایەتی کردووە، ئاماژە بە خاکی میدیا ( کە ئێستا بەشێکی لە باکووری ڕۆژئاوای سنووری ئێران دایە) کراوە، ئەو ئێریدوپیزیرە لە سۆمەر فەرمانڕەوایەکی 'گوتی'یان بووە، ئەم هەرێمەی بە 'مەدگە' کە هاوشێوەی هەردوو ماد (میدیا) و ...میدگارد ناوبردووە}. لەوانەیە مەدگە هاووتای مادگەهـ بووبێ.

ڕاستییەکەی وڵاتی میدیا ئەو سێ هۆکارەی تێدا هەبووە کە زمان تێیدا دەڕسکێت و گەشە دەکات. بە گوێرەی بەڵگەی مێژوویی، سێ فاکتەری گرنگ بۆ ڕسکانی زمانی میدی هەبوون، ئەوانیش خۆیان لە دین، دەستەڵات و هاتنی تیرە و گرووپی نوێ دەبیننەوە.

زەردەشت و باوەڕداران(موغەکان) پێگەی زمانی ئاڤێستاییان پتەوتر کرد، بە لێکدانەوە و بۆچوونی زمانزانان، ئاڤێستایی دایکی هەندێک زمانی دیکەی ناوچەکەیە و کاریگەریشی لەسەر زمانەکانی دیکەی نەتەوەکانی دیکە داناوە، بەڵام پارسی باستان یان فارسی دێرین سەرچاوەی لە ئاڤێستایی نەگرتووە و

جیاواز بووە، کەچی دواتر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیادا، پارسەکان زمانی دێرینی خۆیان وندا کردووە و زمانی میدییان سەرپشک کردوە. گومانی تێدا نییە، هەندێک وشەی پارسی باستانیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ناو زمانی میدی هێناوە. بەو شێوەیە زمانی پارسی باستان تواوەتەوە و بزر بووە؛ بەو هۆیەشەوە نزیکایەتی یەکجار زۆر لە نێوان زمانی ئێستای کوردی و فارسی و زمانەکانی دیکەی وەکوو بەلوچی، گێلەکی، مازنی، تاتی، تالشی، ئاسی و پشتۆییدا هەیە.

**ئیگۆر میخایلۆڤیچ دیاکۆنۆڤ**، مێژوونووسی ناوداری ڕووسی دەڵێ[3]: (زمانی میدی لە شەش ڕووەوە لەگەڵ زمانە کۆنەکانی دیکەی ئێریانا یان ئێرانزەمیندا بەراورد کراوە، زمانی میدی لە پێنج ڕووەوە وەک ئاڤێستایی بووە، لەگەڵ زمانی پارتی(پەهلەوی ئەشکانی) و سکیتی لە چوار ڕووەوە هاوبەشی هەبووە، لەگەڵ سوغدی و خوارەزمی لە سێ ڕووەوە، کەچی لەگەڵ زمانی پارسی کۆندا لە هەر شەش ڕووەوە جیاوازییان هەبووە). واتە زمانی پارسی کۆن ئەگەر وردە نزیکایەتیشی لەگەڵ ئاڤێستایی هەبووبێ، بەڵام بنەچەی ئاڤێستایی نییە و بۆ ئەو لکە زمانە ناگەڕێتەوە.

---

3 - أ. م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمە: کریم کشاورز، بنگاه ترجمە و نشر کتاب، تهران ١٣٤٥ خورشیدی، ص ٨٨ و ٨٩.

سـەبارەت بە جیـاوازی نێـوان زمـانی ئاڤێسـتایی و پارسـی باسـتان، مـحەمەد تەقـی ڕاشـد دەڵـێ[4]: (ئەوەی دەربـارەی زمـــانی ئاڤێســـتایی ئاشـــکرایە، ئەوەیە کە ئەو زمـــانە جیـــاوازی لەگەڵ زمـــانی فارســـی دێـــرین واتە زمـــانی نـــاوچەی فارســـدا هەیە و پەیوەنـــدی بەو ســـەرزەمینەوە نییە).

**لێـــرچ پیـــۆتر ئیڤـــانۆڤیچ** (١٨٢٧-١٨٨٤). شـــوێنەوارناس، ڕۆژهەلاتنـاس ڕاشـکاوانە دەڵـێ: بەڵگەنەویسـتە کە زمـانی کـوردی جیـاوازی لە گەڵ زمـانی فارسـیدا هەبـووە، چـونکە لە کۆنــدا تیــرە کوردەکــان بە جیــا لە تیرەکــانی دیــکەدا ژیـاون[5]. لە لایەکـی دیـکەوە ئەم ڕۆژهەلاتناسـە بە فۆنێتیـک و ڕێزمـــانی زمـــانی کـــوردی جیـــاوازی نێـــوان ئەو دوو زمـانەی سـەلماندووە و بەو بـاوەڕە گەیشـتووە کە زمـانی کوردی میراتگری زمانی ئاڤێستاییە.

هەر سـەبارەت بە زمـانی ئاڤێسـتایی، دەیڤیـد نـیەل مەکنـزی (David Neil MacKenzie) پرۆفیسـۆری ئینگلیـزی و تـــــوێژەر و پســـــپۆڕی زمـــــانە ئێرانییەکـــــان، کە ڕۆژهەلاتناسـێکی دیـاری ئوڕووپـایی بـوو، لە بەرهەمـی

---

[4] - محمد تقی راشد محصل، اوستا ستایش نامه راستی و پاکی، چاپ نیل، چاپ اول ١٣٨٢ شمسی. ص ١٧.

[5] - 7_ مقدمه ای بر کرد شناسی در اروپا/ یوسف ورونکی کردوت هران انتشارات آتیه.1379، ص١٠١

(Kurdish Dialect Studies) سەبارەت بە زاری هەورامی نووسیویەتی ئەم زارە لەسەر کرۆکی ئاڤێستایی ماوەتەوە و نزیکترینیانە.

تەنانەت سەبارەت بەو زمانەی کە ئێستا بە فارسی نوێ ناودێر کراوە، دیاکۆنۆف گوتوویەتی: [6](زمانی فارسی نوێ پاشماوەی زمانی پارسی دێرین نییە، لە سەدەکانی نۆیەم و دەیەمی زایینی لە هەرێمی ڕۆژهەڵات و لە ژێر کاریگەری ئەو زاراوانەی کە هەبوون، پەیدابووە؛ ڕەگەزە فراوانەکانی خۆی لە زمانی میدی و ئەشکانی وەرگرتووە - ئەشکانی هەر درێژە پێدەری زمانی میدییە- نووسەر).

هەرچەندە کە لێکدانەوەی زۆر بۆ وشەی ئاڤێستا کراوە، بەڵام لە نێو دەقی ئاڤێستادا ئەم وشەیە نادۆزینەوە، تەنیا لە یەسنای نۆیەمدا لە شوێنێکدا هاتووە: (پێویستە بزانن کە دەتوانن بە ئارەزووی خۆتان "نەسک" بخوێننەوە)، لەوێشدا مەبەست لە نەسک هەر پەڕتووکی ئاڤێستایە. بە هۆی ئەوەی لە دەقەکانی ئاڤێستادا وشەکە نەهاتووە، هەندێک پێیانوایە کە دواتر ئەو وشەیە داهێنراوە!!

ڕاستییەکەیشی ئاڤێستا لە شێوەی زەند ئاڤێستا لە لایەن 'ئەنکوتیل دیپێغۆن' (Anquetil-Duperron)ەوە

---

[6] - دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه: کریم کشاورز، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران ١٣٤٥ شمسی، ص٩٠.

گەیشتە ئەوروپا و بەم شێوەیە ناوبانگی دەرکرد، زۆر جار لە دەقەکانی سەردەمی ئیسلامیشدا بە ( بستاه، البستاه، ابستا، الابستا و الابستاق) بە شێواز و نووسینی جیاوازەوە باسی لێوە کراوە.

لە فەرهەنگی دێهخودا(دهخدا)ادا بەم شێوەیە هاتووە: (اوستا، بمعنی اساس، بنیاد، متن اصلی، پناه و یاوری) لێکدراوەتەوە، هەروەها هەندێک پێیانوایە کە ئاڤێستا لە وشەی 'ئاپستاواکا'وە هاتووە کە واتای ستایشی یەزدان دەگەیەنێ. هەندێک پێیانوایە کە وشەی ئاڤێستا لە ڕەگی ڤێد (زانین)ەوە دروستکراوە، هەروەها لە زمانی ئاڤێستاییدا 'ئا' ئامرازی ناساندن بووە، کاتێک وە پێش وشەیەک کەوتووە، ناساندوویەتی و ڕاوەستاوتری کردوە، دەکرێ بگوترێ کە هەمان ڕۆڵی (ال)ی عەرەبی و (The) ئینگلیزی گێڕاوە. 'ستا' واتای ڕاوەستان، دروستکار، پایەدار دەدات؛ بە کۆکردنەوەی ئا+ڤێد+ستا= ئاڤێدستا= ئاڤێستا دروست بووە، لەوانەیە ئاڤێستا واتای 'زانینی دروست-المعرفة الصحیحة' یان 'زانستی ڕاست - العلم الصحیح' بدات. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت ئەوە بگوترێت کە وشەی 'ڤێستی' واتای ئاگایی دەگەیەنێت. بە گریمانی زۆرەوە، وشەی ئاڤێستی بۆ ئاڤێستا گۆڕاوە و هاوواتای ئاگایینامەیە.

هەواڵنامەی کتێب

هەر لە زمانی ئاڤێستاییدا وشەی ڤێدوشا واتای زانستی باڵای داوە. دوور نییە کە ناوی ئاڤێستا سەرچاوەی لە 'ڤێدوشا'وە گرتبێت، کەچی ویلیاز جەکسۆن لە پەڕتووکی (Avesta Grammar And Reader)دا نووسیویەتی کە (ئاڤێستا و زەند- Avesta and -Zand) واتای: یاسا و شرۆڤە- The Law and -Commentary دەدات.

لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا بە ئاڤێستا گوتراوە ئەپستاک، ئاپستاک و ئاڤێستاک. هەڵبەت زۆربەی پیتی 'پ' ی پەهلەوی، لە نێو زمانی کوردی بۆ 'و' و 'ڤ' گۆڕاون. ئەگەر بەو لێکدانەوەیە بێ، دەکرێ بڵێین ئاوستاک و ئاڤستاک، بەڵام زۆربەی ئەو ناوانەی پەهلەوی ساسانی کە کۆتاییان بە 'ک' هاتووە، ئێستا لە کوردی 'ک' لادراوە. بۆیە ئێستا لە کوردی بە ئاڤێستا و ئاوێستا گۆ دەکرێت. لە لایەکی دیکەوە لە وڵاتی سوێد، شارۆچکەیەک بە ناوی ئاڤێستا (Avesta) هەیە؛ دەگوترێ کە ئاڤێستا واتای کۆکردنەوەی دەق دەگەیەنێت.

لە زمانی ئاڤێستاییدا ناو، پەسن و جێناو جۆراوجۆرن، (**تاک، دوانە و کۆ**)ن، هەروەها بۆ نێر، مێ و دوولایەن دابەش دەبن؛ ئەمە تا ئێستا لە نێو هۆرامی، کردکی، بادینی و کرمانجیدا ماوەتەوە.

دەقەکانی ئاڤێستایی زۆر زوو ئافرێندرابوون، بەڵام ئەوێ رۆژێ هێشتا هونەری خوێندنەوە و نووسین بە شێوەیەکی گونجاو پەرەی پێنەدرابوو. واتە لە سەردەمی زۆر دێرینەوە بە نەریتی تایبەت پشتاوپشت بۆ نەوەی دواتر دەگوازرانەوە. واتە بە زارەکی دەگوازرانەوە، موغەکان ئەزبەریان دەکرد و پشت بە پشت لە فەوتان دەیانپارست، بەڵام لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا، ئابێی ئاڤێستایی داهێنرا و هەوڵدرا کە جارێکی دیکە پەرتووکی ئاڤێستا و دەقە دینیەکانی دیکەی پێ بنووسرێتەوە. ئەو ئابێیە لە چل و هەشت هێما پێکهاتووە. پیتەکانی (ل، ڵ، ع)ی تێدا نییە، دەنا هەموو دەنگەکانی دیکەی زمانی کوردی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. سەرەتا بەشێک لە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدابوون کە ئابێی ئاڤێستایی تایبەت بۆ زمانی ئاڤێستایی چێکراوە و ئەو زمانەش ئێستا مردووە!! بۆیە لەگەڵ دەنگ و پیتی زمانەکانی دیکەی وەکوو کوردیدا نایەتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٢ز، گیۆرگ مۆرگێنشتێرنە( Georg Morgenstierne) ی ئەڵمانی ئەو بۆ چوون و باوەڕەی لە کن گەلالە بوو کە ئابێی ئاڤێستایی گونجانی تەواوی لەگەڵ پەیڤەکانی خۆیدا هەیە و بە تەواوی لەگەڵ ئەو زمانانە دێتەوە کە لە زمانی میدیدا ماونەتەوە. واتە لەگەڵ زمانی نەتەوەکانی ئێرانزەمیندا دێتەوە و گۆکردنەکەی تەواوە.

جیاوازی لە نێوان دەقەکانی ئاڤێستای دێرین و ئاڤێستای نوێدا هەیە. دەقەکانی ئاڤێستای دێرین گاهان (سروودەکانی زەردەشت) و حەفت هات (سروودەکانی کێش و سەروادار) کە لە بەشی یەسناکان لە پەڕتووکی ئاڤێستادا کۆکراونەتەوە، بەڵام ئاڤێستای نوێ لە دەقەکانی دیکەدا کۆکراونەتەوە. لە دەقەکانی ئاڤێستادا ئاماژە بە ڕووداوی مێژوویی نەکراوە، بۆیە ناتوانرێ زەمان و سەردەمێکی دیاریکراویان بۆ دیار بکرێ.

ئەو دەقانەی ئاڤێستا کە ئێستا لەبەردەستن، بەشێکیان لە زارەکییەوە وەرگیراون و لە سەردەمی ساسانیەکاندا، لە ٢٢٤ تا ٦٥١ی زایینی نووسراونەتەوە کە چواریەکی ئاڤێستای دێرین دەبێت. لەوانەیە بەهۆی ئەوەی دواتر بەرهەڤ کراوەتەوە و نووسراوەتەوە، هەڵە و کێماسی تێدا ڕوویدابێت و لە هەندێک بڕگەدا گۆڕینیشی بەسەردا هاتبێت.

بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، لە ئاکامی شەڕی نێوان یۆنانی و هەخامەنشیەکان، پەڕتووکی ئاڤێستای دێرین کە بە ئاوی زێڕ لە سەر پێست نووسرابوو، بە فەرمانی ئەسکەندەری مەکدۆنی دەفەوتێندرێت، بەڵام لە سەردەمی بەلاشی یەکەمی ئەشکانی و لە سەردەمی شاپووری یەکەمی ساسانیدا دووبارە هەوڵی کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئاڤێستا دراوە، سەرەنجام لە سەردەمی

شـــاپووری دووەمـــی ساســـانی (٣٠٩ تـــا ٣٧٩ی زایینـــی) دووبـــارە کـــۆکراوەتەوە و پـــارێزراوە. مخـــابن ئاڤێســـتای نوێش بەهۆی شەڕ و شالاوی عەرەبەوە دەسووتێ.

ســـەبارەت بە دیرۆکـــی ئاڤێســـتا، میهـــرداد مهـــرین لە پەڕتـــووکی (اشاوهیشـــتا) دەڵـــێ[7]: (بە تێکڕایـــی ئاڤێســـتا هەزار بەشـــی هەبـــوو، لە بیســـت و یەک نەســـکدا کـــۆ کرابـــۆوە. پەلینـــی دەڵـــێ زەردەشـــت دوو ملیـــۆن بەیتـــی هۆنیـــوەتەوە، ئاڤێســـتای هەخامەنشـــی ٨١٥ بەشـــی هەبـــوو، لە زەمـــانی ساســـانیدا تەنیـــا ٢٤٨ بەش کـــۆکرانەوە، ئێســـتا تەنـــانەت چـــاریەکی ئاڤێســـتایی ســـەردەمی ساســـانییش لەبەر دەستی ئێمەدا نییە).

پەڕتـــووکی دینکرت(دینکـــرد)[8] لە ســـەدەی نـــۆیەمی زایینیـــدا لە لایەن ئـــازەر فەرەنـــبەغ کـــوڕی فەروغـــزاد لە بەغـــداد نووســـراوە و بنەمـــای دینـــی زەردەشـــتی لێکـــداوەتەوە، بەڵام دەتوانین بەم شێوەیە دەقەکانی ئاڤێستایی دابەش بکەین:

1 - یەسنا (لەوانەش گاتاکان)
2 - ڤیسپرا (ڤیسپەرد)
3 - ڤیدێڤداد/ ڤێندیداد
4 - وردە ئاڤێستا (لەوانەش یەشتەکان).
5 - پارچە پارچەی بەشێک لە نەسکە ونبووەکان.

---

7 - مهرداد مهرین، اشاوهیشتا، سازمان انتشارات فروهر، چاپ چهارم ١٣٥٢ شمسی.

8 - هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٣.

# زێدی زمانی ئاڤێستایی

مشتومڕی زۆر سەبارەت بە زێدی زەردەشت و ئاڤێستا کراوە و بۆچوونی جیاواز هەیە، هەموو زمانزان و لێکۆڵەرانی ئێرانی جاران لەو باوەڕەدابوون کە زێدی ئاڤێستا ڕۆژهەلاتی ئێستای جوگرافیای ئێران بووە، لەوانەیە هەندێکیان بەس بۆ ئەوەیان بووبێ تا لە زمانی کوردی دوورتری بخەنەوە، بەڵام پرۆفیسۆر (پ. تێدێسکۆ P. Tedesco) لە ساڵی ١٩٢١ ڕامانی خۆی سەبارەت بە زێدی ئاڤێستا دیارکرد و ڕایگەیاند کە باکووری ڕۆژئاوای جوگرافیای ئێستای ئێران بووە، کە ئەمەش ڕێک لەگەڵ ڕاستی مێژوویيدا دێتەوە.

زمانی ئاڤێستایی کۆنترین زمانی نێوماڵباتی هیند و ئورووپاییە کە بە شێوەی نووسراو ماوەتەوە، بەڵام مخابن زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئورووپای چونکە شارەزاییان لەسەر جوگرافیای کوردستان نەبووە، هەم سەرچیغ ڕۆیشتوون و هەمیش خوێنەریان هەرەتە کردووە. زەردەشت کە باسی دەریاچە و شاخ و باغ دەکات، ڕێک لەگەڵ سروشتی هەرێمی ورمێدا دێتەوە. هەروەها کە ناوی ئۆرڤا دێنێ، کەسێکی وەکوو **کریستنسن** دەنووسێ کە ڕەنگە مەبەست لە ئۆرڤا = ناوچەی حازنی بێ!! (کریستنسن، op. cit.، ل f33.) خۆ ئەو نووسەرە دەیتوانی هەندێک خۆی ماندوو بکات

و بزانێ کە دەڤەری ئورڤێ(ورڤێ) زیاتر لە ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێ، ئەگەر وای بکردبایە، بێگومان هێندە بەربەیار هەنگاوی هەڵنەدەگرتەوە. هەروەها نووسەرێکی دیکەش کە باسی چیای 'کۆرێ کاژا' دەخوێنێتەوە، پێیوایە کە ئەمە دەکەوێتە هەرێمی سیستان، بەڵام ئەگەر شارەزایی لە جوگرافیای کوردستان هەبوایە، بیری بۆ ئەوە دەچوو کە بڵێ: لەوانەیە هەر مەبەست لە شاخی 'کوڕەکاژاو'ی نزیک شارباژێری باشووری کوردستان بێ یان مەبەست چیای کوڕەژاری دەڤەری شیلادزێ بێ. لە لایەکی دیکەوە تا ئێستاش گوندێک لە دەڤەری سەردەشت بەناوی کاژا ماوەتەوە کە دانیشتوانەکەی بە ئاوی ڕووبار دەغڵ و دان ڕەباس دەکەن و تووتن دەچێنن و کاتی خۆیشی بە جاجم چنین بەناوبانگ بووە. هەروەها کاتێک باس لە 'زامیاد یەشت' دەکرێ، دیسانەوە پێیانوایە کە ئەمە ناوی دەشتێک بووە لە هەرێمی سیستان!! لە ڕاستیدا زام (زەم) لە دینی زەردەشتیدا ناوی فریشتەی ڕازاندنەوە و زێرەڤانی زەوییە و لە ئاسمانەوە پاسەوانی دەکا واتە لە سەروو؛ هەروەها یاد(یات) پاشگرێکی زمانی ئاڤێستاییە، بەو شێوەیە زامیاد یەشت واتای دەشتی فریشتەی سەروو دەگەیەنێ. لەوانەیە مەبەست لە زامیاد یەشت هەر دەڤەری سەردەشت بووبێ. لە لایەکی دیکەوە لە زمانی ئاڤێستاییدا وشەی گەیری،

گەری، گاری، گارە بە واتای کێو، شاخ، چیا دێ، ئێستاش چیایێک لە دەڤەری بادینان بە ناوی 'گارە'وە هەیە، بە گریمانی زۆرەوە ناوی ئەو چیایە هەر لە بنەچەی وشە ئاڤێستاییەکەوە ماوەتەوە. هەروەها گوندێک بەناوی 'گارە' لە سنووری شاری خورەماوە(بە لوڕی: خۆرمووە)ی لوڕستان هەیە.

لە 'زامیاد یەشت'دا باس لە کێوی 'سپیت وەرنە' کراوە و واتای کێوی سپی، یان سپی کێو دەدات، ئێستا چەندین کێو بە ناوی کێوی سپی یان کۆهێ سفید لە ئێران و کوردستان و ئەفغانستاندا هەن، لە دەڤەری کرمانشادا کێوێک بەناوی سپی کێو هەیە و لە باشوورەوە نزیکەی دە کیلۆمەتر لە شارەکە دوورە و شوێنێکی بەناوبانگی پارێزگای کرمانشایە، بەرزترین لوتکەی سپی کێو ٢٨٠٥ مەتر بەرزە.

وەکوو دەزانرێ کە پێشتر لە نێو گەلانی ناوچەکەدا، 'ئاناهیتا' بە خواوەندی باران ناودێرکرابوو، بەڵام لە دینی زەردەشتیدا بە فریشتە و پاسەوانی ئاودێری ناسێنرا؛ لە ئاڤێستادا بەم شێوەیە پەسنی کراوە[9]:

(جوان، شکۆدار، خۆش ئەندام، ڕازاوە، پشتێنێکی لە ناوقەدیدا هەیە، پاپۆشەکانی تا پاژنەی پێی دادەپۆشن کە داوەکانی زێڕین، هەموویان ڕازاوەن، درەوشاوە و

---

[9] - دکتر ژاله آموزگار، تاریخ اساطیر ایران، تهران ١٣٧٤ هجری شمسی. ص ٢١

بالاپۆشــه، پەرژینـی زێـرین، قـۆڵی سـپی، ڕازاوە بە خشـڵی جــوان لەوانە جـــووتە گـــوارە و ملـــوانکەی زێـــڕین، گەردەنێکـی جـوان و پیـرۆز، تـاجی زێڕینـی هەشـت پەڕەی لەســـــەرە، بە گەوهەری وەک ئەســـــتێرەی درەوشـــــاوە، ڕازاوەیە؛ تیشـکی روونـاکی بە هەمـوو جـۆر و شـێوازێک، ڕازاوە بە ســـەت ئەســـتێرەی هەشـــت پـــارچە، بەشـــێوەی بـــازنەیی) هەڵـــبەت پەرســـتگەی ســـەرەکی ئاناهیتـــا لە پارێزگـای ورمـێ بـووە، واتە لە میـدیای بچـووک. هەروەهـا لە زەمـانی ئەشـکانیاندا پەرسـتەگەیەکی دیـکەی 'ئەناهیتـا' لە کەنگـاوەر دروسـت کـرا، هەڵکەوتـوو لە سـەر ڕێـی نێـوان تیســـپون و ئێکباتانـــدا، وەکـــوو دەگـــوترێ لە ســـەردەمی ساسـانیاندا نـۆژەن کـراوەتەوە. دەبـێ ئەوە لە بیـر نەکـرێ کە ئەم پەرستەگەیەش هەر لە ناو خاکی کوردستاندایە.

جێـی ئامـاژە پێکـردنە کە میشـایل ویتزێـل Michael Witzelی ئەڵمـــانی، زماننـــاس و مامۆســـتای زانکـــۆی هارڤـــاردی ئەمریکـــا، لە بـــابەتی ئارياييانـــدا ئەگەری ئەوە دەوروژێنـــێ کە لەوانەیە زمـــانی ئاڤێســـتایی لە خـــاکە دێرینەکـــانی سیســـتان، مێـــرڤ، هەرات و بەخـــتەردا بەکارهـــاتبێ، مخـــابن ئەو گریمـــان و ئەگەرە، لە لای هەنـدێک نووســـەر وەک ڕاســـتیی ســـەلمێنەر لێکـدرایەوە و بە نمـــوونەی بەڵـــگە پشـــتی پـــێ بەســـترا، لە کاتێکـدا بەس گریمـان بـوو و دواتـر دەرکەوتـووە کە مێـدیا زێـدی زمـانی ئاڤێستایی بووە و یەکسانە بە زمانی میدی.

پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو کە هەندێک لەو بیانیانەی کە شارەزایی پێویستیان لە جوگرافیای دەوڵەتی میدیادا نەبووە، ئیدی سەریان لێ شێواوە و قەدبڕ لێیان داوە و لە دەستنیشان کردنی زێدی زەردەشت هەڵەیان کردووە، بەڵام دیاکۆنۆف کە باسی بەراوردی نێوان زمانی ئاڤێستایی و زمانەکانی دیکە دەکات، دەڵێ کە وردە جیاوازی لەگەڵ میدیدا هەیە و لە کۆی شەش بواردا، لە پێنج بوارەوە لە میدی دەچێ، بەڵام لە چوار بوار لە سکیتی و ئەشکانی دەچێ. ڕاستییەکەی ئەم بەراوردە یەکلایی دەکاتەوە کە زمانی ئاڤێستایی لە نێو خاکی ئێستای کوردستاندا بووە، چونکە زمانەکانی سکیتی و پەهلەوی ئەشکانی لە دەڤەری خۆراسان و باکووری ئێستای ئێران بوون. وێڕای ئەوەشەوە، دیاکۆنۆف پێیوایە کە زەردەشت لە ڕاغەی لای تارانی ئێستا بووە؛ لەم بارەیەوە فازیل ئوسولیان لە لاپەڕە چل و سێی بەرگی دووەمی ناسنامەی زمانی کوردیدا ڕەخنە لە دیاکۆنۆف دەگرێ و دەنووسێ: {ئەو ڕاغەیەی کە لە ئاڤێستادا باسی لێوە کراوە، شوێنی نیشتەجێبوونی زەردەشت بووە، و لەوی فەرمانڕەوایەتی کردووە، ڕاغەی لای تاران نەبووە، بەڵکو ڕاغەیەکی دیکەیە کە بە "ڕاغەی-مادی" ناسراوە بووە کە بە شێوازی ئەو کاتە "ماد-ڕاغە"ی پێ وتراوە. هەر وەک دەزانین پیتی "د" لە کوردیدا ئەگەر لە پاش پیتی بزوێن و بەتایبەتی ئەگەر

لەپاش پیتی "ا" بێ، دەنگی "د" دەکەوێ و گۆ ناکرێ، وەک پاد= پا، شاد=شا، واد=وا، باد=با، ماد=ما. بۆیە وشەی ماد-ڕاغە ئێستا گۆڕدراوە بووە بە "ما-ڕاغە" و دواتر "مەراغە".... بەڵام وا دیارە کە دیاکۆنۆف 'ماد-ڕاغە'(مەراغە) ناناسێت}. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەهۆی ناشارەزایی خەڵکی بیانییەوە ئاڤێستا و زەردەشتیان بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە کورد هەرەتە کردووە کە بە ئاسانی نەناسرێتەوە.

ویڕای هەموو ئەوانەشەوە، هەموو مێژوونووس و زمانناسان دەزانن کە دینی زەردەشتی لە دەوڵەتی میدیادا وەکوو دینی فەرمی پەسندکرا و ناسێندرا، هەڵبەت مەڵبەندی سەرەکی و پێتەختی ئەو دەوڵەتەش ئێکباتان بووە کە لە نێو جەرگەی خاکی کوردستاندا هەڵکەوتووە، بۆیە هەموو ئەو ئەگەر و گریمانە ڕەت دەکرێتەوە کە زمانی ئاڤێستایی بە زمانی هەرێمی سیستان و بەلخ و هەرات و شوێنەکانی دیکە دەناسێنن و پێیانوایە کە لەوێ سەری هەڵداوە و بەرەو ئێکباتان هاتووە. ڕاستییەکەی زێدی زەردەشت هەرێمی ورمێ و زێدی زمانی ئاڤێستاییش میدیای بچووکە.

لە لایەکی دیکەوە، دیاکۆنۆف جەختی کردۆتەوە کە داڕشتنی کۆتایی یاسا و بنەماکانی ئاڤێستا لە ژێر چاودێری موغانی ئاترۆپاتن وەبەرهەم هاتووە. ئاترۆپاتن لە ژێر فەرمانڕەوایەتی پیاوانی ئایینی موغان بوو.

هەڵـبەت ئاترۆپـاتن لە نێـو میـدیای بچووکـدا بـووە. ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا بەڵگەیەکـی دیـکەیە کە کوردسـتان زێـدی زمـانی ئاڤێسـتایی بـووە. سـەرەنجام دیـاکۆنۆف ناچـار بـووە کە بنووسـێ[10]: (بەم شـێوەیە ناتوانرێـت ئاڤێسـتا لە سـەرچاوەی میـدیا لابـدرێ و دوور بخـرێتەوە). لە شـوێنێکی دیـکەدا دیـاکۆنۆف نووسـیویەتی[11]: (ئەفسـانە و بیـر و باوەڕەکـانی ئاڤێسـتا پەیوەنـدی بە زەمـانی دێرینتـر و پـێش هەخامەنشـیەکان–پارسـەکان-ەوە هەیە. بە شـێوەیەکی گشـتی ئاڤێسـتا لە ئیمپراتـۆریەتی هەخامەنشـی و پاشـاکانیان بـێ ئاگـایە). سـەرەنجام دیـاکۆنۆف بەو ئاکـامە دەگـات و دەنووسـێ[12]: (ئاڤێسـتا لە ڕووی مێـژووی فەرهەنگـی نەتەوەکـانی ئێرانـی زمـان و تـا ئەنـدازەیەک بـۆ نەتەوەکـانی دیـکەی ماد بە سـەرچاوەیەکی گرنگ دادەندرێ).

وێـڕای هەمـوو ئەوانەشـەوە، ئەگەر بە دوای زێـدی بنەمـاڵەی زمانەکـانی هینـد و ئوڕووپاییـدا بـڕۆین، لەسـەر ئەو ڕاسـتە ڕێـیە دەگیرسـێینەوە کە کوردسـتان لانـکەی مرۆڤـایەتی بـووە و کـۆچی بنەمـاڵەی زمانەکـانی هینـدی و ئوڕووپـایی لەوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە، لەم بـارەیەوە دکتـۆر منـۆچەهری ئاریـان پـور کاشـانی لە پێشـەکی

---

10 - أ.م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه: کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥ خورشیدی.

11 - هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٦.

12 - أ.م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه: کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ص ٧٣.

پەڕتووکی 'فرهنگ ریشەهای هند و اروپایی زبان فارسی'دا دەنووسێ: لە چەند دەیەی دواییدا، هەندێک لە زانایان (بەتایبەتی زانایانی ڕووسی T.GAMKRALIDZE و IVANO V. ) گریمانەی ئەوەیان کرد کە کوردستان و سەرزەمینی دەورەبەری، لانکەی خەڵکی هیند و ئوڕووپایین، چونکە لەو ناوچەیەدا نزیکەی دە هەزار ساڵ پێش زایین کشتوکاڵ و تەرشداری[13] سەری هەڵداوە، بەو هۆیەشەوە شارنشینی و زۆربوونی پەڕەی سەندووە، ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ کۆچ کردن، خەڵکی ئەو ناوچەیە هێدی هێدی بەرەو بەرزاییەکانی ئێران و باکووری هیندستان، لە لایەکی دیکەشەوە بەرەو ئاسیای بچووک، لەوێشەوە بەرەو ئوڕووپا کۆچیان کردوە.

بۆ وێنە، تەختی سلێمان (هەڵکەوتوو لە ٤٥ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری تەکاب لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) کە لە نووسراوەکانی زەمانی ساسانیدا بە شاری 'گەنجەک' تۆمارکراوە، زێدی ڕاستینی میدیەکان(ماد)ەکان بووە، هەندێک لەو باوەڕەدان کە زەردەشت لەم شوێنەدا لە دایک بووە و چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە[14]. دیمەنەکانی سروشتی گەنجەک ئەوەندە سەرنج ڕاکێشن کە مرۆڤ

---

13 ـئاژەڵداری، مەڕداری.

14 - ttps://www.kojaro.com/attraction/7193-takht-e-soleyman

هەواڵنامەی کتێب

بەلای خۆیانەوە کێش دەکەن، لەوانەیە ئەو پەسنەی زەردەشت کە باس لەدەریاچەیەکی تیشکاوێژ دەکات، هەر هەمان دەریاچەی گەنجەک بووبێ. ڕاستییەکەی دوای مادەکان، هەخامەنشی، ئەشکانی، ساسانی و مەغۆل تێیدا جێوار بوونە. لە زەمانی ساسانیاندا لەو شوێنەدا ئاتەشکەدەی ئازەرگەشئەسپ بنیاتنراوە، کە یەکێک لە سێ ئاتەشکەدە ناودارەکەی ساسانیان بووە. بەو هۆیەوە شارەکە فراوانبووە و پێشکەوتووە، چونکە ئەو ئاتەشکەدەیە شوێنی خواپەرستی پاشا و فەرمانڕەوا و سەردارانی ساسانی بووە، ئەمەش وایکردووە کە بایەخی زیاتری پێبدرێ. هەروەها زۆربەی پاشایانی ساسانی ڕێورەسمی لەسەرنانی تاجی پاشایەتیان لەو ئاتەشکەدەیەدا بەڕێوە بردووە. بەو هۆیەوە ئەوێ ڕۆژێ پیاوە گەورەکانی دینی زەردەشتی هاتوون و لەو شارەدا نیشتەجێ بوونە، واتە زۆربەی موغە مەزنەکان لەو شوێنەدا جێواربوونە. سەرچاوە مێژووییەکان جەخت دەکەنەوە کە بۆ ماوەی حەفت سەت ساڵ ئاگری ئەو ئاتەشکەدەیە ڕۆشن بووە و نەکوژاوەتەوە.

لەم تەختی سلێمانەدا دەریاچەیەکی ڕەنگین هەیە، هەروەها شوێنەواری سەردەمی میدیا، هەخامەنشی، ئەشکانی و ساسانی تێدایە. کاتێک یۆنانیەکان شکستیان بە پارسەکان هێنا و سەرکەوتن، ئەو شوێنەیان داگیرکرد و وێرانیان کرد، بەڵام لە زەمانی ساسانیدا

هەواڵنامەی کتێب

جارێکی دیکە بایەخی پێدرایەوە و ئاوەدان کرایەوە، ئاتەشکەدەی ئازەرگەشئەسپ نۆژەن کرایەوە و تالاری گەوری تێدا دروست کرا.

ئێستا گەنجەک (تەختی سلێمان) لە پێڕستی جیهانی یۆنسکۆدا تۆمار کراوە، چونکە شوورەی چواردەوری شارەکە، دەروازەی ساسانیان، پاشماوەی کۆشک و تەلاری ساسانیان و شوێنەواری ئاتەشکەدەی ئازەرگەشئەسپ لە لێواری دەریاچەی گەنجەکدا ماون. هەروەها کێوی بەڵقیس، کێوی زیندان و چەمەنی جولاو دەیمەنی دەگمەنن و سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشن.

وێرای ئەمانەشەوە، ئەفسانەی جۆراوجۆر سەبارەت بە شاری گەنجەک و دەریاچەکەی وئاتەشکەدەکەی دەگێڕدرێنەوە. لەو بارەیەوە دەگوترێ کە لە ساڵی ٣٦ی پێش زایین و لەسەردەمی ئەشکانیاندا، ئانتوان سەرداری ناوداری ڕۆمی (یۆنانی) بە مەبەستی داگیرکردن هێرشی کردۆتە سەر شارەکە، بەڵام موغەکانی شار بۆ ئەوەی گەنجینەی پەرستگەی شارەکە بە تالان نەبردرێ، هەمووی دە دەریاچە دەهاوێن، دواتر ڕۆمەکان دەشکێن و ناتوانن شارەکە داگیر بکەن[15]. لە گێڕانەوەی ئەو داستانەدا دەگوترێ کە گەنجەک شوێنی

---

15 - رقيه عينلو، تخت سليمان، معبد آناهيتا،
https://gardeshgari724.com/attractions

لە دایکبـــوونی زەردەشـــت بـــووە، بـــۆیە ڕۆمەکـــان شکســـتیان خواردووە و نەیانتوانیوە داگیری بکەن.
وێـــڕای ئەوەی کە ئاتەشـــکەدەی گەنـــجەک، ئاتورپاتەگـــان و پەرســـتگەی ئاناهیتـــای کەنگـــاوەر و ئازەربایجـــان لە نێـــو خـــاکی کوردســـتاندا بـــوون، دەبـــێ مەزەنـــدەی ئەوە بکرابـــوایە کە زێدی زەردەشت هەر هەمان هەرێم و ناوچە بووە.
لەم بـــارەیەوە ســـیاوش وستا(حەســـەن عەلـــی) دەنووســـێ: (زەردەشـــت لە زەمـــانی گوشتاســـب پاشـــا دەرکەوت، بـــاوکی خەڵکـــی ئاترۆپـــات/ ئازەربایجـــان) و دایکیشـــی خەڵکـــی ڕەی بـــوو، بـــاوکی نـــاوی پـــوور 'وەشســـەب' و نـــاوی 'دەغـــذو' بوو)[16].
پێشـــتر ئامـــاژە بەوە کرابـــوو کە زەردەشـــت بـــاس لە دەشـــتی ســـەر ســـەوز، دەریـــاچەیەکی تیشـــکاوێژ و بـــاغ و کێـــو دەکـــات، هەر هەموویـــان لە سروشـــتی مێـــدیا بە تـــایبەتیش لە ئازەربایجانـــدا کۆبـــوونەتەوە، بـــۆیە هـــیچ گومـــان نـــامێنێتەوە کە ئاتورپاتەگـــان زێـــدی لە دایـــک بـــوونی زەردەشت و زمانی ئاڤێستایی بووە.

16 -سیاوش وستا (حسن علی)، ئایینی وستا ئیرانی هەفت هەزار ساڵ پێشی هەتا مەدەن، لاپەڕە ٣٠ و ٣١.

له لایەکــی دیــکەوە هەمــوو ئەو پەســـن و وەســـپانەی کە لە ئاڤێســـتادا ســـەبارەت بە سروشـــتی نـــاوچەکە هـــاتوون، هەر هەموویـــان لە خـــاکی میـــدیادان، بـــۆ نمـــوونە کاتێـــک باســـی دایتـــی روتـــا/ ڤەهڤـــی دایتیـــا (ڕووبـــاری دایتـــی) دەکـــرێ، هەمـــان ڕووبـــاری تـــاتییە، کە ئێســـتا بە ســـپی ڕۆ (ڕووبـــاری ســـپی) دەناســـــرێ و درێـــژییەکەی ٧٥٠ کیلـــۆمەترە. ئەم ڕووبـــارە لە تێکەڵبـــوونی هەردوو ڕووبـــاری قـــزل ئـــۆزۆن و ڕووبـــاری شـــا (شـــاهرود) دروســـت دەبـــێ کە لە نزیـــک شـــــاری مەنجیـــــل تـــــێکەڵ دەبـــــنەوە. بە گـــــوێرەی شـــوێنەوارەکان، دەریـــاچەیەکی گەورە لە نزیـــک قەزویـــن هەبـــووە، کە ئێســـتا وشـــک بـــووە، هەربـــۆیە هەتـــا نـــووکە لە باشـــووری کوردســـتان بە دەریـــای خەزەر (کاســـپین) دەڵـــێن دەریای قەزوین. بەڵام ئەو دوانە لەیەکدی جیاوازن.



**دیمەنێکی دەریاچەی گەنجەک (تەختی سلێمان)**

مخابن ویڕای هەموو ئەوانەشەوە، هێشتا کەسانێک لە وێنەی ' دکتۆر حەسەن رەزائی باغ بیدی' هەن کە نکۆڵی لەوە دەکەن کە ئازەربایجان زێدی زەردەشت بووبێ، ئەوەتا لە پێشەکی چاپکردنەوەی 'دستور زبان و گزیدە متون اوستایی' کە لە نووسینی 'ویلیامز جاکسون'ە، نووسیویەتی[17]: (دیدگەی سونەتی کە زێدی ژیانی زەردەشتی بە ئازەربایجان دەزانی، ئیدی جێی پەسند نییە. بە گریمانی زۆرەوە، زێدی ژیانی زەردەشت یەکێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانی گەورە بووە!! تا ئێستا ناوچەکانی وەک بەلخ، سوغد، خوارەزم، خوارەزمی گەورە، هەتا سیستانیان وەک شانۆی چالاکی پەیامبەر زانیوە) بێگومان ئەو بەڕێزە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە زەردەشت و ئاڤێستا لە کورد دوور بخاتەوە، دەنا لە کام زەماندا بەلخ و خوارەزم وەک ڕۆژهەڵاتی ئێرانی گەورە ناسێندراون؟ کەی پێش رەزاشای پەهلەوی وڵاتێک بەناوی ئێران هەبووە؟

هەر ئەو نووسەرە، لە شوێنێکی دیکەدا نووسویەتی: (ناتوانرێ زمانی ئاڤێستایی بۆ هیچ نەتەوەیەکی ناسراوی ئێرانی بگێڕدرێتەوە)، ڕاستییەکەی دیسانەوە ئەو نووسەرە هەم هەڵەیەکی مێژوویی کردووە، هەمیش

---

[17] - ویلیامیز جکسون، دستور زبان وگزیده متوان اوستایی، با پیشگفتار فارسی دکتر حسن رضائی باغ بیدی، انتشارات اساطیر،چاپ سوم، ۱۳۹۳، ص ۱۰.

به مەبەســت ویســتوویەتی زمــانی ئاڤێســتایی لە کــورد هەرەت بکات و دووری بخاتەوە.
لە لایەکــی دیــکەوە، هەمــوو مێژوونووســانی ســەردەمی ئیســلامی، لە وێــنەی ئیــبن خوردادبــا، بەلازەڕی، ئیــبن فەقــیح، مەســعودی، حەمــزە ئەســفەهانی، ئیــبن یــاقوت، قەزوینــی و ئەبورەیحــان، ئازەربایجانیــان بە زێــدی زەردەشــت ناســیووە و و چــالاکییە ئایینیەکانیــان بە گــۆلی ورمێــوە گرێــداوە[18]، کەچــی وێــڕای هەمــوو ئەوانەشــەوە، تــازە کەســێکی وەک پرۆفیســۆر یوســف شــا یەعقوبــۆف دەنووســێ[19]: ( مــن ســەرم لەو ئاڤێستاناســانە ســووڕ مــاوە کە زێدی زەردەشــت بە میدیا دەزانــن و زمـانی گاتاکـان بـۆ شــێوەزاری ئاریــانی ڕۆژهەلات دەگەڕێــنەوە. چــۆن دەبــێ زەردەشــت لە ولاتــی میــدیا لەدایــک بــووبێ، لەوێ گەورە بــووبێ، زانیــاریی دەســتکەوتبێ و بانگەشــەی پێغەمــبەر کردبـــــــێ، بەلام لەبەر ئەوەی فەرمانڕەواکـــــانی ئەوێ ئایینەکەیــان پەســند نەکــردووە و گۆشــەگیرییان کــردووە، ئیــدی بەرەو ڕۆژئــاوا هەلاتــووە). ڕاســتییەکەی ئەگەر زمــانی گاتاکــان بــۆ شــێوەزاری ئاریــانی ڕۆژهەلات

18 - محمد معین. مزدیسنا و تاثیر آن در ادبیات پارسی . تهران، 1326 ص64.
19 - پروفیسور یوسف شاه یعقوب اف، زادگاه زردشت در کــجاســت؟
برگــردان: دکتــر صاحبنــظر مرادی - ٢٦ عقرب (آبان) ١٣٨٥.
https://www.khorasanzameen.net/php/read.php?id=215

بگەڕێـــتەوە، ئەوکـــاتە دەبـــێ زمـــانی ئاڤێســـتایی لە زمـــانی سـوغد و خـوارەزمی نێزکتـر بـوایە نەک لە زمـانی میـدی و ئەشکانی.

بەڵـگەی یەکجـار زۆر هەن و زێـدی زەردەشـت سەرڕاسـت دەکەنەوە و بە ئازەربایجـانی ئێسـتای دادەنـێن، هەروەهـا نووسـینەکانی نـاو ئاڤێسـتا خۆیـان گەواهـی ئەو ڕاسـتییە دەدەن، ئەوەتـا موجتەبـا شـاهمیری، نمـوونە دەهێنێـتەوە و دەنووسـێ[20]: (پیرۆزتـرین گیـانەوەر کە چەنـدین جـار لە ئاڤێسـتادا باسـی لێـوە کـراوە نـاوی '**بەسـرا**'یە(Baßra/Bassra) کە واتـــای ســـەگلاو 'ســـەگی ئـــاو'ی دەدات؛ ڕاسـتییەکەی ئەم گیـانەوەرە ئـاوییە هەرگیـز لە ئەفغانسـتان و ئاســیای ناوەڕاســتدا نەبــووە و نە دیتــراوە، بەڵام لە ڕۆژئـــاوای ئێـــران (کوردســـتان) پێشـــینەی زۆر دێرینـــی هەیە).

خـاڵێکی گرنگـی زمـانی ئاڤێسـتایی کە زۆربەی نووسـەران ئاماژەیـان پێـداوە، ئەوەیە کە دەنـگە بزوێنەکـانی کۆتـایی وشـەکان لەبـاریەک دەکشـێنەوە و درێـژ دەبـنەوە، ئەم ڕووخسـارە هەتـا ئێسـتاش لە زمـانی کوردیـدا خـۆی پاراسـتووە. لەبـاریەک کشـانەوەی پیتـی بزوێنـی کۆتـایی لە زمـــانی کـــوردی: (دەبـــڕۆ، دارا، ئێســـتا، وەرە ......). هەروەهـا وشـەی ئەهـورا (ئەی ئەهـورە!)ی ئاڤێسـتایی کە

---

[20] - مجتبی شهمیری، کارشناس ارشد تاریخ ایران باستان از دانشگاه تهران.

دواتـــر بـــووە بە ئەهـــورە. هەروەهـــا كـــردەی 'ئەهـــی-ehî-' ئاڤێســـــتایی لە زمـــــانی كـــوردی بە شـــــێوەی 'هەیە، هەی' مـــاوەتەوە، كەچـــی لە زمـــانی فارســـی بـــووە بە ئەســـت و هەست.

نووســــــەری نــــــاودار، عیمـــــادەدین دەوڵەتشـــــاهی لە پەرتووكەكـــانی 'چیاكـــانی نەناســـراوی ئاڤێســـتا' و 'ڕۆســـتەم و زۆراو بە زمـــــــانی ئاڤێســـــــــتا' بەســـــــــەرچاوەگرتنی 'یەشـــتەكان' ، شـــوێن و جـــێگەی كـــۆچبەری زەردەشـــت، بەم شـــێوەیە دیـــاری دەكـــات. یەكەم جـــار زەردەشـــت پەنـــا دەبـــاتە بەر زۆزانـــی ئەوشـــێدرینە، بەدرێژایـــی مێـــژوو ئەو وشـــەیە بە شـــــێوەی 'ئاویـــــدەر' و ' ئـــــاویەر' لە دەڤەری ســــــنە مـــاوەتەوە. پاشـــان لەوێـــوە بـــۆ چیـــای هـــۆگر دەڕوات، ئەو چیـــایە دوایـــی نـــاوەكەی بـــۆ هەژیـــر، هەجـــر و هەجیـــر دەگـــۆڕێ، ئێســـتا نـــاوچەكە بە دیـــنەوەر دەناســـرێ. لەو شـــوێنەدا بەشـــی دووەمـــی ســـروودەكانی گاتـــا بـــۆ زەردەشـــت داهــــۆنرا. كەی گوشتاســــپ، بە 'گەنگشـــــا' نــــاودەبرا، كۆشـــكەكەی خـــۆی لەســـەر شـــاخێك دروســـت كردبـــوو، دینـــی زەردەشـــتی پەســـند كـــرد و بـــوو بە گەورەتـــرین پشـــتیوانی زەردەشــــت و یــــارانی. ئەو شــــوێنە ئێســــتا لە شــــاری 'ســـەحنە'یە، ئەوێ ڕۆژێ بە شـــاهیندژ، ســـاییندژ، شـــاییندژ بەناوبانـــگ بـــوو. زەردەشـــت بـــۆ خـــۆی ئاتەشـــگە (ئـــاترنۆش، ئـــاگرنۆش، ئـــازەرنۆش)ێكی لە باكتەریـــا دروســـت كـــرد. ئەو شـــوێنە ئێســـتا لە دەڤەری دیـــنەوەری كرمانشـــا مـــاوەتەوە.

دواتـــر وشـــەی باکتەریـــا بـــۆ بـــاختەر گـــۆردرا[21]. لەلایەکـــی دیـــکەوە هەر ئەم نووســـەرە جەخـــت دەکـــاتەوە کە نـــاوی شـــاری پـــاوە لە ئاڤێســـتادا هـــاتووە نووســـراوە: 'زەردشـــت فرانســـۆ پـــوە( پـــاوە)' واتە زەردەشـــت بـــۆ لای پـــاوە ڕۆیشت[22].

وێـــڕای هەمـــوو ئەوانەشـــەوە، مامۆســـتا موجتەبـــا شـــەهمیری نـــاوی ئەو پێـــنج هەرێـــمە ســـەرەکییەی نووســـیوە کە لە ئاڤێســـتادا ئاماژەیـــان پێـــدراوە، ئەوانـــیش: [ ئاریـــانە ڤاجەهـــــ(ئازەربایجان)، نیسایە(ماهیدەشـــــت/ مێـــــدیا)، گاڤە(ئیســـــــــفەهان)، مۆورو(مرۆدەشـــــــــت) و بەختی(بەختیـــاری) ]، مامۆســـتا موجتەبـــا بەختـــی بـــۆ بەختیـــاری گەڕانـــدۆتەوە، بەڵام مـــن پێمـــوایە نـــاوچەی بـــوختی بـــاکووری کوردســـتانە، چـــونکە هەم زێـــدی بـــاپیرانی کـــورد بـــووە و هەمـــیش لە ئاترۆپات(ئازەربایجـــان)ەوە نزیک بووە.

لە کۆتـــایی ئەم بـــڕگەیەدا، بەو بۆچـــوونەی دیـــاکۆنۆف زێـــدی ئافرانـــدنی ئاڤێســـتا سەرڕاســـت دەبێـــتەوە کاتێـــک دەڵـــێ (زمـــانی میـــدی لە شـــەش ڕووەوە لەگەڵ زمـــانە کۆنەکـــانی دیـــکەی ئێرانزەمینـــدا بەراورد کـــراوە، زمـــانی میـــدی لە پێـــنج ڕووەوە وەک ئاڤێســـــــتایی بـــــــووە، لەگەڵ زمـــــــانی

---

[21] - عیمادەدین دەوڵەتشاهی، ڕۆستەم و زۆراو بە زمانی ئاڤێستا، ل٣٥ و ٣٦.

[22] - عماد الدین دولتشاهی، کوه های ناشناخته اوستا یا جغرافیای غرب ایران،تهران، ١٣٦٣.

پــــارتی(پەهلەوی ئەشـــکانی) و ســـکیتی لە چـــوار ڕووەوە هاوبەشــی هەبــووە، لەگەڵ ســوغدی و خــوارەزمی لە ســێ ڕووەوە، کەچـــی لەگەڵ زمـــانی پارســـی کۆنـــدا لە هەر شــەش ڕووەوە جیاوازییــان هەبــووە). واتە زێــدی ئاڤێســتا هەر زێد و نیشتمانی کوردان دەگرێتەوە.

# ئافراندن و نووسینی ئاڤێستا

زمانناس و دیرۆکناسان لەسەر ئەوە هاوڕان کە پەڕتووکی ئاڤێستا لەلایەن خودی زەردەشت پێغەمبەرەوە نووسراوە و دوو ملیۆن بەیتی لە خۆی گرتووە؛ بەڵام هەندێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە دینی زەردەشتی سروشتی لە دینەکانی پێشووتر، واتە دینی میترایی، گیومەرث و زورڤانی وەرگرتووە. زورڤانیان لەو باوەڕەدان کە زەمانی ڕەها دوانەیەکی وەبەرهێناوە، یەکیان ئۆزمەرد و ئەوی دیکەشیان ئەهریمەن بووە. ئۆزمەرد بە واتای هێزی خێر و چاکە، ئەهریمەن بە واتای هێزی شەڕ و ئاژاوەگێڕی. دەکرێ بگوترێ ئەهۆرامەزدا و ئەهریمەنی دینی زەردەشتی سەرچاوەی لە بیر و باوەڕی زورڤانیانەوە گرتووە.

لە لایەکی دیکەوە پێڕەوانی دینی زورڤانی پێیانوایە هەر دوو هێزەکە هاوسەنگن، هیچیان ڕەها نین و هەردووکیان ڕێژەیین، ئەگەر یەکێکیان نەمێنێ، ئەوەی دیکەشیان لە ناوەڕۆک و واتای خۆی دادەماڵێ؛ بۆیە بۆ هەمیشە ئەو دوو هێزە درێژە بە ناکۆکی و ململانێی نێوانیان دەدەن. ڕاستییەکەی بنچینەی بیردۆزی زەمان(کرۆنۆس) لە بیردۆزی زورڤانیاندا سەرچاوەی گرتووە و دوایی لە هزر و ئەندێشەی یۆنانیاندا لووتکەی باڵای گرتووە.

زورڤانیەکـــان دەڵـــێن: (پـــێش ئەوەی زەوی، ئاســـمان و بـــوونەوەر هەبـێ، تەنیـا زورڤـان هەبـوو، ئەویـش مـاوەی هەزار ســاڵ تێکۆشــا، بە هیــوا بــوو کــوڕێکی ببـێ و نـاوی 'ئـۆزمەرد'ی لـێ بنـێ، هەتـا ئـۆزمەردی کـوڕی ئاسـمان و زەوی و بوونەوەرەکـــان دروســـت بکـــات، ئەو بەردەوام لە نێـــو ئەو هـــزر و بیرکـــردنەوانەدا بـــوو، هەســـتی بە پەیــدابوونی ئــۆزمەرد و ئەهــریمەن لە نێــو زگــی خۆیــدا کـــرد)[23]. بەو هـــۆیەوە زۆرێـــک لە مێژوونووســـان لەو بـــاوەڕەدان کە هەمـــوو دینەکـــانی دیـــکە ســـەرچاوەیان لە دینـی 'زورڤـان'ەوە گرتـووە، بەڵام نـاو و ناسـنامەی جیایـان بـــۆ زورڤـــان دانـــاوە و ســـەربردەی جیاوازیـــان بـــۆ هۆنیـــوەتەوە و دینـــی زەردەشـــتیش بە شـــێوەیەکی بـــاڵاتر کۆکراوەی بیر و باوەڕی دینەکانی پێش خۆیەتی.

لە لایەکـــی دیـــکەوە، شـــرۆڤەکاران لەو بـــاوەڕەدان کە نزیکـایەتی زۆر لە نێـوان بەشـێک لە ئایەتەکـانی قورئـان و گاتاکـــانی زەردەشـــتدا هەیە، بەتـــایبەتیش لە باســـی ئافرانـــدنی مـــرۆڤ و چـــۆنێتی شـــۆڕکردنەوەی گیـــانی خواوەنـــدی بـــۆ نێـــو جەســـتەی مـــرۆڤ. لەم بـــارەیەوە سیاوەشـــی ئاوێســـتا نووســـیوویەتی[24]:(برخـــی از 'گاتاهـــای اوســتا' شــباهت همســانی عجیبــی به آیــات قــرآن دارد هــم در

---

[23] - سیاوش اوستا (حسن علی)، آئین اوستا ایران هفت هزار سال پیش تمدن. ل ۲۸.

[24] - هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٥.

معنـی هـم در محتـوا! در مـورد آفـرینیش انسـان و دمیـدن روح خداوندی در کالبت انسان(آیه ۲۹ از سوره ۱۵).

سـۆکۆلۆف[25] له لاپەڕه سـێزدەی پێشـەکی پەرتـووکەکەی خۆیـدا، سـەبارەت بە پێکهـاتەی ئاڤێسـتا جەخـت دەکـاتەوە کە ئاڤێسـتا بە شـێوەی ئێسـتای لە چەنـد بەشـێک پێکهـاتووە. **یەسـنا** بە واتـای پەرسـتن و قوربـانی دێ، یەک دەقـی پەروەسـتە(دوعا و پـاڕانەوە)ی زەردەشـتییە کە پڕاوپـڕە لە پەروەسـتەی پیـرۆز و ستایشـکردنی یەزدان، لەوانەیە دواتـر بە شـێوەی ئێسـتای ڕێکخـرا بـێ، بەڵام یەسـنا بەشـی دێرییننتریشـی هەیە، وەکـوو( **هـوم یەشـت**، ۱۱-۹؛ **گاهـان،** ۳٤-۱٥،۵۱-۲۸-٤۳، ۵۳) **هەپتـان هـایتی** (۳۵، ٤۱-٦،۳) کە بەشـێک لە گاهـان نیـیە، بەڵام بە هەمـان شـێواز نووسـراوە، **ویسـپەرد** کە لە بـواری پەرسـتندا، تەواوکەری یەسنایە.

**ڤیدێڤـداد** بە واتـای یاسـای دژە دێـو دێ، کۆمێـک پەروەسـتەیە کە لە ڕۆژگـاری دواتـر کـۆکراوەتەوە، بەڵام بەشـی ئێکجاردێرینیشـی هەیە. لە هەنـدێ کاتـدا تەنیـا ڤیدیڤـداد لە مەراسـیمەکاندا دەخـوێنرایەوە، هەنـدێکجار بەشەکانی یەسنا و ویسپەردیش دەخوێنرانەوە.

---

[25] - س.ن.سوکولوف، زبان اوستایی، ترجمه: دکتر رقیه بهزادی، تهران ۱۳۷۰.

**یەشتەکان**، کۆمەڵە سروودێکی تایبەت بە ستایشی یەزدان و فریشتەکانیەتی، لە چەندین بەش پێکهاتووە کە بە گوێرەی ڕەسەنایەتی و زادگەی دێرین ڕێکخراوە.
**وردە ئاڤێستا**، چکاوە و کورتکراوەی ئاڤێستای دێرینە، بۆ سوودی ڕۆژانەی گشتی زەردەشتیانە. ئەم کۆمە شێوازی دواندنی ڕوو بە ڕۆژ، مانگ، ئاو و ئاگرە.
ویلیامز جەکسۆن سەبارەت بە زمانی ئاڤێستای جەخت دەکاتەوە و دەنووسێ[26]: ئەو زمانەی کە ئاڤێستا پێی نووسراوە سەر بە لقی ئێرانی زمانی هیند و ئەڵمانییە. کە زمانی ئێرانی دێرین پێکدەهێنێ. هەروەها زمانی ئێرانیانی دواتر، واتە فارسی نوێ، کوردی، ئەفگانە(فارسی دەری)، ئۆسەتی(ئاسی)، بەلوچی و هەندێک شێوەزاری بچووکی مۆدێرنی دیکەی لێ کەوتۆتەوە.
مخابن ویلیامز جەکسۆن ئەوەی لە بیر چووە کە زمانی فارسی دێرین (پارسی باستان) سەر بە بنەماڵەی ئاڤێستایی نەبووە، فارسەکان کاتێک خزانە ناو زمانی ئاڤێستایی کە زمانی میدی (مادەکان)یان وەرگرت و پشتیان لە زمانی دێرینی خۆیان کرد.

[26] -A.V.WILLAMS JACKSON, AN AVESTA GRAMMAR IN COMPARISON WITH SANSKRIT, STUTTGART 1892.

# گرفت لە لێکدانەوەی دەقەکانی ئاڤێستایی

زۆر جـاران کە بـاس لە خوێنـدنەوە و شـرۆڤەی دەقەکـانی ئاڤێسـتایی دەکـرێ، ئامـاژە بە فـڵانە زمـانزانی ئـورۆپی و فیسـارە دیرۆکناسـی ڕووسـی دەکـرێ! وا پێشـان دەدرێ کە ئەوان هـیچ کێماسـییان نەبـووە و بە دروسـتی پێشـکەش بە ئێمەیـان کـردووە، بەڵام ئایـا هەر بەڕاسـتی، ئەوان بە دروسـتی ئەو دەقانەیـان بـۆ ئـێمە گواسـتۆتەوە؟ کاتێـک مـرۆڤ سـۆراغی ئەو دەقـانە دەکـات و بە دواداچوونیـان بـۆ دەکـات، هەڵوێسـتە دەکـات و گومـانی بـۆ دروسـت دەبـێ و نـاتوانێ سـەت لە سـەت پشـت بە بۆچـوون و لێکـدانەوەی ئەو زمـانزان و دیرۆکناسـانەی بیـانی ببەسـتێ، چـونکە هەنـدێکیان بـۆ وەرگێـڕان، لێکـدانەوە و شـرۆڤەکردن داوای هاوکاریـان لە کەسـانێک کـردووە کە زمـانی فارسـیان زانیـوە، ئەوانـیش هەمـوو هەوڵـی خۆیـان داوە کە سـەرچۆپی بـۆ لای سـەوەتەی نـانی ڕابکێشـنەوە؛ بەو هـۆیەوە ئەگەر لە وشـەیەک تێنەگەیشـتبن، بێـپەروا پردێکیـان بـۆ دروسـت کـردووە و ڕایەڵەی خزمایەتیـان بە وشـەیەکی فارسـییەوە گرێـداوەتەوە. لەم بـارەیەوە دکتـۆر موسـا جەوان نووسـیویەتی: (ڕاسـتییەکەی سـەیرە کە چارەنووسـی پەڕتـووکی زەردەشـت بە فارسـێکی ڕەگەزپەرسـتی نەناسـراو بسـپێردرێ تـا ئەو کەسـە بە بیـانۆی ڕاست کـردنەوەی دەقـی ئاڤێسـتا، کەم و زیـادی بـۆ

بکات و شتی دیکەی وەپاڵ بدات، تا بە ناوی زەردەشت بناسرێ. هەر کاتێک ئەو کارە جێی پەسند بووە، زانایانی ئورووپایی لە وێنەی شپیگل، گولدنێر و بۆرنێف زەحمەتییان بە خۆیان نەداوە و کاتی خۆیان بۆ دەقەکانی ئاڤێستا تەرخان نەدەکردووە). لێرەدا دکتۆر موسا جەوان بە ویژدانەوە لە ڕاستییەکانی ڕوانیوە و نیگەرانی خۆی لە تێکدان و شرۆڤەکاری چەوت دەربڕیوە. بۆ دڵنیابوون، بڕگەیەک لە نووسینەکەی ئەو بەڕێزە وەکوو خۆی بڵاو دەکەینەوە:

> واقعاً عجیب است سرنوشت کتاب زردشت بدست یك مرد متعصب ناشناخته پارسی سپرده شده است تا چنین شخص ببهانه تصحیح از عبارت متن اوستا کم و کسر و یا اضافه و الحاق کند تا بنام زردشت شناخته شود . هرگاه چنین عمل قابل قبول بود دانشمندان اروپائی امثال اشپیگل و گلدنر و بورنف اینهمه زحمت بخود راه نمیدادند و اوقات خود را در انتشار متون اوستا تضییع نمیکردند و هزینه چاپ را عهده دار نمیشدند و هر مترجم میتوانست خود با ذکر نام کاتب یا بدون ذکر نام کاتب بنویسد و بترجمه پردازد . چنین متون یقیناً بدلخواه کاتب گرفتار همه نوع تغییر و تبدیل میشد مانند تغییر و تبدیلی که در ترجمه های مرحوم پورداود رخ داده است و از هرگونه اعتبار عاری است .

لەلایەکی دیکەوە جێی پرسیارە کە بۆچی خەڵکی ئێمە هێندە متمانە بە زمانزانانی ئورووپایی دەکەن و

بۆچوونەکـــانی ئەوان بەهەنـــد وەردەگـــرن(لە کاتێکـــدا کە ئەوان زمـانی ئێسـتای کـوردی و فارسـی بە باشـی نـازانن و وەکـوو پێویسـت شـارەزاییان لە دابونەرێـت و فەرهەنگـی ئەو گەلانەدا نیـیە)، بەڵام بە چـاوی سـووک لە لێکـدانەوە و بۆچـوونی نووسـەرانی خۆمـان دەڕوانـن و پشـتیان پـێ نابەستن؟

مـن وام لێهـاتووە کە هەڵوەسـتە لە بۆچـوون و ڕامـانی زۆرێـک لەو ئورووپاییـانە بـکەم، چـونکە پێمـوایە کە هەنـدێکیان دەمیـان چەور کـراوە و هەنـدێکی دیکەشـیان لەژێـر کـاریگەری دەوڵەتـی ئێـران و بەرپرسـانی فارسـدا هەنگاویـان هەڵگرتـۆتەوە، ڕاسـتییەکانیان پلیقانـدۆتەوە و هەوڵیانـداوە کە زمـان و مێـژووی دێـرین بـۆ فارسـەکان بگێـڕنەوە و لە سـەر نـاوی ئەوانەوە تاپۆیـان بـکەن، بەو کارەشـیان هەم سـتەمیان لە نەتەوەکـانی دیـکە کـردووە و کارەکـانی خۆیـان وەژێـر پرسـیار نـاوە، هەمـیش ناپاکیـان لە پیشەکەی خۆیاندا کردووە.

ئەوەی جێـی خۆشـحاڵییە کە هەنـدێک مێژوونووسـی خـاوەن ویـژدان، لە وێـنەی هیـرۆدۆت و ویـل دۆرانـت ڕاسـتییەکانیان تۆمـار کـردووە و پێشـانی جیهانیـان داوە کە هەخامەنشیەکان(فارسـەکان) هـاتوونەتە سـەر خـوانی ئامـادەی زمـان، مێـژوو، هـونەری بەڕێـوەبردن و جلـک و بەرگـی خەڵکـی میـدیا. ئەگەر ئەو دیرۆکنووسـانە نەبووبـان، لەوانەیە ئـێمە نەمانـدەتوانی سـۆراغی زمـان و

مێـــژووی بـــاپیرانی خۆمـــان بکەیـــن، یـــان لەوانەیە هەر ڕۆشـنبیرانی خۆمـان قیـت دەبـوونەوە و بەرۆکیـان دەگـرتین و گەواهی نارەوایان بۆ دیتران دەدا.

دکتـــۆر چەنگیـــز مەولایـــی، مامۆســـتای زانکـــۆی تەورێـــز، ســـــەبارەت بە شـــــرۆڤەکانی ئاڤێســـــتا دەنووســـــێ[27]:

(لێکـــــۆڵینەوە ســـــەبارەت بە زمـــــانی ئاڤێســـــتا و ئەو بەرهەمـــــانەی کە مـــــاونەتەوە، وەک زانســـــتی ڕاســـــت لەبەرچـاو دەگیـرێن، وێـڕای ئەو کۆشـش و بـایەخەی کە لە مـــاوەی نـــۆهەت ســـاڵی ڕابـــردوودا، تـــۆژەر و لێکـــۆڵەران ئەنجامیـان داوە، کەچـی هەتـا ئێسـتا بە لـووتکەی مەبەسـت نەگەیشتووین و ڕێی دوور و درێژمان لە پێشدا ماوە)

واتە هەمـــــوان درک بەو ڕاســـــتییە دەکەن کە دەقەکـــــانی ئاڤێســـــتایی بە دروســـــت و ڕاســـــتی نەخوێنـــــدراونەتەوە و شـــرۆڤەی وردبینیـــان بـــۆ نەکـــراوە. بەو هـــۆیەوە ئەرکێکـــی دیـــکە لە ئەســـتۆ لێکـــۆڵەرانی کـــورد دەکەوێ، کە خۆیـــان مانـدوو بـکەن و دەقەکـانی ئاڤێسـتایی بە چـاکی بخـوێننەوە و خاوەنداریێتی لە زمانی دێرینی کوردیدا بکەن.

---

[27] - دکتر چنگیز مولایی، تاریخچه مطالعات اوستایی در ایران و ارزیابی کلی ترجمه‌های اوستا به زبان فارسی، https://www.academia.edu

# ئابێی ئاڤێستایی

کاتێـک بـاس لە پیـت و ئـابێی ئاڤێسـتایی دەکەیـن، دەبـێ بـۆ سـەرچاوە دێرینەکـان بگەڕێێـنەوە. هەڵـبەت لە زۆر شـوێندا ئامـــاژە بە ئـــابێی ئاڤێســـتایی دراوە. مەســـعودی لە پەڕتـووکی 'التنـبە والاشـراف'دا نووسـیویەتی [28]: (ژمـارەی ئەو پیتـانەی کە ئاڤێسـتایان پـێ نووسـراوە و زەردەشـت دایهێنـاون، شەسـت پیـت و دەنـگ بـوونە، هەر پیـت و دەنگێـک وێـنە و هێمـای تایبەتیـان هەبـووە). لە لایەکـی دیـکەوە حەمـزە ئەسـفەهانی و ئیـبن مـوقەفەع جەختیـان کـردۆتەوە کە نووسـینی دێـرین جۆراوجـۆر بـوون، حەفـت جـۆر بـوون، یەکێـک لەوان 'دیـن دەپیـرە' بـووە کە پەڕتـووکی دینـی خۆیـان پـێ نووسـیوەتەوە، ئەو ئـابێیە بە ئـابێی ئاڤێسـتایی ناسـراوە، کەچـی دەگـوترێ ئـابێییەکی دیکە هەبـووە و نـاوی 'ویـش دەپیـرە' بـووە، کە سـێ سـەت و شەسـت و پێـنج پیتـی هەبـووە، بەڵام وێـش دەپیـرە بـۆ نووسـینی پەڕتـووکی دینـی نەبـووە، بەڵام بە هـۆی ئەو ئـابێیەوە ئـێش و ئـازار، شوڕەشـوڕی ئـاو، دەنـگە بیسـراوەکانی گـوێ و ئاماژەکـانی چـاو، بـزە و غەمزەکانیان پێ تۆمار دەکرد.

[28] - هاشم رضی، خود آموز خط و زبان اوستایی، انتشارات فروهر، چاپ دوم، اسفند ١٣٧٣.


ڕاســـتییەکەی بـــۆ ئەوەی بتـــوانین وشـــەکانی ئاڤێســـتا بخـــوێنینەوە، دەبـــێ پیـــت و دەنگەکـــان بناســـین، بـــۆ ئەم مەبەســـتە خشـــتەی پیتەکـــان بەراورد دەکەیـــن، بەو هـــۆیەوە دەتـــوانین بە ئاســـانی وشـــە و ڕســـتەکان بخـــوێنینەوە، هەرچەنـــدە مـــرۆڤ بە ئاســـانی لە هەمـــوو پەیـــڤ و ڕســـتەکان تێناگـــات، بەڵام بێگومـــان هەنـــدێکیان بەهـــۆی ئەوەی لەنێـــو زمانی کوردیدا ماونەتەوە، زۆر بە ئاسانی دەناسرێنەوە.

زۆر جـــاران دەگـــوترێ کە دەنـــگ و پیتـــی ( ع ) لە ئاڤێســـتاییدا نەبـــووە، بـــۆیە دەبـــێ لە زمـــانی کـــوردی دەربهێنـــرێ و فـــڕێ بـــدرێ!! بەڵام ئەو کەســـانە بـــۆ تەنیـــا جـــارێکیش لە خۆیـــان نەپرســـیوە کە بـــۆچی پیتەکـــانی ( ڕ)، ( ل ) و ( ڵ ) نەبـــوونە و ئێســـتا هەن و زۆریـــش کـــاران و بـــاس لە لابردنیـــان نـــاکرێ؛ گومـــانی تێـــدا نیـــیە ئەگەر فـــڕێ بـــدرێن، کەلێنێکـــی گەورە لە زمـــانی کـــوردی دروســـت دەبـــێ، چـــونکە ئەو دەنگـــانە هەن. ڕاســـتییەکەی زمـــان بە گـــوێرەی قۆنـــاغ و ســـەردەم دەخەملـــێ و گەشـــە دەکـــات، لەوانەیە بە تێپەڕبـــوونی کـــات، هەنـــدێک دەنـــگ و پیـــت کـــاڵ ببـــنەوە و هەنـــدێک دەنگـــی دیـــکە لە دایـــک بـــبن و جـــێ بگـــرن. بـــۆ نمـــوونە لە ئاڤێســـتاییدا پیتـــی (ث و ذ) هەبـــوونە و زۆریـــش کـــاریگەر بـــوون، کەچـــی ئێســـتا  تەنیـــا پیتـــی 'ث' لە زارەکـــانی کوردیـــدا نەمـــاون، کەچـــی لە هۆرامیـــدا مـــاوەتەوە و هەناســـە دەدات.

| ئاڤێستایی | کوردی نوێ | ئاڤێستایی | کوردی نوێ |
|---|---|---|---|
| 𐬀 | ئه، ه | 𐬨 | م |
| 𐬁 | ئا، ا | 𐬥 | ن |
| 𐬠 | ب | 𐬧 | انگ |
| 𐬞 | پ | 𐬵 | هـ |
| 𐬙 | تـ | 𐬎 | و |
| 𐬝 | ت، کۆتایی | 𐬏 | وو |
| 𐬚 | ث | 𐬊 | ۆ |
| 𐬘 | ج | 𐬫 | یـ له دەستپێک |
| 𐬗 | چ | 𐬌 | یـ ی |
| 𐬒 | ح | 𐬪 | ێـ له دەستپێک |
| 𐬑 | خ | 𐬈 | ێـ ێ |
| 𐬛 | د | 𐬍 | یی |
| 𐬭 | ر | 𐬄 | ئانگ، انگ |
| 𐬰 | ز | 𐬢 | نگ |
| 𐬲 | ژ | 𐬂 | ئاو |
| 𐬯 | س | 𐬅 | ئان |
| 𐬴 | شـ دوای پیتی دەنگدار دێ | 𐬓 | خو |
| 𐬱 | شـ ش | 𐬋 | ۆو |
| 𐬟 | فـ | 𐬜 | ذ |
| 𐬡 | ڤـ | 𐬆 | ئو |
| 𐬖 | غ ، ق | 𐬇 | ئێ |
| 𐬐 | ک | 𐬉 | ئی |
| 𐬔 | گ | 𐬃 | ئۆ |

له دێڕەکـــانی پێشـــووتردا ئامـــاژە بە نەبـــوونی پیتـــی (ل) له ئـــابێی ئاڤێســـتاییدا کـــرا، بەڵام دواتـــر له پەهـــلەوی ساســـانیدا هێمـــای بـــۆ دانـــرا، که بەم شـــێوەیه بـــووە (  ) دەکـــرێ بگوترێ گۆڕانێکی بچووک بەسەر پیت (ر) هێنراوە.

جێـــــی ئامـــــاژەیه که له هەنـــدێک دەستنووســـــی دیـــــکەدا ژمـــارەیەک پیتـــی دیـــکه داهێنـــراون، بەتـــایبەتیش پیتـــی (ی)ی ســــەرەتای وشـــــە و جیـــاکردنەوەی پیتەکـــانی (غ) و (ق) له یەکتـــرییەوە، بـــۆیه باشـــتر وایه که لێـــرەدا پێشـــانیان بـــدەین، هەرچەنـــدە ئەوەی کـــۆدەنگی لەســـەرە، هەمـــان ئەو پیتـــانەیه که دینـــــدەبەرەی پێنووســــــراوە و پێشـــــتر ئاماژەمــــــان پێدابوون.




دەبـــێ ئەو ڕاســـتییەش ون نەکـــرێ که ئـــابێی ئاڤێســـتایی له ڕاســـتەوە بـــۆ چەپ دەنووســـرێ. دەکـــرێ پیتەکـــان بە جیـــا


بنووسرێن و دەشکرێ پێکەوە بلکێندرێن، بەڵام لە کاتی لکاندندا دەبێ بزانین کە پیتەکانی (ب، پ، ت، ف، ک، گ،غ، و، وو، ژ) بە پیتی دوای خۆیانەوە نالکێن. دیارە ئەم شێوازە بۆ نووسەر و خوێنەری کورد جێی نیگەرانیی و نامۆیی نیە، چونکە ئێستاش پیتەکانی (ا، د، ر، ڕ، ز، ژ، و، وو، ۆ، ە) بە پیتی دوای خۆیانەوە نالکێن و پشتی هیچ پیتێک ناگرن و ڕێبەرایەتی خۆیان ڕادەستی پیتی دیکە ناکەن.

ئێمەی کورد ئەگەر بمانەوێ ئابێی ئاڤێستایی نۆژەن بکەینەوە و سوودی لێوەر بگرین، کێشە و گرفتی ڕێنووس و دوو ئەلفابییمان لە کۆڵ دەبێتەوە.


هەندێک پێیانوایە کە ژمارەی پیتەکانی ئابێی ئاڤێستایی زۆرن و لە دەستپێکی فێربووندا کێشە و گرفت بۆ منداڵ دروست دەکات، بەڵام من پێموایە ئەگەر سی و هەشت پیتی ئاڤێستایی هەڵبژێرین و دەکاریان بکەین، نووسین و خوێندنەوەی کوردی بێ گرێ و گۆڵ دەبن، هیچ کێشە و گرفتێک بۆ خوێنەر دروست نەبێ.

دیارە لەبەرامبەر ئەو سی و چوار پیتەی کە ئەم بەرهەمەی پێنووسراوە، پیتەکانی ئاڤێستایی وەربگیرێن، هەروەها بۆ (ئی، ئێ، ئو، ئۆ) چوار پیتەکەی دیکەش وەربگرین، کە بە تێکڕایی دەبن بە سی و هەشت یان سی و نۆ پیت، ئیدی هەموو درز و کەلێنەکانی ڕێنووسی کوردی پڕ دەکەنەوە.

ئێســـتا کە پیتەکـــانی ئـــابێی ئاڤێســـتایی دەناســـین، دەکـــرێ وشە بنووسین و بخوێنینەوە.



ئەز
ئاگر
باران
پەری
تارا
تەشت
جوان
چامە
حەز
خێزان
دەست
کوردستان
زمان
ژماردن
سەگ
من کوردم
دهۆک
هەولێر
کەرکووک



سلێمانی
کۆیە
ڕواندوز
بازیان
گەرمیان
ڕاپەڕین
بیارە
شارستێن
خانەقین
مەهاباد
ئامەد
ورمێ
ماردین
دێرک
ڕۆژباش
سپاس
فەرموو
ڤیان
ئۆمەرمەندان

لە کۆتایی بڕگەی ئابێ(ئەلفوبێ)دا دەمەوێ بۆچوونی ناڕاستی هەندێک نووسەر لە قاو بدەم کە پێیانوایە ئابێی

ئاڤێســـــتایی لە ئــــابێی عیبـــری دێـــرین یــــان لە ئــــارامییەوە وەرگیـــــــراوە. ڕاســـــــتییەکەی لە بەراوردکردنـــــــدا هـــــیچ وێکچــــوون و هاوشــــێوەیی لە نێـــوان پیتەکــــانی ئــــابێی ئاڤێســـــــتایی و ئەو ئابێیــــــانەدا نیـــــیە. دەکـــــرێ بە وردی سەیریان بکەین:

| ئارامی | عیبری | کوردی | ئاڤێستایی |
|---|---|---|---|
| [illegible] | א | ا | [illegible] |
| [illegible] | ב | ب | [illegible] |
| [illegible] | ג | ج | [illegible] |
| [illegible] | ד | د | [illegible] |
| [illegible] | ה | ه | [illegible] |
| [illegible] | ו | و | [illegible] |
| [illegible] | ז | ز | [illegible] |
| [illegible] | ח | غ | [illegible] |
| [illegible] | ח | ح | [illegible] |
| [illegible] | ט | ط | [illegible] |
| [illegible] | י | ی | [illegible] |
| [illegible] | כך | ک | [illegible] |
| [illegible] | ל | ل | |
| [illegible] | מם | م | [illegible] |
| [illegible] | נן | ن | [illegible] |
| [illegible] | ס | س | [illegible] |
| [illegible] | ע | ع | |
| [illegible] | פף | ف | [illegible] |
| [illegible] | צץ | ص | |
| [illegible] | ק | ق | [illegible] |
| [illegible] | ר | ر | [illegible] |
| [illegible] | ש | س | [illegible] |
| [illegible] | ש | ش | [illegible] |
| [illegible] | ת | ت | [illegible] |
| [illegible] | ת | ث | [illegible] |

# بەراوردی هەندێک ڕستەی ئاڤێستایی

1 - **ئاڤێستایی:** ئەزیم (ئەزێم) مەزدایەسنۆ ئەهمی.

**کوردی:** ئەز مەزداپەرستم.

**فارسی:** من مەزداپەرست هەستەم.

2 - **ئاڤێستایی:** ئەهورۆ مەزدۆ بەغۆ ئەهمی.

**کوردی:** ئاهۆرا مەزدا خودایە.

فارسی: اهورامزدا خداست.

3 - **ئاڤێستایی:** ئەزم ئەهمی زەرەثوشترۆ، تووم جاماسپۆ ئەهی.

**کوردی:** من زەردەشتم و تۆ جاماسپی.

**فارسی:** من زرتشت هستم و تو جاماسپی

4 - **ئاڤێستایی:** ڤێم مەزدایەسنا مەهی.

**کوردی:** ئێمە مەزداپەرستین. (ئەم مەزداپەرستن).

**فارسی:** ما مزدا پرستان هستیم.

5 - **ئاڤێستایی:** ئەزم یۆ ئەهورۆ مەزدۆ، تۆم یۆ زەرەثوشترۆ.

**کوردی:** ئەز ئەهورا مەزدا، تۆ زەردەشت.

**فارسی:** من اهورامزدا هستم، تو زرتشت.

6 - **ئاڤێستایی**: تـــوم ئەهـــی ئەهـــۆرا مەزدا، یەزەتـــۆ مەزیشتۆ.

**کوردی**: تو ئەهۆرا مەزدا، یەزدانێ مەزنی.

**فارسی**: تو اهورامزدا، پروردگار بزرگ.

7 - **ئاڤێستایی**: یوژێم یۆی مەشیاکە.

**کوردی**: ئێوە کە مرۆڤن (هون کو مرۆڤن).

**فارسی**: شما که انسان هستید.

# ڕستەی ئاڤێستایی بە ڕێنووسی ئاڤێستایی

1 - ئەزم ئەهورۆ مەزداو داتە ئەهمی.



کوردی: ئەز ئەهۆرا مەزدای دادارم.

2 - دەییڤە. ئەپە. نەسی.



دێوەکە لە ناو بچی(نابوت بی).


3 - خوەریڤەنمانم پی بیریتەنم





لەو خواردنانەی بۆ ئەو بردراون.

4 - ئاخشتیم وەتیم یەرێ مێد



خۆشم لە ئاشتی دێ. (سۆرانی)

ئاشتی وەشیم وەرە می (هۆرامی)

# ناسینەوەی هەندێ وشەی ئاڤێستایی

گومـــان لەوەدا نیـــیە کە هـــیچ وشـــەیەک لە خـــۆڕا و بەبـــێ هۆکـــارێکی تـــایبەت دروســـت نـــابێ و هـــیچ وشـــەیەکەیش بەبـــێ چـاوگ و ڕەســـەنایەتی جیّـوار نـابێ. کەواتە هۆکارێـک لە پشـــت هەمـــوو ئەو پەیڤـانەوە هەن کە لە زمـانی کوردیـدا ئـافرێنراون یـان داڕێـژراون. بەو هـۆیەوە دەبـێ سـۆراغی بـنەچەی هەمـــوو ئەو وشـــانە بکەیـــن کە بێواتـــا خۆیـــان دەنـوێنن. ڕاسـتییەکەی هەنـدێک وشـەی ئاڤێسـتایی لە نێـو زمـــانی کوردیـــدا مـــاونەتەوە، بەڵام یـــان واتاکانیـــان ســـاغ نەکـراونەتەوە و بە شـاراوەیی مـاونەتەوە، یـان لێکـدانەوەی وردیان بۆ نەکراوە.

هەنـدێک وشـەی کـۆنی ئاڤێسـتایی وەکـوو نـاو مـاونەتەوە و کەســیش نـــازانێ واتایـــان چیـــیە و لە چیـــیەوە هـــاتوون. وەکوو:

**ئەدهەم**: ئێسـتا وەکـوو نـاوی پیـاوان لە نێـو زمـانی کوردیـدا جیّـوارە و واتــای **بێـدین** دەدا، کەچـی لە فارســیدا واتــای ڕەش و پێست ڕەش دەدا.

**ستی**: ئێسـتا وەکـوو نـاوی ژنـان لە نـاو جڤـاکی کوردیـدا جیّـــوارە کە واتـــای دروســـــتکراو(مەخلوق) دەدات و بە کەسی ئازاش وێنا دەکرێ.

**مەغدید**: دیداری نزیک(مەبەست لەو کەسانەیە کە لە یەزدانەوە نزیکن). هەروەها وشەی ' مەغە' واتای پاک و پیرۆز دەدا.
**وەرمی، وەرمێ**: خیزاو، زەنەک، شوێنێک کە ئاو و خیزی تێدا هەبێ. ناوی ورمێ لەمەوە وەرگیراوە. پێشتر هەندیک پێیانوایە کە وشەیەکی ئەرمەنییە، بەڵام هەڵەن.
**ساری**: سەرگەردان، ئاوارە.
**هەدا**: هەمیشە، هەرکات. ئەگەر کەسێک زوو زوو کار یان جێی خۆی بگۆڕێ، یان تۆتکە نەگرێ و زۆر هەڵسێ و دانیشێ، لە هەولێر دەگوترێ: ئەوە هەدای نییە، واتە کارەکەی هەمیشەیی نییە. تەنانەت لە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی کەسێک ڕاوەستێنن یان دایبنیشێن و لە شوێنێک جێگیر بکەن، دەڵێن: هەدادە. واتە جێگیربە.
**هەشی**: ناوی جۆرێک لە دەرد و ناخۆشییە، ئێستاش دەستە واژەی 'هەش'ت بەسەر لە نێو کورد بەکار دێ و کەسیش ناپرسێ، هەش چییە و لە چییەوە هاتووە؟
**کوثە، کوثی**: چۆن، چۆنی؛ هەتا ئێستاش لە هەولێر وشەی 'کو' لە جیاتی چۆن و وشەی 'کوی' لە جیاتی چۆنی بەکارن کە لە 'کوثە' و 'کوثی' ماونەتەوە.
**کودا**: کەنگی، کەی، چ کاتێک.
**سریش**: چەسپ. جاران بە تێکڕایی و ئێستا بە زۆری لە دەڤەری هەولێر، لە جیاتی وشەی چەسپ، وشەی سریش بەکاردەهات.

# زمانەکانی دیکە و سەیوانی زمانی ئاڤێستایی

ئەمە سەرڕاست کراوەتەوە کە زمانی ئاڤێستایی کۆنترین زمانی بنەماڵەی بەناو هیند و ئوروپاییە کە بە شێوەی نووسراو ماوەتەوە. هەروەها یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهان و مینای کانیاوێکی سازگار تێنوێتی ئەو ڕێبوارانەی شکاندوە کە ڕوویان تێکردووە، بەو هۆیەوە وشەگەلی ئاڤێستایی لەنێو چەندین زمانی دیکەدا دەدۆزرێنەوە، بێگومان پێشتر ئەو پەیڤانەیان وەرگرتووە، خۆشبەختانە دوای تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ، هەندێک لەو وشانە وەکوو خۆیان ماونەتەوە و هەندێکی دیکەشیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بە ئاسانی ناناسرێنەوە. لێرەدە دەمەوێ دەروازەیەک بۆ تۆژەر و لێکۆڵەران بکەمەوە، خوازیارم لە داهاتوودا کاری شێلگیرانە بکەن و هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو وشانە بدەن کە زمانەکانی دیکەی جیهان لە ئاڤێستایی وێندەیان کردووە. بۆیە من تەنیا وەک ئاماژە هەندێک وشە بە نموونە دەهێنمەوە، ئیدی کارەکە بۆ ئەو بەڕێزانە جێدەهێڵم کە لەم بوارەدا کار دەکەن، بەتایبەتیش مامۆستایانی زمان، ئەوانەی شارەزاییان لە زمانی نەتەوەکانی دیکەدا هەیە، هەروەها دڵسۆزانە و پەرۆشانە لە خەمی ساغکردنەوەی مێژووی زمانی دێرینی کوردن.

# زمانی ئینگلیزی و وشەی ئاڤێستایی

**پەتەر:** فەذەر Father

**ثـــری:** ســێ لەگەڵ (ثــری three) ئینگلیــزی یەک واتــا و یەک دەنگیان هەیە

**دارش، دارشـــیتە:** دلێــر، ئـــازا. لەوانەیە وشـــەی دار (dare) و دارلینــگ (daring)ی لەمەوە وەرگیرابــێ کە واتــای ئـــازا و بوێر دەدا.

**ســتا:** ڕاوەســتان. ئەم وشــەیە بە شــێوەی ســتاند (Stand) بە هەمــان واتــا بــۆ نــاو ئینگلیــزی ڕۆیشــتووە. هەروەهــا ســتای ئاڤێســتایی لەگەڵ ســتارت (Start)ی ئینگلیــزیش هاوواتە کە واتای دەستپێکردن دەدات.

**ستێر، ستار:** ئەستەر aster، ستار star

**ســەۆرە، ســەۆر:** شمشــێر، لە نێــو زمــانی ئینگلیــز بە ســۆرد (Sword) هەیە و هەمان واتای هەیە.

**فـــرە، فـــۆرە:** لە پــێش. لە ئینگلیـــزی وشـــەی فـــۆر (Fore) هەمان واتای هەیە.

**کەم** یـــان گەم: هـــاتن (لەوانەیە Come کەم و کـــۆم)ی ئینگلیزی لەگەڵ ئەم وشەیە هاوڕیشە بن.

**گێو:** گا، لە نێو زمانی ئینگلیزی بووە بە کاو (Cow).

**مەتەر:** مەذەر Mother

**هاو، هی:** هی He (ئەو بۆ پیاو)

**یـــاریێ**: ســـاڵ لەگەڵ وشـــەی (یێـــرYear)ی ئینگلیـــزی هاوواتایە و لە دەنگ و گۆکردنیشەوە لەیەک نزیکن.

**ئیســو(ئیڤو)**: ســـەهۆڵ. لە ئینگلیـــزی وشـــەی ئایســـی (Icy) هەمان واتای هەیە.

**ئیســی(ئیڤی**: ســـەهۆڵ. لە ئینگلیـــزی ئـــایس(Ice) هەمـــان واتای هەیە.

**ئەریـــمە، ئـــاریم**: بـــازوو. لەگەڵ وشـــەی ئـــارم (Arm)ی ئینگلیزی هاوواتەیە.

**ئەسۆ**: ئەوها، سۆ (so)

**ئەنە** و ئەن بـــۆ نەریێ کـــردن بەکـــار دێـــن. بـــۆ نمـــوونە: لە ئاڤێســـــــتایی **ئەنەڤیێـــــد**، نەزانـــــــراو، لە ئینگلیـــــزی unknown

**نۆیـــت، نەووت، نـــا**: نە، نـــا، نەخێـــر. وشـــەی نـــۆت(Not)و نـــۆ (No) لە ئینگلیزی هەمان واتایان هەیە.

**نەوەن**، نـــاوەن : نـــۆ. لە ئینگلیـــزی وشـــەی نـــاین (Nine) هەمان واتای هەیە.

**ئەنـــتەر**: لەنێـــو، لەنـــاو. وشـــەی ئینـــتەر(Inter)ی ئینگلیـــزی هەمان واتای هەیە.

**سـپای، سـپەش، سـپەس**: سـیخوڕ. وشـەی (Spy) سـپای لەنێـو زمانی ئینگلیزی هەمان واتای هەیە.

**ڤیریـــت**: لادان. وشـــەی (Veer) ڤیـــیێەر لە زمـــانی ئینگلیـــزی هەمان واتای هەیە.

# زمانی سوێدی و وشەی ئاڤێستایی

**ئـیس، ئیسـی**: بـوز، سـەهۆڵ، (ئـیس- Is) لە سـویدی هەمـان واتای هەیە و هاودەنگن.

**نـامەن**: نـاو، نـاڤ. لە سـودی وشـەی نـامن(Namn) هەمـان واتای هەیە.

**نــو**: هەنــووکە، نهــا، لەگەڵ وشـــەی (نــو- Nu) ســـوێدی هاوواتا و هاودەنگە.

**ڤییێــد**: زانـــین، لەگەڵ وشـــەی (ڤییێـــت- Vet)ی ســـوێدی هاوواتایە و لە دەنگیش زۆر نزیکن.

**زینــد** (زەنــد): گوناهــــ، گونـــاح، لە ســـوێدی بـــووە بە ســـیند(synd) کە هەر واتـــای گوناهـــ دەدا، بەڵام چـــونکە پیتـــی 'ز' دەســـتپێک بە 'س' دەخوێنـــدرێتەوە، بـــۆیە زینـــد بووە بە سیند.

**ســتێر، ســتار**: ســترێک، ئەســتێرە: ســوید ئەم وشــەیەی لە ئینگلیزی وەرگرتوە و بە ئەستێر بەکاری دەهێنێ.

**موســـکا**: مشـــک، ئێســـتا لە نێـــو زمـــانی ســـوێدی بە موس(Mus) جێوارە.

**نامــا**: نـاو، نـاڤ، ئێسـتا لە نێـو زمـانی سـوێدی بە نـامن (Namn) جێوارە.

**مێــت**: لەگەڵ. ئەم وشـــەیە لە ئاڤێســـتایی مێــت، مەت، میــت بووە، ئەم وشەیە بە(Med) لە زمانی سویدی هەیە.

**پـلات**: ڕاسـتایی، ئێسـتا وەکـوو خـۆی و بە هەمـان واتـا لە نێو زمانی سوێدیدا بە شێوەی (Platt) هەیە.

**خـوەینە**، خـوەینی: درەوشـاوە. ئەم وشـەیە لە زانـی سـوێدی بە شـێوەی (skiner) هەیە و بە (خـوینەر) گـۆ دەکـرێ و هەمان واتای هەیە.

**ڕێـپ**: ڕێـوێ، ڕۆڤـی، ڕۆڤ. لە سـوێدی بە ڕێـڤ(Räv) جێوارە.

**سـتووێ، سـتووی**: گەورە. لە سـوێدی بە سـتوور(Stor) هەیە و هەمـان واتـا دەدات. لە زمـانی پەهـلەوی بە سـتوورگ جێواربووە.

**سـەۆکە، سـوکە**: ئاهـ. لە سـوێدی وشـەی سـوک(Suck) هەمان واتای هەیە.

**زەنـدیگ، زنـدیگ**: گوناهکـار. لە سـوێدی وشـەی (syndig) هەمـان واتـای هەیە. بەهـۆی ئەوەی پیتـی 'ز' لە دەسـتپێکی وشـە لە سـوێدی دەبـێ بە 'س'، لەم وشـەیەش هەروا بووە.

**ڤەرگە، ڤـارگە**(Varga): گـورگ. ئەم وشـەیە ئێسـتا لە نێـو زمـانی سـوێدی بە شـێوەی (Varg) دەنووسـرێ و بە ڤاری دەخوێندرێتەوە و هاوواتای گورگە.

**ڤەن**: بردنەوە. لە سوێدی ڤان (Vann) هاوواتایە.

**ڤـێن**: دۆسـت. لە زمـانی سـوێدی وشـەی ڤـێن (Vän) هەمان واتای هەیە.

پاشـگری **'سته'** که ئێسـتا له زمـانی کـوردی بـووه به'تـرین'، وه‌کـوو خـۆی بـۆ نێـو زمـانی سـوێدی هـاتووه و ڕۆڵـی کارای به‌راوردکاری له په‌سنی 'ترین'دا ده‌گێڕێ. وه‌ک:

| | |
|---|---|
| گه‌رمترین | Varmaste, varmast |
| کورتترین | Kortaste |
| گه‌نجترین | Yngste ، Yngsta |
| پیرترین | Äldste ، Äldsta |
| بچووکترین | Minsta |
| جوانترین | Vackraste |
| ئازاترین | Modigaste |

پاشـــگری **ۆ**: ئه‌م پاشـــگره ڕۆڵێکـــی گرنگـــی له دروســـت کردنـی وشـه‌ی نوێـدا هه‌یه. بـۆ نمـوونه: نمـان واته خـانوو، مـاڵ، به‌ڵام کاتێـک ۆ وه‌ک پاشـگر ده‌چێـته سـه‌ری و ده‌بـێ به نمـانۆ، ئیـدی واتـای خـاوه‌ن مـاڵ ده‌دا. ئێسـتا ئه‌م پاشـگره له زمـانی کوردیـدا مـاوه‌ته‌وه و کـارایه. بـۆ نمـــوونه: جه‌رگ به واتـــای جـــگه‌ر، دڵ، به‌ڵام که 'ۆ' ی ده‌چێـته سـه‌ر و ده‌بـێ به جه‌رگـۆ، واتـای ئـازا و به‌جه‌رگ ده‌دا.

**هـورا**: هه‌ر بـژی، به‌خۆشـی بـێ، به شـادی. ئه‌م وشـه‌یه له زمـانی سـوێدی به شـێوه‌ی هـورا(Hurra) و به هه‌مـان واتـا جێـواره و بـۆ ڕۆژبـوونی مرۆڤه‌کـان سـوودی لێوه‌رده‌گرن.

# زمانی عەرەبی و زمانی ئاڤێستایی

**ئەدا**: نواندن، کردار، کردە، لە عەرەبی وشەی (اداء) هەمان واتای هەیە. دەستەواژەی (أَداء مُمَثِل) بە زۆری بەکاردێ و واتای نواندنی هونەرمەند دەدا.

**ئەدهەم**: بێدین، شەڕانگێز، ناڕاست؛ ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی عەرەبی و بە کەسێک دەگوترێ کە هەڵبکوتێتە سەر ماڵی دیتران، واتە کارێکی خراپ ئەنجام بدات. بەم شێوەیە وشەکە هاتووە: [أَدْهَمُ:اسم، أَدْهَمُ فاعل من دَهِمَ]

**بەختە**: بەخت. عەرەب ئەم وشەیەی وەرگرتووە و بەهەمان واتا سوودی لێوەردەگرێ. لە عەرەبیدا هاتووە:
بَخت) لفظ معرب، الجمع بُخُوت. لبَخْت : الحظ

**بلوور : وور )ب ر غوجر لورظالشوور ثورالخ وب.** ئەم وشەیە لە زمانی ئاڤێستایی 'بەڕووت' بووە، دوایی لە زمانی پەهلەوی ساسانی بووە بە بەلووت، عەرەب بە هەمان واتا وەریگرتووە. ئەوەی ئاشکرایە داری بەڕوو لە نیشتمانی عەرەبدا نییە.

**ثورە، ثوەر**: پەیکەر، وێنە، لەوانەی صورة/ی لەم وشەیە مابێتەوە.

**جەفـــرە، جـــوفرە:** چـــاڵی بـــازنەیی قـــوڵ. لە پەهـــلەوی بـــووە بە زوفـــــرە. عەرەب ئەم وشــــەیەی وەرگرتـــــووە و بە هەمــــان واتـــا ســـوودی لێـــوەردەگرێ. لە عەرەبیـــدا هـــاتووە: (**الجُفْرَ ُ: الجُفْرَ ُ البئر الواسعة التي لم تطو**)

**جەنـــــتەر، ئەنـــــتەر:** عەنـــــتەر، لە عەرەبیـــــدا وشــــەی عەنــــتەر بەواتـــــای ئـــــازا و پیـــــاوکوژ بەکـــــار دێ و لەگەڵ وشــــەی جەنـــتەری ئاڤێســـتایی هەمـــان واتـــای هەیە. **العَنْتَر**: الشجاع . **عنتر**: كان شجاعا في الحرب.

**چەریـــــمە، چەریمـــا:** شـــاردنەوەی تاوانێـــک کە ســـزای لەســـەر بـــێ. لە زمـــــانی عەرەبیـــــدا وشــــەی جەریــــمە هەیە و بەم شـــێوەیە پێناســـە دەکـــرێ: (**الجَرِيمَة**: الذنب والجمع أجرام وجرائم أي جنى جناية، عظمت كالجرح والسرقة والقتل. و **الجَرِيمَة**: الجناية والذنب وهما اجتنى ما يجب على فاعله العقاب. والجمع **جرائم**).

**چیثـــــا، جیثـــــا:** ســـــزا. ســــزایەک بەهـــــۆی شـــکاندنی یاســـــا، ڕێسا،گرێبەســـــت یـــــان بە هـــــۆی تـــــاوانێکەوە دەســـــەپێندرێ. ئەم وشـــــەیە چـــــۆتە نـــــاو زمـــــانی عەرەبـــــی و بـــــووە بە جەزا (جـــــزاء). لە زمــــــانی عەرەبــــی بەم شـــــێوەیە دەناســـــێندرێ: **جزاء:** كلمة تدل على ما يترتب على أفعال المرء من خير وشر والخير او المكافأة ثواب والشر عقاب .

**خــوذم**كــهءه وىكههاخزلي . َه مرويءهداوءها ووه ههو)ام (ايءه أ.
اَيهو(يام غطها مهخ أَعسج دءي هءه اَجهد وخحهو عه
ريءه ولي َهبَ د اَجود و)ا ه اك عَ رات].

**دەینـــا، دیـــنە:** دیـن لەوانەیە عەرەب ئەم وشـــەیەی لە ئاڤێســـتا وەرگرتبـێ یـان دواتـر لە سـریانی و عیبـری وەرگیرابـێ کە ئەوانیش لە ئاڤێستا وەریانگرتووە.

**ســـترە:** کەوای درێـــژ، چـــاکەتی درێـــژ. ئێســـتا ئەم وشـــەیە لەنێـــو زمـــانی عەرەبیـــدا بە شـــێوەی (ستر) مـــاوەتەوە کە هەمان واتای هەیە.

**غـــرە:** کۆتـــایی، ئەنەغـــرە: بێکۆتـــایی (لەوانەیە ئـــاخری عەرەبی لە غرەی ئاڤێستایی وەرگیرابێ)

**غێنـــا، غینـــا:** گـــۆرانی گـــوتن، ســـتران (لەوانەیە غەنـــاء و ئوغنیە)ی عەرەبی لەم وشەیە وەرگیرابێ.

**ڤەریـــد:** بێهاوتـــا، تەکـــانە. وشـــەی فەرید(فەریـــد)ی عەرەبـــی هەمـــان واتـــای هەیە و لە دەربڕینیشـــدا نـــزیکن و بەهـــۆی ئەوەی پیتـــی 'ڤ' لە زمـــانی عەرەبیـــدا نیـــیە و بـــۆ 'ف' گۆڕاوە.

**نەسک**: نووسراو، گومانی تێدانییە کە (نص)ی عەرەبی لەمەوە وەرگیراوە.

**نەفتا**: **نەفت**. ئەم وشەیە بە شێوەی (نفط) لە زمانی عەرەبی جێوارە. لە زمانی سۆمێری و ئەکەدی بە 'نەبتو' هەبووە.

**میا**: بە کۆکراوەی ئاو، هەروەها بە ئاوی زۆر گوتراوە میا، هەڵبەت لە زمانی عەرەبیشدا ماء=ئاو، میاه= کۆی ئاو. لە عەرەبیدا نووسراوە: ( اَهها اِيهي جِهخ دفلِهراڊِ َ. اَجمعميِاه وأمواه.)

**المهلكة**: **اسم مكان من هلك: مكان الهلاك**. پێدەچی ئەم وشەیە لە وشەی 'مەهەرەکە، مەهەرکە'ی ئاڤێستایی وەرگیرابێ کە واتای دەردەسەری، ناخۆشی دەدات؛ چونکە تەنیا پیتی 'ل' جێی پیتی 'ر'ی گرتۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە پیتی 'ل' لە زمانی ئاڤێستاییدا نەبووە.

**وسەخە، وسیخە**: پیس. لە نێو زمانی عەرەبی بە هەمان واتا جێوارە. **وَسَخ اسم(، الجمع: َ أوساخ.**

**وغرا، بوغرا**: له خۆبایی، بوغرا(هـ). هەروەها له زمانی عەرەبیدا )غج) فهه .يغهرورا وغهرا فهو غهار ، واَم ههو مغرور وغرِير. وەردوو وشکهیەک واتیهف ویه].

**یەس**: نائومێدی لەوانەیە یەئسی عەرەبی لەم وشەیەوە پەیدابووبێ.

**ئەیوە**: ئا، ئەوها، بەڵێ. ئێستا وشەی ئەیوە (أیوة) لە نێو زمانی عەرەبیدا بە هەمان واتا جێوارە، بەتایبەتی عەرەبی سوریە بە زۆری بەکاری دەهێنن.{أي وي ، ةةجةةر ةجةةةوا ةةةة لةج ةلةةةي ولةج لةمةةري ولةج لسعدي وقال :عفاي ولهج لسوداي نعَم وإيْ{

**خريطة**: نەخشە، هێڵکاری، دیزاین؛ ئەم وشەیە لە زمانی ئاڤێستایی خرەتو، خەریتو بووە، بێگومان وشەی خەریتە زۆر لە وشەی خەریتو نزیکە.

# زمانی ڕووسی و زمانی ئاڤێستایی

**تــوو**: تـۆ، تە، ئەتـوو. لە ڕووســی وشــەی 'تـی' هەمـان واتـای هەیە.

**دڤا**، دوا : دوو. لە ڕووسیش هەر دەگوترێ دڤا    Два

**دڤەرە**: دەر، دەرگە. لە ڕووسی دڤێرا ( Дверь )

**دەسە**: دە. لە ڕووسی دەگوترێ دەسێت         десять

**زیــم**: زەوی، زەمــین. ئەم وشــەیە لە  نێــو زمــانی ڕووســی بە زیملیا (Земля) هەیە.

**زیمــا**: زســتان، زمســان. ئەم وشــەیە لە ئاڤێســتایی، زیمــا، زەیـانە بـووە. کـت و مـت وشـەی زیمـا بە هەمـان واتـا لە نێو زمانی ڕووسی جێی خۆی کردۆتەوە.

**زەن، زنــاین**: زانــین، زانیــاری. ئەم وشــەیە لە ڕووســی بە شێوەی زنواینە (знания) هەیە و هەمان واتای هەیە.

**ســەتا**: ســەت، ســەد. لە ڕووســی دەگـوترێ ســتۆ сто

**مەشیە**: مرۆڤ، لە ڕووسی 'موشینە' هاوواتایە.

# نیشانەی نێر و مێ لە زمانی ئاڤێستاییدا

نـاو و پەسـن لە زمـانی ئاڤێسـتاییدا ڕەگەزی دەسـتووریان هەبـوو، واتە ڕەگەزی نێـر، یـا مـێ یـا دوولایەن بـوون. ئێسـتاش زۆربەی زمانەکـانی ئوڕووپـایی وەکـوو ئەڵمـانی، سـوێدی، فرەنسـی و ئیسـپانی ڕەگەزی دەسـتووریان هەیە. بـۆ نمـوونە: ئاسـمان، خـۆر، مانـگ، گـوڵ، بەرد، خـوا، فریشـە، نێـرن یـان مـێ یـان دوولایەنن. ڕاسـتییەکەی لە زمـانی ئاڤێسـتاییدا ڕەگەزی نێـر و مـێ لە یەکتـر جیـاواز بـوون، بە ئامرازێـک یـان بە بەکارهێنـانی مۆرفیمێـک دەناسـرانەوە. بـۆ نمـوونە: وشـەی هووەر(خـۆر) دوولایەن بوو. دەکرێ بەم شێوەیە پۆلینیان بکەین:

1 - **پیتەکانی** (ە) و ( ا)

- هەر وشـەیەک ئەگەر کۆتـایی بە (ە) هاتبـا، وەکـوو نێـر دەناسـرا، وەکـوو: پـوثرە(پس/ کـوڕ)؛ سورە(بەهێز)، دەئێڤە(دێو)
- هەر پەیڤێـک ئەگەر کۆتـایی بە (ا) هاتبـا، ئیـدی مـێ بوو، وەکوو : دەینا (دین)؛ سورا(بەهێز)

2 - **پیتەکانی** (ی) و( ێ)

- هەر وشـەیەک کۆتـایی بە (ی) هاتبـا، وەکـوو نێـر دەناسرا، وەکوو: گەیری(کێو).

- هەر پەیڤێـــک کۆتـــایی بە (ێ) هاتبـــا، بە مـــێ دەناسرا، وەکوو: ئەشەئۆنێ (ڕاستی).

3 - **پیتەکانی** (و) و ( **وو**)

- هەر وشــــەیەک کۆتـــایی بە (و) هاتبــــا، وەک ڕەگەزی نێر دەناسرا، وەکوو: مەینیو (گیان)
- هەر پەیڤێـــک کۆتـــایی بە (وو) هاتبـــا بە مـــێ دەناسرا، وەکوو: تەنوو (بەدەن/ تەن)

4 - **پیتەکانی** (**ای**) **و** (**او**)

- هەر وشـــەیەک کۆتـــایی بە (ای) هاتبـــا، بە ڕەگەزی مێ دەناسرا، وەکوو: ڕای (شکۆ)
- هەر پەیڤێـــک کۆتـــایی بە (او) هاتبـــا، دەتوانـــدرا بە نێر و مێ بناسێندرێ، وەکوو: گاو (گا)

بێگومـــان ڕەگەزی نێـــر و مـــێ لە زمـــانی فارســـیدا نیـــیە، هەروەهـــا لە زاری ســـۆرانیدا تـــاق و لـــۆق مـــاوەتەوە، بەڵام ناوەکـــــان لە ڕەگەزی زمانەوانیـــــدا لە زۆربەی زارەکـــــانی دیـــکەی زمـــانی کوردیـــدا نێـــر یـــا مـــێ یـــا دووڵایەنـــن. بـــۆ نمـــوونە: نـــاوی هەمـــوو ڕەنگەکان (ســـۆر، کەســـک، شـــین، زەرد، ڕەش، ســـپی، مـــۆر، هنـــد) نێـــرن؛ نـــاوی هەمـــوو کانزاکـــانی وەک (پـــۆڵا، ئاســـن، زێـــڕ، زیـــو،، هتـــد) نێـــرن؛ هەروەهـــا زۆربەی ئەنـــدامانی جەســـتەی مـــرۆڤ کە بە چـــاو دەبینـــدرێن وەکـــوو (ســـەر، چـــاو، پـــێ، زگ) نێرن[پـــۆز-لـــووت- لە بۆتـــانینێرە، بەڵام دفـــن-لـــووت- لە بـــادینی مێـــیە]؛

کەچـی وشـەکانی (مـاڵ، سـینەما، چایخـانە، کـارگە، هتـد) مـێن، زۆربەی هۆیەکـانی گواسـتنەوەی وەکـوو (ئۆتۆمۆبیـل، شـەمەندەفەر، لـۆری، فـڕۆکە) مـێن؛ هەروەهـا وشـەکانی وەکوو(سـاڵ، مانـگ، ڕۆژ، خـولەک، چـرکە) مـێن. لەم پێوەنـدەدا بەراوردی هەنـدێک ڕەگەزی نێـر و مـێ لە زمانی ئاڤێستایی و کوردیدا دەکەین:

وشـەی **'ئـاپ= ئـاو، ئـاڤ'** لە ئاڤێسـتاییدا مـێ بـووە، ئێسـتاش وشەی 'ئاڤ' لە کوردیدا هەر مێیە.

وشـەی **'خشـەپ= شـەو، شـەڤ'** لە ئاڤێسـتاییدا مـێ بـووە، ئێستاش وشەی 'شەڤ' لە زمانی کوردیدا هەر مێیە.

وشـەی **'سـەتا= سـەت، سـەد'** لە ئاڤێسـتاییدا مـێ بـووە، ئێستاش ژمارەی سەت(سەد) لە کوردیدا مێیە.

وشـەی **'گەری= کێـو، چیـا'** لە ئاڤێسـتایی نێـر بـووە، ئێسـتاش وشەی 'چیا' لە کوردیدا هەر نێرە.

ئێسـتا لە زمـانی کوردیـدا زۆربەی ئەو نـاو و پەسـنانەی کە کۆتاییـان بە پیتـی 'ۆ' دێ، نێـرن، دیـارە لە زمـانی ئیتالیشـدا هەمـان ڕێسـای هەیە. لەو بـارەیەوە جیهاندۆسـت سـەبزعەلیپور، ئەنـدامی دەسـتەی زانسـتی زانکـۆی ئـازادی ئیسـلامی لە یەکەی ڕەشـتدا دەنووسـێ[29]: (لە زمـانی ئیتالیـدا زۆربەی ئەو نـاو و پەسـنانەی کە کۆتاییـان بە

---

29 -جەاخدويەت يەبز عي ور ) ەو ويەدت عەەأ خشەەاا زاد ايەە ە مأ واحەد رشەتأ، ەطيز جەخد مخەە ە و ەر) ر درلەەوي ەا أ عەەا ، نـاخەاا ولعيشە ەا ايراخأ 2 ، رداد 1392.

پیتـــی 'ۆ' هـــاتووە نێـــرن، ئەمە لە کاتێکـــدایە کە زۆربەی ئەو ناو و پەسنانەی کە کۆتاییان بە پیتی ' ا ' هاتووە، مێن).
ڕاســتییەکەی نیشــانەی ڕەگەز بە بەکارهێنــانی مــۆرفیم یــان کردارێکـــــی تـــــایبەت ئەنجـــــام دەدرێ و بـــــۆ تـــــوخمە ڕێزمـانییەکە زیـاد دەکـرێ. جـا ئەوانە نـاو، پەسـن، کـردار یـــان جێنـــاو بـــن. لە زۆربەی شـــێوەزارەکانی کـــوردی ئەم مـۆرفیمە لە بزوێنێـک پێکـدێ. بـۆ نمـوونە ئێسـتا لە کردکـی (ۆ) بـۆ نێـر و (ا) بـۆ مـێ؛ لە هۆرامیـدا (ا) بـۆ نێـر و (ێ) بـۆ مـێ. هەروەهـا لە بـادینی و کرمانجیـدا، (ێ) بـۆ نێـر و (ا) بـــۆ مـــێ. تەنـــانەت بە شـــێوەیەکی ســـووکتر لە بنـــزاری هەولێریشدا ماوەتەوە.
بێگومـــان ئەم نێـــر و مێـــیە، بە شـــێوازێک لە شـــێوازەکان پاشـماوەی نێـر و مێـی زمـانی ئاڤێسـتاییە. چـونکە لە زمـانی ئاڤێســـتاییدا نێـــر بە 'ۆ' و نیشـــانەی مـــێ بە ' ا ' دیـــاری دەکرا. بۆ نموونە:
ماسیۆ (نێر)، ماسیا(مێ)
ئەم نێـــر و مێـــیە لە زمـــانی براکانـــدا بە تـــایبەتی لە تاتیـــدا ماوەتەوە. ئەگەر ئەم نموونانە وەربگرین:

1 - **کـــوردی**: نێـــرەکەرەکەی(کەرێ) مـــن چەمـــووش نییە.
**تاتی**: چەمەن خەر بەد سەر نی.
2 - **کوردی**: ماکەرەکەی (کەرا) من چەمووش نییە.
**تاتی**: چەمەن خەرا بەد سەرا نییا.

لێکـــۆڵەران مـــحەمەد راســـخ مـــوهەنەد و مەســـعود مـحەمەدی راد لە لێکـۆڵینەوەی (**بررسـي سلسـله مراتـب نشانداري در صرف اسم و ضمير در زبان هاي ايراني نـو شـمال غربـی) كه له زبانشـناخت، پژوهشـگاه علـوم انسـاني و مطالعـات فرهنگي، سـال ششـم، شـماره اول، بهار و تابسـتان1394 79 - 112**)دا نووسـیویانە: (لە پلەبەنـدیی ڕەگەزدا، ڕەگەزی بـێلایەن لەو زمـانە نوێیـانەی بـاکووری ڕۆژئـاوای ئێرانـدا، لەوانە تـاتی، هـۆرامی، زازاکـی و کرمـــــانجی، کە جیـــــاوازی ڕەگەزی ڕێزمانییـــــان لە بەکارهێنـانی نـاو و جێگـرەوەدا پاراسـتووە، بـۆ پیـاو و ژن کـــورت بـــووەتەوە .سێکســـی بـــێلایەن نەمـــاوە) لێـــرەدا ئەوانـیش سەرڕاسـتیان کـردۆتەوە کە نێـر و مـێ لە نێـو ئەو زاراوانەی کوردیدا ماونەتەوە[30].

[30] - هەرچەنـدە ئەوان ئەو زاراوانەی زمـانی کوردیـان بە زمـان نـاوبردووە، لەمەدا هەڵەیـان کـردووە، یـان بەمەبەسـت بەو شـێوەیان نووسـیوە، بەڵام لە شـوێنێکی دیـکەی لێکۆڵینەوەکەیانـدا ئاشـکرایان کـردووە کە زمـانی میـدی (مادی) باپیرەی ئەو زمانانەن کە بە زمانەکانی باکووری ئێران ناسراون.

# ئامرازی نەرێ لە زمانی ئاڤێستاییدا

ئـــامرازی نەرێ لە زمـــانی ئاڤێســـتاییدا **'ئە'** ، **'ئەن'** و **'ئەنە'** بـوون، ئێسـتا لە زمـانی کـوردی بـوون بە 'بـێ'، 'نە'. و 'نـا' بۆ نموونە:

**1 - ئە**

ئەزاتە (ئە+ زاتە): نەزاو، لە دایک نەبوو.

ئەکەرانە(ئە + کەرانە): بێ سنوور

ئەشاتە (ئە+ شاتە): نا شاد.

ئەدەهمە (ئە+ دەهمە) : بێخوا، بێباوەڕ، بێدین.

ئەپوثرە (ئە+ پوثرە): بێ منداڵ، منداڵی نییە.

ئەغرۆ (ئە+ غرۆ) : بێ هاوسەر. ڕەبەن.

ئەپیرینە (ئە+ پیرینە): ناتەواو.

ئەیـــدیو: مـــاڵی – ئـــاژەڵی دەســـتەمۆکراو- یـــدیو: کێـــوی – ئاژەڵی کێوی-

**2 - ئەن**

ئەنەغرە (ئەن + ئەغرە): بێ کۆتایی.

ئەناپە (ئەن+ ئاپە): بێئاو.

ئەنئاخشتی (ئەن+ ئاخشتی): نا ئاشتی، نا ئارام.

ئەنئـــــادروختە (ئەن+ ئـــــادروختە): نەخاپـــــاو (فریـــــو نەخواردوو).

ئەنئاپەریڤە (ئە+ ئاپەریڤە): قەرەبوو نەکراو.

3 - ئەنە

ئەنەمەرژدیکە (ئەنە+ مەرژدیکە): نا مرۆڤانە

ئەنەخوەریڤە (ئەنە+ خوەریپە): نەخواردن، ناشایستە.

ئەنەپیشوتە (ئەنە+پیشوتە): بێ ڕاوەستان.

ئەنەبداتە (ئەنە+ بداتە): ناکام (نا+کام).

ئەنەڕیتە (ئەنە+ڕیتە): نادروست. ناڕاست،

ئەنەشوڤەن (ئەنە+ شوڤەن): ناپاک

# جێگۆڕکێ و پێگۆڕکێی پیت

دوای وردبـــوونەوە و بەراوردکـــاری هەنـــدێک وشـــەی ئاڤێســتایی و کـــوردی، بۆمـــان ئاشـــکرا دەبـێ کە لە هەنـدێک وشـــەدا پیتـــی 'د' شـــوێنی پیتـــی 'ز' داگیرکـــردووە، واتە پێگـــۆڕکێی پیـــت دەبینـــدرێ. هەنـــدێک پێیـــانوایە کە ئەو گـــۆڕانە لە ژێـــر کـــاریگەری زمـــانی پارســـیدا بـــووە، واتە کاتێـــک پارســـەکان پشـــتیان لە زمـــانی خۆیـــان کـــرد و زمـــانی میـدییان وەرگـرت، ئیـدی هەنـدێک وشـەیان لەگەڵ خۆیانـدا هێنا و پێگۆڕکێشیان بەهەندێک پیت کرد. بۆ نموونە:

**پیتی 'ز 'ی سەرەتای هەندێک وشە**

**زەســـتە**: وشـــەیەکی ئاڤێســـتاییە، دواتـــر بـــووە بە دەســـتە و ئێستا بە دەست جێوارە.

**زرایەهــ، زرێهــ**: دوایـــی بـــووە بە زەریەنە و زەریـــا، هەروەهـــا ئێستاش بە دەریا و زەریا لە نێو زمانی کوردیدا جێوارە.

**زرە، زەرە**: دڵ، دل(ب)، زیـــــل(هۆ)، زری(ز)، هەروەهـــــا لە هەولیر بە **'در'** ماوەتەوە، پیتی 'ز' بۆ 'د' گۆڕاوە.

**زەفەن،** زفن: دفن (بادینی) هاوواتای لووت و کەپووە.

**زۆشـت**: دۆســـت. لەم وشـــەیەدا هەم پیتـــی 'د' جێـــی پیتـــی 'ز'ی گرتـــۆتەوە، هەمـــیش پیتـــی 'س' جێـــی پیتـــی 'ش'ی گرتـــۆتەوە، ئێســـتا لە نێـــو زمـــانی کـــوردی بە دۆســـت و لە نێـــو زمـــانی فارسی بە دوست ماوەتەوە.

**پیتی هـ لە دەستپێکی کۆمێک پەیڤ**

پیتگـۆڕکێ پیـت لە زمـانی ئاڤێسـتایی بـۆ ئێسـتا بەردەوام بـووە، ئەوەتـا پیتـی 'هــ'ی دەسـتپێکی زۆربەی وشـەی ئاڤێسـتایی بـۆ پیتـی 'خ' یـان 'ح' گـۆڕاون، واتە پیتـی 'خ' یان پیتی 'ح' شوێنی پیتی 'هـ' یان گرتۆتەوە. بۆ نموونە:

**هـوەر**: خـۆر. لە پەهـلەوی ساسـانیدا وشـەکە بـووە بە 'خوەر' و ئێستاش لە زمانی کوردیدا بووە بە خۆر.

**ڤۆهـونە**: خـون، خـوێن. لە پەهـلەوی ساسـانیدا وشـەکە بـووە بە **خـۆن، خـوون**، واتە ڤـۆ لاچـووە و پیتـی 'خ' جێـی پیتـی 'هـ'ی گرتۆتەوە.

**هـو**: بـاش، ئەم وشـەیە لە پەهـلەوی ساسـانیدا بـووە بە (هـووپ، خـوپ، خـوەپ)، ئێسـتا لە فارسـیدا بـووە بە **خـوب**، هەروەهـا لە لەهەنـدێک زاری کوردیـدا بە (خـو، خـوب) ماوەتەوە.

**هـوە**: خـوە، خـود. ئەم وشـەیە لە پەهـلەوی ساسـانیدا بـووە بە (خـوەش، خـوەت)، کەچـی ئێسـتا لە نێـو زمـانی کـوردی بە شێوەی(خوە) و (خۆ) و (خود) جێوارە.

**هەپـت، هەپتـان**: حەوت. حەفـت، هەفـت، ئەم وشـەیە لە پەهلەوی ساسانیدا بووە بە (هەفت).

**پیتی ڤ لە بەرایی هەندێک واژەدا.**

زۆرێـک لە پیتـی 'ڤ'ی سـەرەتای وشـەکانی ئاڤێسـتایی، ئێستا لە نێو زمانی کوردی بۆ پیتی 'ب' گۆڕاون.

ڤار، ڤاران: باران.

ڤاز: باز.

ڤەهار: بەهار.

ڤیستە: بیست

ڤەد : بەد.

ڤەرازا، ڤەراز: بەراز.

ڤەرێکە: بەلک، پەلک، گەڵا.

ڤەفرە: بەفر.

ڤەهیشتە: بەهەشت.

# هەندێک پاشگر

ا : ئەم پاشـــگرە لەگەڵ ڕەگـــی کـــار خـــۆی گـــریٰ دەدات و وشـــەی نـــویٰ دروســـت دەکـــات، وەکـــوو خـــۆی لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا مـــاوەتەوە، دەیـــان وشـــەی پـــیٰ چـــیٰ کـــراوە. وەکـــوو: زانا، کارا.

**ۆک:** ئەم پاشـــگرە وەکـــوو خـــۆی لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا مـــاوەتەوە و ڕۆڵـــی بچـــووککردنەوە دەبینـــیٰ. لە زمـــانی ئاڤێستاییشـــدا هەمـــان کـــاری کـــردووە، بە ئـــاتەرگە (ئاتەشکەدە)ی بچووک گوتراوە ئاتەرۆک.

**یتـــی:** ئەم پاشـــگرە بە شـــێوەی 'یەتـــی' مـــاوەتەوە. هەروەک لە وشـــەکانی (زانـــایەتی، ئـــازایەتی. کوێخـــایەتی، ئاغـــایەتی) دیارە.

**ینـــی:** ئەم پاشـــگرە لە زارەکـــانی کـــوردی، بەتـــایبەتی لە بادینیـــدا وەکـــوو خـــۆی مـــاوەتەوە، لە وشـــەکانی (کـــوردینی، زەنگینی، مەردینی، ڕاستینی، ... ) بەرچاوە.

**دان:** ئەم پاشـــــگرە ئێســـــتا زۆر باڵادەســـــتە، ئەوەتـــــا لە وشەکانی (ئاگردان، گوڵدان، ............)دا هەیە.

**ڤەن:** ئەم پاشـــگرە ئێســـتا لە نێـــو زمـــانی کـــوردی بە شـــێوەی 'ڤـــان' و 'وان' مـــاوەتەوە. لە زمـــانی ئاڤێســـتاییدا گـــوتراوە 'ئـــاثرەڤەن، ئـــاتروەن' واتە ئاگرەڤـــان، ئـــاگرەوان. ئێســـتاش

وشـــەکانی دلۆڤـان، زێرەڤـان و... بە هەمـان شـێوە دروسـت کراون.

**مەنت**: ئەم پاشـگرە ئێسـتا لە نێـو زمـانی کـوردی بە شـێوەی مەنـــد و وەنـــد مـــاوەتەوە؛ لە وشـــەکانی کارمەنـــد، هونەرمەنـــد، بەهرەمەنـــد و دەیـــان وشـــەی دیـــکەدا سوودمەندە.

**دوە**: ئەم پاشـگرە لەگەڵ ڕەگـی چـاوگ خـۆی گـرێ دەدات و وشـەی نـوێ دروسـت دەکـات، وەکـوو: پسـان، پسـانەوە؛ برژان، برژانەوە؛ کڕان، کڕانەوە.

**یـات**: ئەم پاشـگرەی زمـانی ئاڤێسـتایی، ئێسـتاش کـارایە و لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا جێـــوارە، وەکـــوو: بێریات(بێر+یـات)، ترشـیان(ترش+یات). مخـابن هەنـدێک زمـــانزان پێیـــانوایە تە 'یـــات' وەکـــوو ئـــامرازی کـــۆ لە عەرەبییەوە وەرگیراوە.

# ڕووخساری ئاڤێستایی دەپارێزرێ

وەک دەزانرێ کە بنزاری دەڤەری هەولێرێ، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتیش لە گۆکردنی پیتی 'ڵ' و هەندێکجار لە پیتەکانی 'ل' و 'ع'یشدا.

لە زمانی ئاڤێستاییدا پیتەکانی "ڕ، ع، ل، ڵ"بێبەهرە بوون و سوودیان لێوەرنەدەگیرا. دواتر لە سەردەمی پەهلەوی (ئەشکانی و ساسانی)دا پیتی 'ل' بەهرەمەند کراوە و سوودی لێوەرگیراوە. لە هەندێک برگەدا پیتی 'ع'یش دەکارکرا، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە پیتی 'ڵ' زۆر بە درەنگەوە هێنراوەتە نێو زمانی کوردی و لەهەندێک دەڤەردا سوودی لێوەرگیراوە، کەچی هەتا ئێستاش ئەم پیتە، زۆر بەدەگمەن لە زارکانی کرمانجی، بادینی و لە بنزاری هەولێرییاندا بەرچاو دەکەوێ، مەگەر نووسەر و ڕۆشنبیران سوودی لێوەربگرن، ئەوانیش لەژێر کاریگەری بنزاری سلێمانیدان، ڕاستییەکەی بنزاری سلێمانی لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان و لە دەستپێکی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی هونەر و نووسەرانی دەڤەرەکەوە گەشەی کرد و لەهەندێک بواردا خۆی نواند. تەنانەت ئەوەی ئاشکرایە کە بە شێوەی گشتی لە میرنشینی بابانیشدا پێڕەوی لە پیتی 'ڵ' نەکراوە، بە گەواهی کەسانی شارەزای وەک ڕەوانشاد دکتۆر کەمال فوئاد، تا بیستەکانی سەدەی ڕابردووش

پیتـــی 'ڵ' باڵادەســـت نەبـــووە. ســـەرباری هەمـــوو ئەوانەشـــەوە هـــۆنەر و نووســـەرانی بەتـــوانی وەک نـــالی، ســـالم، کـــوردی، مەحـــوی، گـــۆران، پیرەمێـــرد، جەمیـــل سـائیب، قـانع، بـێکەس و .... گیانیـان وەبەر جەسـتەی پیتـی 'ڵ' کردووە و ڕەنگرێژیان کردووە.

هەر وەک ئامـاژەی پێکـرا کە بنـزاری هەولێـر تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە و بەدەگمەنـیش دەسـت بـۆ پیتـی 'ڵ' دەبـا و لە هەنـدێک نـاوچەی هەولێـر تـا دەگـاتە موکریـان نـیمچە تـێکەڵاوی لە نێـوان پیتەکـانی 'ح' و 'ع'دا دەکـرێ. مخـابن ئەوانەی شـــارەزاییان لە مێـــژووی زمانـــدا نیـــیە، ئەمە بە کێماســـی دەبیـــنن و بە ســـووک لێـــی دەڕوانـــن، بەڵام ئەمە خـۆی لە خۆیـدا پاراسـتنی ڕووخسـاری زمـانی ئاڤێسـتاییە، ڕاســـتییەکەی دەڤەری موکریـــان لە نێـــو ســـنووری زێـــدی زمـــانی ئاڤێســـتاییدایە، بەڵام هەولێـــر تـــاڕادەیەک دوور بـــووە، کەچـــی باشـــتر ئەو ڕووخســـار و ئادگـــارەی زمـــانی ئاڤێستایی پاراستووە.

بەهـۆی ئەوەی کە زمـانی ئاڤێسـتایی زمـانی بـاپیرانی کـورد بـــووە و وشـــەگەلێکی ئاڤێســـتایی لە نێـــو زارکـــانی زمـــانی کوردیـدا بە زینـدوویی مـاونەتەوە، بەڵام لێـرەدا هەنـدێک وشە بە نموونە دەهێنینەوە.

**زر، زرد:** دڵ، لە هەولێـــر دەگـــوترێ: در [پیتـــی 'ز' لەژێـــر کـاریگەری زمـانی پارسـی دێرینـدا بـۆ 'د' گـۆڕاوە. کاتێـک پارسـەکان هـاتنە نێـو ئیمپراتـۆریەتی میـدیا وزمـانی میـدیان

سەرپشک کرد]. ئەوەتا لە زمانی میدیادا وشەی درد واتای دڵی داوە. واتە **زرد** بووە بە **درد** و ئێستا لە هەولێر بووە بە **در**.

**شەروار**: هەتا ئێستا ئەم وشەیە لە دەڤەری هەولێر وەک خۆی پارێزراوە، بەڵام لە هەندێک دەڤەری دیکە بۆ شەرواڵ و شەڵوار گۆڕاوە.

**کوو**: چۆن. زۆرجاران بەهۆی ئەم وشەیەوە بێڕێزی و سووکایەتی بە هەولێریان کراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم وشەیە لە 'کوڤە'ی ئاڤێستایی ماوەتەوە.

**بەغە، بەغدێ، بەغدان**: ئەم سێ وشەیە تەنیا لە دەڤەری هەولێر و موکریان وەکوو ناوی ژنان ماون، لە زۆر بەیت و گۆرانیشدا هێنراون. ئەوەتا دەگوترێ: { بەغدانێ دەڵێ: ئەستی قەلەندەرێ **سەرشینێ** بابان **وێرانێ** }

**مەغە، مەغدید**: جاران ئەم دوو وشەیە وەکوو ناوی پیاوان لە دەڤەری هەولێردا یەکجار زۆر بوون، ئێستاش تاک و تەرا ماونەتەوە کە واتای پاک و دیداری نزیک دەدەن.

**سەتا**: سەت { لە زۆربەی زار و بنزارکانی کوردی بۆ سەد و صەد گۆڕاوە، بەڵام لە هەولێر وەک خۆی ماوەتەوە}

**سار، سەر**: سار { لە زۆربەی زار و بزارکانی کوردی بۆ ساڵ، ساڵ گۆڕاوە، بەڵام لە هەولێر هەر بە سار ماوەتەوە}

**کێهـــان**: کـــامە. ئەم وشـــەیەی ئاڤێســـتایی کتومـــت وەکـــوو خۆی لە نێو بنزاری هەولێرییاندا ماوەتەوە.

لە هەمـــووی گرنگتـــر مـــانەوە و بەســـتنی شـــووتک یـــان پشـــتدێنە[31]، ئەویـــش یەکێـــک لە ســـیما دیارەکـــانی دینـــی زەردەشـــتی بـــووە، هەتـــا ئێســـتاش لە نـــاو کـــورددا دەپـــارێزرێ. پشـــتدێن پـــارچەیەک قوماشـــە، نێـــر و مـــێ لە دەورەی کەمەر دەیبەستن (ئێســـتا لە لای بەشـــێک لە کـــچ و ژنـــــانی ڕۆژهەڵات مـــــاوەتەوە). لە دینـــــی زەردەشـــــتیدا مەراسـیمی 'ئەیۆیانگەهەنە'یـان بـۆ منـداڵی پـازدە سـاڵی بـۆ بەڕێـوەدەبرد، ڕێســـتراوێکی خـــوری مەڕی ســـپیان دەهێنـــا کە پێـــی دەگـــوترا کۆســـێت، ســـێ جـــاران لە کەمەریـــان وەردەپێچـــا، واتە ســـــێ قـــــات لە کەمەر لـــــوول دەدرا. کۆسێت (کۆشـێت) چنراوێکـی سـپی و درێـژ بـوو، لە حەفتـا و دوو تـــارە بەنـــی مەڕی ســـپی و بە دەســـتی بـــاوەڕدارانی خواپەرســـت دروســـت دەکـــرا. حەفتـــا و دوو تـــارە بەن، واتـــای حەفتـــا و دوو بەشـــەکەی یەســـنای دەگەیانـــد، یەسناش گرنگترین بەشی ئاڤێستایە.

---

31 - 'پشـتوێن'، 'پشـتێن' و 'پژدێن'یشـی پـێ دەگـوترێ، بەڵام پشـتدێن ڕاسـتترە، چـونکە لە پشـت+دێن پێهـاتووە. دێـن و دیـن دوو پاشـگرن و لەگەڵ نـاوی شـتێک لێکـدەدرێ و ئەو شـوێنە وێنـا دەکـات کە شـتەکەی تێـدا دەبـێ. بـۆ نمـوونە: ناندین (نانـدێن)، کادین (کـادێن). لە ئاڤێسـتایی پێـی گوتراوە کۆستیدین (بەندی دین، بەنیدین) یان کۆشتیدین.

# فەرهەنگۆکی وشەگەلی ئاڤێستایی و کوردی

## ئـ

ئاپە، ئاپ: ئاو،

ئاتەر: ئاگر

ئاخشتی: ئاشتی، ئەنەخشتی: نائاشتی، نائارامی، دوژمنی

ئاخشتە: ئارام بەخش.

ئادا: دانەوە.

ئارەم: ئارام

ئازاتە: ئازاد، پەهلەوی: ئازات

ئازارە: ئازار

ئازو: ئازوقە

ئازیمە: ئەزموون

ئازیئاینە: زیان، کێماسی.

ئازەریتە: ئازاردراو، ئازار چەشتوو، ئازار پێ گەیشتوو.

ئازەن، زەن: زان، لە دایک بوون، زیادبوون

ئــاغرە، ئەغــرە: بەرزتــرین لــووتکەی شــاخ، لەوانەیە نــاوی ئاغری و ئاگری لەمەوە هاتبێ

یاڤۆ: جۆ، جەهـ. لە پەهلەوی: یەو، جەوێن

ئاڤیشا: ئاشکرا، لە پەهلەوی: ئاشکاراگ

ئاکەس: ئاگا، لە پەهلەوی: ئاکاس

ئاماتە: ئامادە، ئەناماتە: ئەنائامادە

ئاماتە، ئامات: ئاوات
ئاوەرینا: باوەڕ، ئیمان
ئایۆ، ئایەهـ: ئاسن، لە پەهلەوی: ئاسن
ئوشترە: وشتر، حوشتر، حیشتر. لە پەهلەوی: ئوشتر
ئۆجی: بەوەج
ئۆش: هۆش. لە پەهلەوی: هۆش، ئۆش
ئی، یی: ئی، ئەمە، ئەڤە.
ئیدها: ئیدەر، ئێرە. لە پەهلەوی: ئێدەر، ئێتار.
ئیری: خۆمانە. ئەنەئیری، بێگانە
ئیرینەوی: بەدەست ئینان، بەدەستهێنان
ئیشکەتە، یشکەتە: ئەشکەوت، ئەشکەفت.
ئێڤە: یەک، ئێک. لە پەهلەوی: ئێک، ئێڤەک
ئەپو، ئەپۆ: ئاپۆ (کەسێکی ڕێزداری خاوەن پێگە) ئەم وشەیە وەکوو خۆی لە نێو زمانی کوردیدا ماوەتەوە
ئەزاتە: نەزاوە. لە دایک نەبووە.
ئەخار: نەخواردوو
ئەدا: کردار، ئەدا (کار، هەتا ئێستا لە هەولێر دەگوترێ ئەوە چ ئەدایە؟ ئەدای خراپبوو).
ئەردە، ئەرتە: عەرد، ئەرد، هەرد، لە پەهلەوی: ئەرتە.
ئەرڤە: هەڵۆ، ئەلەهـ، لە پەهلەوی: ئالوهـ
ئەریغ: بۆنی یەکجار ناخۆش، لەوانەیە وشەی ڕیخ لەمەوە مابێتەوە.

ئەزدا: بەئاگــــا (مرۆڤــــی بەئاگــــا، لەوانەیە وشـــەی ئەزدی و ئێزدی لە ئەزدای ئاڤێستاییەوە هاتبێ)

ئەزرا: مەزرا

ئەزەری میە: ئازاری نییە.

ئەزەم، ئەزم: ئەز، من

ئەژی: ئەژدیها

ئەژیدەهاکە: ئەژدیها، لە پەهلەوی: ئەژدەهاک

ئەسایا، سایە: سێ، سێبەر، سا. لە پەهلەوی: سایەگ

ئەسپۆ: ئەسپسوار. سوارەی ئەسپ

ئەسپە: ئەسپ، هەست، لە پەهلەوی: ئەسپ

ئەستو، هەستو: هەستی

ئەســـتی، ئەســـتە: ئەســـتی، هێســـک، ئێســـک. لە پەهـــلەوی: ئەست، ئەستاگ

ئەســـرو: ئەســـرین، هێســـر، فرمێســـک. لە پەهـــلەوی ساســـانی بووە بە: (ئەرس، ئەشک)

ئەسمەن: ئاسمان، ئەزمەن

ئەسەنگە: سەنگ، بەرد، بەر. لە پەهلەوی: سەنگ

ئەشاتە: ناشاد.

ئەشتە، ئەشتەن: هەشت. لە پەهلەوی: هەشت

ئەشتەدەسەن: هەژدە.

ئەشتۆ: ناشتن، بە خاک سپاردن.

ئەشتیمە: هەشتەم، هەشتەمین.

ئەشکەری: ئاشکرا

ئەشـــە: ئـــارد لەوانەیە وشـــەی ئـــاش لە ئەشـــە هـــاتبێ کە واتای دانەی هاڕاو دەدا.
ئەڤە: ئەڤە، ئەمە
ئەڤە، هاو: ئەو. لە پەهلەوی: ئەڤێ
ئەنتەرۆ: هوندوڕ. لە پەهلەوی: ئەندەر، ئەندەرگ
ئەنگوستە: ئەنگوست، تل، پەنجە. لە پەهلەوی: ئەنگوست
**ئەنە: نە، پێشگرە و وشەکە هەڵدەگێڕێتەوە.**
**ئەنەشیتە: نشێنگە، شوێنی نیشتەجێبوون.**
ئەهمی، ئەهی: هەی، هەبوون. لە پەهلەوی: هەست
ئەهمەهـــ، مەهـــی: ئەم، ئـــێمە، ئەمە. لە پەهـــلەوی: ئەمـــا، ئەمەهـ. ئێما
ئەورە: هەور، ئەور، عەور، لە پەهلەوی: ئەور
ئەوەش: وەیش، بێژ (وەیشم، دبێژم)
ئەیپێ: ئەوها،
ئەیتی: ئیدی. پاش ئەوە.
ئەیریتا: ئەڕوا، دەڕوا
ئەیسمە، ئەیزمە: هیزمە، هێزمە
ئەیڤی خەرێثە (خوەرێە): ئاوی خواردنەوە
ئەیڤی، ئەپە، ئەپ: ئاو، ئاڤ
ئەیم، ئیمە: ئەمە(ئاماژە پێکردن)
ئەینیکە: ئەینە، ئەنیە (نێوچەوان)
ئەیـوە، ئەیـڤە: ئـاوا (بەم شـێوەیە) ئێسـتاش کـورد دەڵـێ: دەکاری ئاوا باش بکە.

ئۆجەنگە: جەنگاوەر، دلاوەر.

**ب**

با، بات: ب، لەگەڵ. لە پەهلەوی: ئەباگ، ئەپاک

بارێزیش: بالیف. لە پەهلەوێ: بالیش

بازو: بازوو. لە پەهلەوی ساسانی بووە بە: بازا

براتە: برا. لە پەهلەوی: برات

برتە: بردن

بریجە: برنج

بڕینە: بڕین. لە پەهلەوی: بڕین، بڕیتەن

برەڤەت: ئەبرۆ، برۆ، لە پەهلەوی: برۆگ، برۆک

بزازە: بریسکە، چریسکەی ئاگر.

بهەگە: بەهر، پشک. لە پەهلەوی: بەهر، بەهرەگ

بود، بەئۆتهی: بۆن، بێن. لە پەهلەوی: بۆغ

بونۆ، بونە: بن، بنەما. لە پەهلەوی: بون

بوو: بوو، بوون. لە پەهلەوی: بووتەن

بووزە: بزن. لە پەهلەوی: بوچ

بەختە: بەخت.

بەخش: بەخشین

بەر: بار. لە پەهلەوی: بار

بەریج: بەرز، بەرزکردنەوە.

بەرزیش: بالیف، بالش

بەریزا: بەرز، بڵند

بەریزاهو: بەرزایی، بڵندایی
بەرە: بەر(بەری میوە). لە پەهلەوی: بەر، بار
بەرەتـــی، بەرەتـــیس: بـــردن، بـــرن. لە پەهـــلەوی: بـــورتن، بوردن
بەرەز، بورز: بەرز. لە پەهلەوی: بورز
بەرەزە: بەڕێز. لە پەهلەوی: براز، برازیدەن
بەغە: بەخت، هوبەغە: خۆشبەخت
بەغە: بەگ. لە پەهلەوی: بەغ
بەن: بەن
بەندە: بەند، بەندک. لە پەهلەوی: بەند
بەنگ، بەنق: بریقە، بریقانەوە.
بەنگهە: بەنگ، بەنج
بەورە: بەور. لە پەهلەوی: بەڤرەک، بەورەک
بەیرینە: بورانەوە، بەربوونەوە، لە هۆش چوون.
بیـــریتەر: بـــاربەر، بـــارهەڵگر، بـــردەر، لە پەهـــلەوی ساســـانی بە بورتەر جێوار بووە.

## پ

پاشنە: پاژنە. لە پەهلەوی: پاشنەگ
پانستە، پێنستە: پێست
پاورڤە: پار. لە پەهلەوی: پار
پڕانە. پڕ. لە پەهلەوی: پوور

پرتو، پیریتو: پر، پرد

پڕنین: پەڕدار، باڵدار

پڕنە، پیرینە: پەڕ

پوویتیکە: پاک، پاکژ، پاقژ. لە پەهلەوی: پاک

پیریس، پرس: پرس، پرسیار

پەچ، پێچ: پێژ، نانپێژ (بادینانی)

پەرسوە، پێرێسوا، پەرێسوو، پێروسوو: پەراسوو. لە پەهلەوی وشکە بووە بە: پەهلوگ.

پەرینە: پەڕامووچە.

پەس: بەس

پەسکات: پشتەسەر، پشتی کاسەسەر.

پەهنە، پەتهانە: پان، پەهن، پەحن. لە پەهلەوی: پەهن

پەیتی ڕەئۆچە: پیرۆز. لە پەهلەوی: پیرۆچ

پەیتی: دووپات، دووبارە.

پەیتیش: پێش. لە پەهلەوی: پێش

پەیری، ڤەر: پێچانەوە.

پەیریزڤەریز: پارێزکردن، خۆ بە دوور گرتن.

پەیریکا: پەری

پەیسە: پیسی، نەخۆشی گولی.

## ت

تاریپ، تەریپ: تالآن، تاران(هەولێر).

تاکە: تاک، تەکانە. لە پەهلەوی: تاگ
توخمەن: تۆخم، تۆڤک، تۆ. لە پەهلەوی: تۆخم
تورونە: تەڕ. لە پەهلەوی: تەڕ
توم، تی: تۆ، تە، ئەتو
توو، تووم: تۆ، ئەتو، تە. لە پەهلەوی: تۆ
توە:ماڵی تۆ، هی تۆیە. [ هی توە- هەولێر]
تۆخمەن: تۆخم. تۆوی دانەوێڵە.
تیژی دانثەر: ددان تیژ
تیژی ژنوتە: نووکتیژ
تیژی سرڤە: شاخ تیژ، قۆچ تیژ
تیژی: تیژ
تیژین: تیژی
تیژینە: تیژی
تیغر" تیغ، زۆرتیژ، شتی نووکتیژ
تیغری: تیر، شتی نووک تیژ.
تیغرە: تیر، تیغ. لە پەهلەوی: تیر، تیغر
تە: ئەمەتە، ئەوەتە
تە: ئەم پیاوە، ئەڤ ژنە
تەثرە: تارەموو، تاڵەموو.
تەچ: دەڕژێ، تەچێ ( ئاوی لێ **دەچێ**)
تەچین: چوون، ڕۆیشتن.
تەچەت، تەچین: دەچیت، دەڕوا
تەرشتی: ترساندن، تیرۆر.

تەرشـــنە، تەریـــش: تینـــوو، ئەم وشـــەیە لە نێـــو زمـــانی فارســـیدا بە شـــێوەی تەشنێ(تشـــنە) و تەشنەگی(تشـــنگی) ماوەتەوە.

تەرشـو: دانەوێـڵە ئێسـتا وشـەی تەرشـداری هەیە، بەڵام بە هەڵە بە واتـای ئاژەڵـداری بەکـار دێ، دەبـوایە لە جیـاتی جووتیاری و کشتوکاڵ بە کار بهاتبایە.

تەڕۆ: تڕۆکراو، بێبایەخ.

تەریپ: تەریک، تەریو، دوورکردنەوە.

تەریس: ترس، ترسان

تەش: تراشین، دروستکردن

تەشتە: تەشت، مەنجەڵ

تەشـــو: تەپشـــوو شـــێوەی وەک شکرشـــکێنە ، بەڵام گەورەتـــرە و بـــۆ بژارکردنـــی بێســـتان ســـوودی لێوەردەگیرێ.

تەشە:تیشە(تیشەبەرد)

تەفتا: تا، بەرزبوونەوەی گەرمی لەش

تەفتە: تف توف. لە پەهلەوی: تافت. تافتەن(تفکردن)

تەم: تەم، تاریک

تەمەهـ: تەم، تار، تاریک. لە پەهلەوی: تار، تاریگ.

تەنگجیشتە: تەنگ. لە پەهلەوی: تەنگ

تەنو: تەن، ئەندام، جەستە، لە کوردی دەگوترێ: فیلەتەن

تەنورە: تەندور، تەنور، ئاگردان

تەنوو: تەن. لە پەهلەوی: تەن

تەنووکە: تەنک. لە پەهلەوی: تەنوک
تەورووونە: تووڵە. لە پەهلەوی: تۆرەگ،توروک
تەومان: توانا. لە پەهلەوی: توان
تەوەن: توانا
تەیژە، تیژە: تیژ
ثوە: بۆ تۆ، تۆ

## ج

جای، گاتو: جێ، جهـ. لە پەهلەوی: گیاگ، جەهگ
جیرە، ژیرە: ژیر
جەنتەر: عەنتەر (کەسێک بە بێباکانە خەڵک دەکوژێ)
جەینی: جن، جنۆکە
جەیە: جەژنی سەرکەوتن

## چ

چات: چاڵ، چال
چارا: چاوگ، سەرچاوە.
چارە: چارە. لە پەهلەوی: چارەک.
چڤەنت، چەیتی: چەند. لە پەهلەوی: چەند
چوەنت: چەند
چی: چی، چ
چی: چی، چ. لە پەهلەوی: چێ

چیۆ: کێ(بۆیه کورد به کێ و چێ) دەریدەبڕێ
چەترو: چوار، چار
چەخرۆ: چەرخ.
چەر، چەریتەن: چەران، چەراندن. له پەهلەوی: چەرەگ
چەرانه: لەوەڕگە، چەرگەهـــ، چێرگەهـــ، شـــوێنی چەرانـــدنی ئاژەڵ.
چەرما: چەرم. له پەهلەوی: چەرم
چەرمەن: چەرمی
چەریمه: چەرم
چەش، چێش: چێژ، چێژ وەرگرتن له خواردن
چەکوش: چەکوچ، چەکوش. له پەهلەوی: چەکوش
چەکـــۆ: دارلاســـتیک، لەوانەیه وشـــەی چەک لەســـەر ئەم وشەیه دروستکرابێ
چەگ: چەیک له ئینگلیزی هاوڕیشەن
چەنـــد وشـــەیەکە کە هەتـــا ئێســـتا وەکـــوو خۆیـــان یـــان به کەمێ دەستکاری له نێو زمانی کوردیدا ماونەتەوە:
چەنگره: چنگ، چەنگال(سمی ئاژەڵ)

## خ

خار: خواردن، خارن
خار: خواردن، خارن. له پەهلەوی: خواردن
ختە: قسەی کرد، قسەکردنی ڕابردوو.قسەی کراو.

خذە: قسە.

خرورە: غرور، لەخۆبایی، دڵڕەق

خرورە: غرور، لەخۆبایی، دڵڕەق

خشڤەش:شەش. لە پەهلەوی: شەش

خشنا: ئاشنا

خشـــەپ: شـــەو، شـــەڤ. لە پەهـــلەوی: شـــەپ، شـــەوێخ، شەواخ

خشەیەتی، خشەیۆ: پاشا، پاشاهـ. لە پەهلەوی: شاهـ

خڤەرێتە: خوردە . لە پەهلەوی: خورد

خواثرە: خۆشی، بەختەوەری.

خوانت: خوێندن، خاندن. لە پەهلەوی: خوەندن

خومبە: خم، خوم

خوە: خوە، خۆ، خود

خوەتۆ: خۆبەخۆ، لە خۆیەوە، لە خۆڕا.

خوەپنە: خەواڵوو.

خوەتۆ: خوە، خود. لە پەهلەوی: خوەت، خوەد

خوەر، هوورۆ: خۆر، خورشید. لە پەهلەوی: خوەر

خوەریثە: خۆراک

خوەستۆ: خواستن. لە پەهلەوی: خواستن

خوەستە: خۆش تام.

خوەسورە: خەزوور، خەسوو

خوەسورە: خەزوور، خەسوو

خوەشتا: خۆشتام.

خوەندرا: خوان. لە پەهلەوی: خوان

خەڤنە: خەوتووە، خەفتگە

## د

دا: دان، (دام، دات، دای؛ دامان، داتان دایان)

دا، داتە: دان، پێدان

دات، داڤە: داد، داوەری. لە پەهلەوی: دات، داد

داتەر: دادار

داڤە: داد، ئەداڤە: بێداد

دادەریسە: دیتن. لە پەهلەوی: دیتن، دیدەن

داغە: داغ. لە پەهلەوی: داغ

دانگرە، دەنگرە: دانا، ژیر.

دانۆ، دانە: دانە. لە پەهلەوی: دانەک، دانەگ

دانە: دانەوێڵە

داورو، درو: دار، درەخت. لە پەهلەوی: دار

دایتی: داویەتی. لە هەولێر دەگوترێ: دایتێ. {ئازاد پارەکەی **دایتێ**، کەچی هەر واز ناهێنێ}

دائەنۆ، دائێنو: دایەن. لە پەهلەوی: دایەک، دایەگ

درۆژ، درۆشە، درۆگە: درۆ، درەو. لە پەهلەوی: درۆچ، درۆ، درۆگ

دڕێتا: دڕاندن

درێتە: دەرد

دریگی: دەروێش

درەفشە: درێشە. نووکی ڕم.

دڤا: دوو

دڤە، دووە: دوانە

دوار: دەر. دەرکە، دەرگە. لە پەهلەوی: دەر، دەرن

دورە، دوورات: دوور . لە پەهلەوی: دوور

دوژدا: دژوار، سەخت.

دوش: دژ. لە پەهلەوی: دوش

دوشمەنە: دوژمن. لە پەهلەوی: دوشمن

دوگەدەر: دۆتێ، دۆت، کچ. لە پەهلەوی: دوخت، دوختەر

دومە: دوم(ب)، کلک

دونمەن: دومەن. دومان، تەمومژ

دووەر: هەوار، هۆبە.

دوە، دڤە: دوو، دۆ(ب)

دوەر: هوەر، هۆر، هۆڵ

دوەرە: دەر، دەرگە

دۆیثرە: دیدە، چاو

دی: دیتن

دیریزە: زریزە

دەریس: فێرکردن، وانەپێدان. دەرس.

دەریسەڤە: وانە گوتنەوە، شرۆڤەکردن.

دیمانە: دیوان، کۆشکی گەورە

دێتی: دیتن، بینین.

دێمی: دیمەن.

دە: ئەمە، ئەوە

دەب: دەرب، فریودان، فێڵ لێکردن. لە بنزاری هەولێرییان وشەی 'دەرب' بە هەمان شێوە بە واتای فێڵ لێردن و فریودان دێ و لەم وشەیەدا ماوەتەوە. مخابن هەندێک پێیانوایە کە لە وشەی 'ضرب'ی عەرەبیدا وەرگیراوە.

دەدەت: دەدات

دەر، دیڕی: دڕان، دڕاندن

دەرێز، درز

دەرێغۆ، درێغ: درێژ. لە پەهلەوی: درێژ، درێچ

دەریغە: درەنگ، دەرەنگ

دەرەز: دەرزی. لە پەهلەوی: دەرز

دەس: دە، دەس(کردکی)

دەسیمە: دەیەم

دەسەثە: تەندروست.

دەغە: داغ. لە کوردی دەگوترێ داغکردن، واتە سووتاندن. لەکەی سووتان.

دەغە: داغ، گەرم

دەنتەن: ددان

دەیڤە، دەیوە: دێو

دەیمان: دێم. لە پەهلەوی: ئەندێمان

دەیمانە: دیمانە

دەینــو: مێــیەی گیــانەوەر؛ نمــوونە لە کــوردی: مــا(مەکەر، ماکەو،ماگا،....)

دەئۆژەهڤە: دۆزەخ، دۆژە. لە پەهلەوی: دۆژێ، دوشۆخ

دەئێزەیەتی: دیوار. لە پەهلەوی: دێوار

دەئێڤە، دەئێووە: دێو . لە پەهلەوی: دێو، دێڤ.

## ڕ

ڕاز: ڕاست، ڕاشت(ز). لە پەهلەوی: ڕاست، ڕاشت

ڕازە: ڕاز، نهێنی. لە پەهلەوی ساسانی: ڕاز، نهومب.

ڕامەیە: ڕامکردن، ئارام کردنەوە.

ڕانە: ڕان. لە پەهلەوی: ڕان

ڕۆچ: بریسکانەوەی تیشکی ڕۆژ

ڕۆچنە: ڕۆژنە، کڵاوڕۆژنە

ڕۆچە: ڕۆژ. لە پەهلەوی: ڕۆژ، ڕۆچ

ڕۆچەنە: ڕۆشــن، ڕوونــاک، ڕۆنــی. لە پەهــلەوی: ڕۆشن.

ڕۆخشنە: ڕۆشن.

ڕۆغـنە، ڕەئـوغنە: ڕۆن، دهـن. لە پەهـلەوی: ڕۆڤـن، ڕووەن. ڕۆغن.

ڕەئۆخشنی: ڕۆشنایی

ڕەپ: ڕۆیین، ڕۆیشتن. لە پەهلەوی: ڕەف، ڕەفتەن

ڕەددە: ڕوان، شینبوون. لە پەهلەوی: ڕوستن، ڕووشتن

ڕەزورە: ڕەز، باغی ترێ. لە پەهلەوی: ڕەز.
ڕەنج: ڕەنجان، ڕەنجاو
ڕەیثە: ڕێ، ڕێگە. لە پەهلەوی: ڕاهـ
ڕەیکەنگە: ڕێکردن، ڕۆیشتن، بەڕێدا ڕۆیشتن.
ڕەیشە، ڕەیش: ڕیش. لە پەهلەوی: ڕێش
ڕەئوپی: ڕێوی. لە پەهلەوی: ڕێپ، ڕووپاس.
ڕەئێز: لیستن، لێستنەوە. لە پەهلەوی: لیستن
ڕەئیشە: ڕیش

## ز

زاتە: زات، دەگوتری فلانەکەس زاتی پیسە.
زاتە: زایە، زاوە (ئەم مەڕە زایە یان زاوە)
زار: ئازار
زارە: زەرداو. لە پەهلەوی: ڤیش، زەرئاپ.
زام: زەوی، زەمین. لە پەهلەوی: زەمیک
زاماتەر: زاوا، زاڤا
زامی: زان(منداڵ هێنانە ژیان)
زان، زایتی، زانەتا: زانین.
زانثە: زان، لە دایکبوون.
زانەتی: ناسین
زاو: زەوی

زبـا: یـارمەتی خواسـتن، هاوکـاری خواسـتن. ئێسـتا کاتێـک کـۆمەڵە کەسـێک هاوکـاری کەسـێک یـان ماڵێـک دەکەن، دەگوترێ زبارە. زبارە لە زبای ئاڤێستایی ماوەتەوە.

زراچە: زەرف، بەرگـی نامە(پـاکەتی نـامە) ئەو شـتەی کە نامەی تێدا دەپێچرا.

زرایەهـ، زرێهـ: دەریـا، زەریـا. لە پەهـلەوی:زرای، زرێـە، دەریا.

زرتە، زر، زەرەنگەهـ): دڵ.

زرڤان: زەمان، دەم، وەخت. لە پەهلەوی: زەمان، دەمان.

زرەیەنە: زەریا، دەریا، ئاوی زۆر

زوشتۆ: دۆست . لە پەهلەوی: دۆست، دۆشتە

زۆت: زوو، زی. لە پەهلەوی: زۆت

زیانا، زیانی: زیان. لە پەهلەوی: زیان، زییان

زیـمە، زیـمەکە: زسـتان، زڤسـتان. لە پەهـلەوی: زەم، زەمێستان.

زێزی: زیزی

زێزەنـات: ئەو شـوێنەی منـداڵی تێـدا زیـاد دەبـێ، ئێسـتا بووە بە زێ

زیزەنین: زان، منداڵ هێنانە ژیان

زیمە، زیاو: زستان زڤستان

زیمەکە: زستانی سەخت

زینگە: گۆزینگ، گۆزنگ.

زیۆ: دوێنێ، دوهـی، دۆ . لە پەهلەوی: دیک

زەر: زەر، زەرد
زەرتە، زرتە، زەرەنە: دڵ
زەرغۆن: کەسک، سەوز.
زەرنە: زێڕ. لە پەهلەوی: زەڕ
زەریمە: بەهار
زەیمەن: زیندی، هۆشیار {کەسێک کە زۆر هۆشیار بێ، لە هەولێر پێیدەگوترێ زۆر زیندییە- لێرەدا زیندی بە واتای زیندوو، یان ڕاستەوخۆ نایەت}
زەرەنیۆ: زێڕین.
زەرینۆ: زێڕی دەگمەن.
زەرەنگەهـ: دڵ
زەزەرانە: شێلگیرانە، بە چڕی.
زەستە: دەستە، دەست
زەستەوەنت: دەست بەخێر، دەستی بە سوود.
زەفەن، زفن: لووت(دفن)، زفن
زەڤە: داوا، داڤا (دواتر پیتی ز بۆ د گۆڕدراوە)
زەڤەن: داخوازی
زەن: زانین
زەندە: زەند(شرۆڤەی ئاڤێستا)
زەنتۆ: زەین، هۆش، زیت
زەنگە: زەند، بازوو، ئێسکی مەچەک
زەنوە: زانو
زەویری: زۆر، زۆرەکی، زۆردار(مەبەست هێزی زۆرە)

زەوەری: زۆری، هێز
زەوەن: زبـــارە، زوارە (کاتێـــک کەســـێک یـــان کـــۆمەڵە کەسێک بە خۆڕایی هاوکاری دەکەن)
زەیـــری: کەســـک، لە پۆڵەنـــدی دەگـــوترێ زیەلـــۆنی. لە ڕووسی دەگوترێ: زیلۆنی
زەیرینە، زەرینە: زێڕین
زەیـــرینە، زەورڤـــان: زراڤ، لاواز. لە پەهـــلەوی: زورڤـــان، زار
زەینە: زین
زەیەنە: زستانی.

## ژ

ژناتەر: زانا
ژنو: ئەژنۆ
ژهیتی، ژهیڤ: زیندوو، زندی. لە پەهلەوی: زیندەک
ژوژەکە، زوژەکە: ژووشک، ژووژی، ژیژی.
ژەنی، گەنا، غەنا: ژن. لە پەهلەوی: ژەن، زەن

## س

سارە: سەر
ساســـتا، ســـتەرتەر، ساســـتار: ســـتەمکار. لە پەهـــلەوی ساسانی: ڤیناسکار، ئەپارەک.

ساینی، ساینە: سین.
سائۆچان، سائۆچەنت: سووتان، سۆتان
سپا: سە، سەگ. لە پەهلەوی: سەگ، سەک
سپا: وێرانکار، وێرانکردن، ئێستا لە جیاتی لەشکر بەکار دێ.
سپاذە: سپا، سەرباز
سپارەیتی: سپاردن، سپارتن. لە پەهلەوی: سپار، ئۆسپەردن
سپی: سپیبوونەوە
سپیتە: سپی
سپێرێزان: سپڵ. لە پەهلەوی: سپارز، سپورز
سپەیتا: سپی. لە پەهلەوی: سپێت، سپێد
ستا: هەستا، دەستی پێکرد.
ستارە، ستەرۆ، ستێر: ستێر، ئەستێرە. لە پەهلەوی: ستارەک، ستارەگ
ستاڤ،ستوبهـ: ستایش. لە پەهلەوی: ستایشن، ستای.
ستانە: ستان، پاشگرە و ئێستاش هەر ماوە، کوردستان، پاکستان، باغستان
ستانە: ستان، لە پەهلەوی: ستان
ستوونە: ستوون
ستوونە: ستوون، ئەستووندەگ. لە پەهلەوی: ستوون، ستوونەگ
ستۆ، ستو: ستایش

ستۆته، ستۆمەن: سترانی ستایشکردن.
ستەریتە: سەبەتە. ئەو شتەی لە داو، گەز یان شولکی باریک دروست دەکریّ و شتی تیّ دادەنریّ.
ستەورە: ستور. لە پەهلەوی: ستەور، ستەپر
سچیاند: شکاندن.لە پەهلەوی: سوودان، شکستن.
سرادهە: سەرا. لە پەهلەوی: سرای
سرو، سەرو: سەرکردە، سەرۆک
سرۆنی: سمت. سەرووی نیّک
سرۆتە: سروود. لە پەهلەوی: سرۆت، سرووت، سرۆد
سرەو: سرەواندن، چرپە، سرتە.
سریش: سریش. چەسپ {جاران لە هەولیر بە چەسپ دەگوترا سریش}
سوخرە: سوور
سوو: سوود، سوودمەندبوون.
سەتایۆ: یەک سەدە
سەتە. سەتا: سەت
سەتەم: سەتەمین
سەر: ساڵ، سار (هەولیّر)
سەرتۆ: سارد، سار. لە پەهلەوی: سەرت، سەرد
سەرد، سەرەث: ساڵ، سال، سار. لە پەهلەوی: سال
سەرە، سارە: سەر. لە پەهلەوی: سەر
سەفە: سم. لە پەهلەوی: سومب

سەیریا: سەرگین. لە پەهلەوی: سەرگین، سەرگێن، سەرگۆن

سەئۆتاوە: سووتاوە(سووتانەوە)، سۆتا، شەوتی.(کاتێک پێست بەهۆی ئاچڕەوە دەسووتێتەوە، لە جیاتی هەوکردن، دەگوترێ: سووتاوەتەوە}.

سەیە: سایە، سی، سێبەر.

## ش

شا، شاتە، شاو: شاد، شا. لە پەهلەوی: شا، شاد

شاخە: شاخ، قۆچ. لە پەهلەوی: شاخ

شاکەر، شاگەر: جگەر، جەرگ

شاو: شاد. دڵخۆش

شایتی: شادومان

شایشتە: شایستە.

شوو: چوو (ئێستا لە زۆر شوێنی کوردستان لە هەندێ شوێن هەر 'ش' ماوەتەوە).

شۆیشرە: شار

شیا: چالاکی هەبوون (وشەی شیان لەمەوە هاتووە).

شەریمە، فشەریمە: شەرم

شەوەن: پاک، ئەنەشەوەن: ناپاک

شەئیتە: خۆشبەختی، ژیانی ئاسان، لەوانەیە شێت لەمەوە مابێتەوە.

## غ

غنیج: غونچەکردن، ددان هاتن

غورس، خروذ: قورس

## ف

فراما، فرامان: فەرمان

فرایەهـ: فراوان. لە پەهلەوی: فرای، فرەهـ

فرێشتە: فریشتە، شەزەتە. لە پەهلەوی: فریشتەگ

فرە: فرە، زۆر

فرەتەریسە: لەرزین لە ترسان.

فرەتەریس: فرەترساو، زۆر ترساو.

فرەثە: فرە، فرەهـ. لە پەهلەوی: فراهـ

فرەدا: زۆردان، زۆر بەخشین

فڕەفڕەئۆثرا: فڕەفڕ، فڕین و باڵ لێکدان

فشەرمە: شەرم. لە پەهلەوی: شەرم

## ڤ

ڤا، ڤاتە: با، وات. لە پەهلەوی: بات، ڤات

ڤاج: ئاواز، لە پەهلەوی: ئاڤاج

ڤاچە: واژە، بێژە. لە پەهلەوی: ڤاچەک،ڤاژ

ڤار: ڤاران، باران. لە پەهلەوی: ڤاران، باران

ڤاز: باز. لە پەهلەوی: بازە، باچ

ڤەهار: وەهار، بەهار، بهار. لە پەهلەوی: وەهار، ڤەهار

ڤایۆی، ڤای: وای، ڤای. لە پەهلەوی: وای، ڤای

ڤۆهونە: خوێن، خون، خین. لە پەهلەوی: خون، خین

ڤیرە، ڤیرۆ: بیر، هزر. لە پەهلەوی: ویر

ڤێستە: بیست

ڤیسەیتی: بیست. لە پەهلەوی: ڤیست، ویست

ڤیڤەن: ئەڤین، خۆشەویستی لە دڵەوە.

ڤییێد: دڤێت، دەیەوێ، دەزانێ

ڤەچ: ڤاچە، وشە، پەیڤ.

ڤەد، وەت: بەد.

ڤەرازا: بەراز. لە پەهلەوی ساسانی بووە بە (ڤیراز، هوک، خوک)

ڤەرازە: بەراز، وەراز، ڤەراز. لە پەهلەوی: ڤەراز، وەراز.

ڤەرێکە: پەلک، بەلک، گەڵا. لە پەهلەوی: وەرگ، ڤەلگ

ڤەز: وەسوەسە.

ڤەزرە: مەزرا، کێڵگە.

ڤەفرە: بەفر. لە پەهلەوی: ڤەفر، وەفر.

ڤەن: ڤیان، خۆشەویستی.

ڤەهیشتە: بەهەشت.

## ک

کارته، کارێته: کێرد، کێرک. له پەهلەوی: کارد

کاره: کار، ئیش. له پەهلەوی: کار

کامه: کام(به ئارەزوو). له پەهلەوی: کام

کرمه: کرم، کورم. له پەهلەوی: کرم، کەرم

کریته: کێرد، چەقو، چەقۆ

کڤا، کوا، کوه، کەدا: کوا، کانێ، کودا

کو دۆ: هەر شوێنێک

کوتەکه: کوته، کورته. له پەهلەوی: کۆتەک، کۆتاهـ

کوثه: کو(هەولێر)، چۆن، چەوا

کوثی: کوی(هەولێر)، چۆنی

کوره، کۆره: کۆره، کوێر، کۆر

کوش، کوشاتی: کوشتن. له پەهلەوی: کوشتن، کۆخشتن

کوو، کودا: کوا، کو، له کوێ. له پەهلەوی: کوو.

کوه: کوا، کوانێ ،کانێ،

کۆ، کا: کێ، کی. له پەهلەوی: کێ

کۆ، کەم: کەی، کەنگی. له پەهلەوی: کا، کەی

کێریما: کرم، کورمەک

که: کێ، کی

کەت: چ کاتێک

کەتارۆ: کامه، کێهان. له پەهلەوی: کەتام، کەدام

کەثوه: کەر

کەثە: چەند

کەدا: کویَ، کێندەریَ، کیدەریَ، کەدا.

کەذا : لە کویَ.

کەر: کار، کرن، کردن

کەرانە: کەنار، لێوار.

کەریش: پەخشکردن، بڵاوکردنەوە.

کەرشتە: کەرشکردن، داچاندن.

کەنتە: کەند، خەرەند، خەندەک.

کەرینا: کەڕ

کەرە: کارکرن، کارکردن

کەرەپۆتا: کەڕوکوند

کەرەپەن: کەڕ

کەرەنە: کەنار

کەس: کەس. لە پەهلەوی: کەس

کەسکە: کەسک، سەوز. لە پەهلەوی: سەپز، زەرگۆن

کەسوپاشنە: پاژنەبچووک، پاژنە باریک

کەفە: کەف

کەمنە: کەم، کەمێک، کەمەک، کێم.

کەمەرا: کەمەر، کەمبەر. لە پەهلەوی: کەمەر

کەوەن: نابینا، کوێر

کەینیکا: کچک، کچ

کەینە، کەینا: کینە(ڕک/ ڕق)

کەیە: کامە، کێهان

کەیە: کێیە؟

## گ

گا: گەیشت، گەهشت

گـــاڤە، گـــامە: گـــاڤ، هەنگـــاو(لە نێـــو زمـــانی فارســـیدا بە شێوەی گام ماوەتەوە)

گایتی، ئەیژی گایتی: گەیشتن.

گرپتە: گرتن. لە پەهلەوی: گرتن، گرفتن

گـــرو، گەرەهــــ: گەروو. قـــوڕگ. لە پەهـــلەوی: گەرووک، گەلۆگ

گرۆئان: گریان و ناڵە.

گوپ: گوپ، قسەکردن

گوو: پیس، پیسایی، گوو(پاشەڕۆی مرۆڤ و ئاژەڵ).

گۆنە، گەئۆنە: گۆنە. لە پەهلەوی: گۆنەک

گۆورۆ: گران. لە پەهلەوی: گران

گیریزا: گریەوزاری

گیوشە، گیوشا: وشەوش، ژاوەژاو، دەنگەدەنگ.

گەر: گەرۆتە، گەرووی شاخ، دۆڵی نێوان دوو شاخ.

گەرانە، گەرەنگەهـ: گۆرانی.

گەرزە: گورز، گورزە. لە پەهلەوی: وەزر

گەرمۆ: گەرم. لە پەهلەوی: گەرم.

گەرێز: گریان، گرین. لە پەهلەوی: گری، گریستن

گەریزە: گلەیی، گازاندە. لە پەهلەوی: گلەک، گیلەک.
گەریژ: گرتن، دەستگیرکردن.
گەرێمان: گەروو، قورگ، قرکەک
گەریمە، گەرمە، گەرێمۆ: گەرما
گەرێنو: گرو
گەندتومە: گەنم. لە پەهلەوی: گەنتوم.
گەیا: گیان
گەیتی، گەیثا: گێتی
گەئۆدەنە: گەورە لەگەن، لەگەنی گەورە، قاپی گەورە.
گەئۆشە، گەئۆشکە: گۆشە. لە پەهلەوی: گۆشەگ
گەئۆش: گوهـ، گوێ. لە پەهلەوی: گۆش، گۆ

## م

مازدایەسنا: یەزدانپەرست
ماسیا: ماسی
مانوس: مرۆڤ. لە پەهلەوی: مان، زەرمان، زرمان.
ماونگە: مانگ
مروەت، مروت: شیرەت، پێکەوە قسەکردن. زۆر جاران لە کوردەواری دەگوترا: (مروەت و مروەتکاری تەواو نابێ) واتە پێکەوە قسەکردن تەواو نابێ.
موشەکە، موسکا: مشک. لە پەهلەوی: موشک
مێزەیتی، مەیز: میز. لە پەهلەوی: میز، میزتن

مێژده: مووچه.
مێشه: مێش
مینه: مینا، ملوانکه، خەناوکه
مەدهه: مەست. له پەهلەوی: مەست
مەذو (مەزو): مەی
مەر: مر، مرد
مەرش: مەرگ
مەرشه، مەشکا: مەشکه. له پەهلەوی: مەشک، مەشکیزەگ
مەریتەن: مێر، پیاو
مەیڤەنە: ژینگه (شوێنی ژیان)
مەریزه: مەرز، سنوور، تخوب. له پەهلەوی ساسانی بووه به: (مەرز، ڤیمەند، کیش،)
مەز، مەس: مەزن، گەوره. له پەهلەوی: مەس، مەهیست، مەزەن.
مەزدا: مەزدان، یەزدان.
مەزگه: مێشک، مەژی
مەسیته: مەزنه قەواره. قەوارەی مەزن.
مەسەن: مەزن، قەبه، گەوره.
مەشیه: مرۆڤ.
مەهرکه: مەرگ.
مەئۆری: موری، مێرووله. له پەهلەوی: مۆر، مۆرجەک

## ن

نافه، نەبا: ناوک. لە پەهلەوی: نافەگ

نمان: مانەوە، چاوەوان.

نو: نووکە، هەنووکە، نها. لە پەهلەوی: نوون

نورە، نورا: نوها، نها، هەنوکە

نی ئا ئەز: نیاز

نیازەتە: نیازبوون

نیپیس، نیپیش: نڤیسین، نووسین.

نیتیمە: نزمترین، نەویترین، نەمیترین.

نیکەن: هەڵکەندن، کۆلین قولکردن، ناشتن.

نە، نۆیت، نەییَ: نە. لە پەهلەوی: نە، نیَ

نەبەهـ: نم. لە پەهلەوی: نەم، نم

نەدا: نای، نەی. لە پەهلەوی: نای، نادهـ

نەرە: نێرە

نەرە: نێرە، نێر

نەزدیۆ: نزیک، نێزیک. لە پەهلەوی: نێزدیک

نەزکە: نزیکەی.

نەفتا: نەفت، نەوت. لە پەهلەوی: نەپت

نەڤۆ، نەڤە، نەوە: نو، نویَ. لە پەهلەوی: نۆگ، نۆک، نەوەک

نەمەدە، نەمەتە: نیمدەر، نەمەدەر. ڕایەخێکە لە شێوەی لباد.

نەمەن: ناو، ناڤ. لە پەهلەوی: نام

نەوە، نەڤە: نو، تازە بە ئینگلیزی (ن یو)

نەوەن: نۆ، ٩

نەوەتە: نو. نویێ

نەیریۆ: نێرایەتی

نەیریە: نێری، نێر

نەیمە: نیوە، نیڤ. لە پەهلەوی: نێم، نێمەک

نەئۆما: نۆیەم، نۆهەم. لە پەهلەوی: نۆهۆم

## هـ

هاڤەنە، هاوەنە: هاوەن، هاون، ئاون، هاونگ، ئاونگ.

هامو: هاو، هامونافە: هاونەژاد، هاوخوێن

هامە: هەموو، هەمی. لە پەهلەوی: هەمەک، هەمەگ

هانمی: هینبوون، فێربوون. لە پەهلەوی بووە بە: هامۆک، هامۆختەن.

هو: باش، چاک، خو. لە پەهلەوی: هو، هوپ، هوداگ

هوختە: قسەی چاک، وتەی چاک، ختە: وتە

هوسرەڤە: خەسرۆ. لە پەهلەوی: هوسرەو، خوسرەو

هوشکە: هیشک، وشک. لە پەهلەوی: هوشک

هومەتە: ئەندێشەی چاک، بیری چاک، مەتە: بیر، هزر، نییەت

هونە: ئەهوەن(لەبارە) ئەنەهونە، نائەهوەن، نالەبار

هونەرە: هونەر. لە پەهلەوی: هونەر

هووەر: خۆر، خورشید.

هووەریز: کرداری چاک، وەریز: کردار

هوە: خوە، خود

هوەر: وەر، خواردن

هیاندو: هیند، هیندستان

هیتو: تخوب، خەتی سنوور

هیزڤان: زمان، زوان. لە پەهلەوی: زوان، ئوزوان

هیشکۆ: هیشک، خاکی وشک

هەپت: حەوت، حەفت، هەفت. لە پەهلەوی: هەفت

هەپتایتی: حەفتا. لە پەهلەوی: هەفتات

هەدا: هەردەم.

هەر: بڕۆ، هەڕە(ب)، ڕۆیشتن.

هەریثرا: هەریسە

هەریچ: هەوا

هەریدە: هەرەتەکردن، دەرکردن.

هەرە بەرەزەیتی: هەرە بەرز

هەز: حەز، ئارەزووی بەدەست هێنان.

هەزارۆ، هەزەیرە: هەزار، هزار. لە پەهلەوی: هەزار

هەزانگرە: هەزار

هەمۆ: هەموو. لە پەهلەوی: هەمی.

هەمیثە: هەمیشە

هەمینە: هاوین، هاڤین. لە پەهلەوی: هامین، هامینیگ

هەمە: هەمان.

هەمەثە: هەمیشە.

هەن: پیرەمێردێک، پیرەژنێک (پیرێک)

هەندامە: هەندام، ئەندام

هەنداتە: هەندێک، هەندەک

هەوەرە: خۆرەتاو، درەوشان.

## و

وختە: وتە، گوتە

وخذە: قسەکردن.

ودەرە: ورگ، عورگ

ودەرە: ورگ، عورگ

وروپی، ئوروپی: چەقەل!! دەبێ ناوی ئورووپا لەمەوە نەهاتبێ؟! تەنانەت لە نێو زمانی ئینگلیزیش هەر وەکوو کوردی دەگوترێ: Jackal(چەقەل)، هەروەها لە نێو زمانی فەرەنسی بە (Chacal) جێوارە.

وسەغە، وسخە: پیس، زۆر گوناهکار.

وشترە، ئوشترە: وشتر، حوشتر، حیشتر

وشی: هۆش

وغرە، بوغرا: لە خۆبایی، بەهێز.

ویتی: واتە، بە واتای.

وەسخەت: سەخت

## ی

ی، ئی: ئەمە، ئەڤە.

یاتو: جادو. لە پەهلەوی: یادووگ

یامە، جامە: جام.

یمە: ئەم، ئەڤ. وەکوو: ئەمڕۆ، ئەمشەو، ئەمساڵ.

یشـــتا، ئیشـــتی، ئیشـــتیە: ئـــارەزووکردن، ئیشـــتیاکردن، لەوانەیە (اِ تِ ەاء)ی عەرەبی لەمە وەرگیرابێ.

یشتە: وشتە، وشت. زیرەک و بەئاگا. سرک.

یوان: جوان. لە پەهلەوی: ژوڤان، تەروگ.

# مانەوەی وشەکان لە ئاڤێستاییەوە بۆ کوردی

جەیمـــز دارمێســـتێتەر[32] (James Darmesteter)، ڕۆژهەڵاتناســـی بەناوبـــانگی فەرەنســـی، دوای شـــەونخونی و زنجیـــرەیەک لێکـــۆڵینەوە ســـەبارەت بە زمـــانی کـــوردی، ســـەرەنجام بەو ڕاســـتییە گەیشـــت کە زمـــانی کـــوردی لقێکـــی زمـــانی مادەکـــانە، لەلایەکـــی دیکەشـــەوە هەموومـــان دەزانـــین کە ئاڤێســـتا پەڕتـــووکی پیـــرۆزی مادەکـــان بـــووە و دینـــی زەردەشـــتیش لە دەوڵەتـــی میـــدیادا فەرمـــی بـــووە، ئیـــدی بەو هـــۆیەوە ڕوون دەبێـــتەوە، ئەگەر نەشـــگوترێ زمـــانی کـــوردی درێژەپێـــدەری زمـــانی ئاڤێســـتاییە، بەڵام دەبـــێ بگـــوترێ کە زمـــانی کـــوردی بە بەراورد بە زمـــانی نەتەوەکـــانی دیـــکەی ئێـــران و ڕۆژهەڵاتـــی نـــاڤین، پێوەنـــدی و خزمـــایەتییەکی یەکجـــار نزیکـــی لەگەڵ زمـــانی ئاڤێســـتاییدا هەیە، چـــونکە هەنـــدێک لە دەنـــگ و پەیڤەکـــانی ئاڤێســـتا تـــا ئێســـتاش لە زمـــانی کوردیـــدا پـــارێزراون. لێـــرە بە پێویســـت دەزانـــدرێ ئامـــاژە بە هەنـــدێ وشـــە بـــدرێ کە لە ئاڤێســـتاییەوە بـــۆ کـــوردی مـــاونەتەوە. بێگومـــان زمـــانی

---

[32] - جەیمـس دارمێسـتێتەر٢٨ی ئـازاری ١٨٤٩ لە فرەنسـا لە دایـک بـووە و ڕۆژی ١٩ی تشـرینی یەکەمـی ١٨٩٤ کـۆچی دوایـی کـردووە. نووسـەر و تـوێژەر و شوێنەوارناسـێکی فەرەنسـی بـووە. بـنەچەی بنەماڵەکەیـان لە شـاری دارمەشـتاتی ئەڵمـانییەوە بـۆ فرەنسـا ڕۆیشـتوون، بـۆیە نازنـاوی دارمێستێتەر یان دارمەشتاتی هەڵبژاردووە.

پەهـلەوی وێسـتگەی گواسـتنەوەی نێـوان ئاڤێسـتایی (میدی) و کوردییە، با وشەکان بەو هاوکێشەیە تێپەڕ بکەین.

| ئاڤێستایی | پەهلەوی | کوردی |
|---|---|---|
| بەڕووت | بەلووت | بەڕوو |
| خوەێغە | خوێی، خوید | خویهـ، خوێی، ئارەقە |
| دڤا، دوا | دۆ | دۆ، دوو |
| زەستە | دەست | دەست |
| زەفن | ڤێنیک | دفن، لووت، کەپوو |
| زەینە | زێن | زین |
| سەتە، سەتا | سەت | سەت (هەولێر)، سەد |
| سەرە، سارە | سەر | سەر |
| سەیە | سایەک | سایە، سێبەر، سی |
| غورس، خروز | خرۆچ | قورس |
| فرێشتە، شەزەتە | فریشتەگ | فریشتە |
| فرە | فریهـ | فرە، زۆر، گەلەک |
| ڤاز | بازە، باچ | باز |
| ڤەفرە | ڤەفر | وەفر، بەفر، بەرف |
| ڤەن | هودۆشەک | ڤیان، خۆشەویستی |
| ڤەهار | وەهار | وەهار، بەهار |
| کرمە | کرم | کرم |
| کوڤە | چیگۆن | کو (هـ)، چۆن، چەوا |
| کەسکە | سەپز | کەسک، سەوز |

| | | |
|---|---|---|
| کەنتە | کەندەک | خەندەک، خەرەند |
| کەینە، کەینا | کێن | کینە، رک، ڕق |
| گاڤە، گامە | گام | گاڤ |
| گوو | هێخەر | گوو، پیسایی |
| گەریمە، گەریمۆ | گەرمۆک | گەرما |
| گەیا | گیان،جان | گیان، جان |
| ماسیا | ماهیک | ماسی |
| مەزگە | مەزگ | مەژی، مێشک |
| مەسەن | مەزەن، مەس | مەزن |
| هانمی | هامۆک | هینبوون، فێربوون |
| هونەرە | هونەر | هونەر |
| هیزڤا | هوزڤان، زوان | زمان، زوان |
| هیشکۆ | هوشک | هیشک، وشک،حشک |
| هەڤانت | ئێڤسان | ئێکسان، یەکسان |
| هەمیڤە | هەمێشەک | هەمیشە |
| هەمینە | هامین | هاوین، هامین، هاڤین |
| وختە | ڤەخش | وتە، گوتە |
| یاتو | یادووگ | جادو |
| ئاغر، ئاغرێ | ئاتر، ئاتەر | ئاگر |
| ئێڤا، ئۆیم | ئێک | ئێک، یێک، یەک |
| ئەستی، ئەستیم | ئەست | هەستی، ئێسک |
| ئەڤە، ئەیمە، ئی | ئێن، ئیم،ئێت | ئی، ئەمە، ئەڤە |

# ئاکام

دوای لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاڤێستایی و دیاریکردنی زێدی ئاڤێستایی، ئێستا دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین:

1 - زمانی ئاڤێستایی زاریەکی زمانی میدی (ماد)ی بووە و پەڕتووکی دینی زەردەشتیانی پێ نووسراوەتەوە. ئەم زمانە هەر زمانی باپیرانی ئەو مرۆڤانەیە کە ئێستا بە نەتەوەی کورد دەناسرێن. بێجگە لە کورد، زمانی نەتەوەکانی دیکەی وەکوو بەلوج، تاتی، تالشی، مازنی، گێلەکی، پشتۆیی و ئاسی سەرچاوەیان لە زمانی ئاڤێستاییەوە گرتووە، هەروەها لە زەمانی دەوڵەتی میدیادا، کاتێک پارسەکان هاتوون و جێوارکراون، زمانی میدییان وەرگرتووە و پشتیان لە زمانی پارسی دێرین کردووە، بەوهۆیەوە ئاڤێستایی ئەو کانیاوە شیرەیە کە زمانی فارسی پێ فرچک دراوە.

2 - زێدی زمانی ئاڤێستایی هەر نیشتمانی کوردان بووە، بەتایبەتیش ئازەربایجان، هەڵبەت دیارە کە تورک لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەوە بەرەو ئازەربایجان هاتوون، بەتایبەتیش بە هۆی هێرش و پەلاماری سەلجۆقی و مەغۆلەکانەوە گەیشتۆتە ئازەربایجان و

کاریگەری لە تاکەکانی نەتەوەکانی ئەوێدا کردووە کە زۆربەیان زمانی خۆیان بگۆڕن.

3 - پیتەکانی 'ڕ، ل، ڵ، ع' لە زمانی ئاڤێستاییدا نەبوون، بەڵام دواتر، بەتایبەتیش لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکانی دواتریش ئەو پیتانە وەرگیران یان داهێنراون، بەڵام هەتا ئێستاش دەڤەری هەولێر تا ڕادەیەکی زۆر پێبەندی زمانی ئاڤێستاییەوە و پیتەکانی 'ڵ' و 'ع' بە باشی بۆ هەرس نەکراوە، لە زۆر شوێندا پیتی 'ڵ' گۆ ناکرێ و پیتی 'ع'یش لەگەڵ پیتی 'ح' تێکەڵ دەکرێ.

4 - ئێستاش زمانی کوردی لە ڕووی ڕستەسازییەوە پێڕەوی لە دەستوور و ڕێزمانی ئاڤێستاییدا دەکات، هەرچەندە کە گۆڕانی زۆر بە سەر وشەگەلی ئاڤێستاییدا هاتوون، بەڵام زۆر بە باشی دەناسرێنەوە و ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە.

5 - ئابێی ئاڤێستایی کە چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا بۆ نووسینەوەی پەڕتووکی ئاڤێستا و دەقەکانی دینی زەردەشتی سەرپشک کراوە، ئێستا بێ گرێ و گۆڵ دەتوانرێ زمانی کوردی پێ بنووسرێ.

## سەرچاوەکان:


1 - ا.م.دیاکۆنۆف، تاریخ ماد، ترجمه: کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ص ٧٢.

2 - احسان بهرامی، فرهنگ واژەهای اوستائی، نشر بلخ، چاپ نخست ١٣٦٩ هجری شمسی.

3 - پرودز اکتور شروو، زبان اوستایی درس نامەی آشنایی با زبان اوستایی نو، برگردان: علی رضا طبرستانی.

4 - جیمس دارمستتر، تفسیر اوستا و ترجمه گاتاها، ترجمه: دکتر موسی جوان، فروردین ماه ١٣٤٨ هجری شمسی.

5 - سیاوش اوستا (حسن عباسي)، آئین اوستا، از زنتشارات (Institu LEP) چاپ دوم :تابستان 7021 آریایي میترایي.

6 - دکتر حسین آذران، واژەهای ایرانی در زبان سوئدی، نشر بلخ، تهران ١٣٨٢ هجری شمسی.

7 - دکتر ژاله آموزگار، تاریخ اساطیر ایران، تهران ١٣٧٤ هجری شمسی.

8 - دکتر محمد مقدم، راهنمای ریشه فعلهای ایرانی، مؤسسه مطبوعاتی علمی، شهریور ماه ١٣٤٢ هجری شمسی.

9- دکتــر منــوچهر آریــان پــور کاشــانی، فرهنــگ ریشه‌های هند و اروپایی زبان فارسی.

10- دکتــور خلیــل الــله اورمــر، خــط و دســتور زبان اوستایی، کابل ۱۳۸۹ هجری شمسی.

11- س.ن. ســوکولوف، زبــان اوســتایی، تــرجمه: دکتــر رقــیه بهــزادی، مؤسســه مطالعــات و تحقیقــاتی فرهنگی، چاپ اول، تهران ۱۳۷۰ هجری شمسی.

12- ســازمان فروهــر، الفبــای اوســتا یــا دیــن دبیــره، چاپخــانه راســتی، آبــان مــاه ۱۳٤٥ هجــری شمسی.

13- فــازڵ ئوســولیان، ناســنامەی زمــانی کــوردی، بەرگی دووەم، سوید، ۲۰۱٥.

14- عمادالــدین دولتشــاهی، ج [illegible]، تهران ۱۳٦۳.

15- کــان گــا و جـک ســن و شــرو، دســتور جــامع زبــان اوســتا، تــرجمه و نگــارش: ایــرج کــابلی، تهــران، انتشارات فرهنگ معاصر،۱۳۹۳ هجری شمسی.

16- محمــد تقــی راشــد محصــل، اوســتا ســتایش نــامه راســتی و پــاکی، چــاپ نیــل، چــاپ اول ۱۳۸۲ هجری شمسی.

# سەرچاوەکان بە زمانەکانی ئوڕووپایی


1- Bejon. N. Desai, Amanual for learning Avesta.

2- KAVASJI EDALJI KANGA, ENGLISH-AWESTA DICTIONARY, BOMBAY, 1867.

3- Michael Witzel, THE HOME OF THE ARYANS.

4- Ramiyar Parvez Karanjia, Teach yourself Avesta, Juni 2011

# بەرهەمە چاپکراوەکانم


| ناوی بەرهەم | جۆری بەرهەم | ساڵی چاپ |
|---|---|---|
| ١- پەیامی دەشتێو | هۆنراوە | 1980 |
| ٢- گەڵاڕیزان لە کۆچێکی خەماویدا | هۆنراوە | 1987 |
| ٣- دوازدە مۆری ملوانکەیەک | هۆنراوە | 1988 |
| ٤- جەرگەبەز لە دوای مەرگــــــــــــی دێوەرەیەک | هۆنراوە | 1989 |
| ٥- ڕۆژێکی هاوین | چیرۆک | 1989 |
| ٦- ڕێگەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام... | سیاسی | 1990 |
| ٧- ئەستێرەی داڕێژراوە | چیرۆک | 1991 |
| ٨- بۆ وەنەوشە | هۆنراوە | 1993 |
| ٩- بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون | سیاسی | 1995 |
| ١٠- خوێندنەوەی ١٠ ساڵەی ڕزگاری | سیاسی | 2003 |
| ١١- نۆژەن | ڕۆمان | 2005 |
| ١٢- مەمونـدی و بۆچوونەکـانی سـەبارەت بە پەیدابوونی | مێژوویی | 2012 |
| ١٣- یەکگرتن و هەڵوەشانەوە | مێژوویی | 2016 |
| ١٤- کۆمێک وشەی کوردی | بەدواداچوون | 2019 |
| ١٥- خواندنا کوردی بۆ ئاستا ئێکێ | فێرکاری | 2020 |
| ١٦- سروپێک پەیڤی ڕفێندراو | بەدواداچوون | 2020 |
| ١٧- سیپارۆکەی زمانەوانی | زمانەوانی | 2020 |
| ١٨- پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا | لێکۆڵینەوە | 2021 |
| ١٩- زمـــــانی پەهـــــلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا | لێکۆڵینەوە | 2021 |
| ٢٠- سیپارۆکەی بنەچەزانی | زمانەوانی | 2021 |
| ٢١- پێوەندی نێوان کورد و کلدان | لێکۆڵینەوە | 2022 |
| ٢٢- ئاڤێستایی، زمانی باپیرانی کورد | لێکۆڵینەوە | 2023 |

# پاشکۆیەک بۆ ڕاهێنان و فێربوونی پیتەکان


خــوێنەری هێــژا! ئەگەر دەتەوێ بە شــێوەیەکی بــاش فێــری نووســینی پیتەکــانی ئــابێی ئاڤێســتایی ببــی، دەبــێ ڕاهێنــان لەســـەر شــێوازی نووســینی پیتەکــان بــکەی، جــا بــۆ ئەوەی بە ئاســـانی ئەو کــارە ئەنجــام بــدەی، پیتەکــان دادەنــێم و تــۆش دەتــوانی لەو ڕێــیەوە ڕاهێنانیــان لەســـەر بــکەی. بێگومــان هێنــدە ئاســانن کە ئیــدی دەتــوانی لە مــاوەی چەنــد ڕۆژێکــدا هەمــوو پیتەکــان بە ڕاســت و دروســتی بنووســی، دواتــر دەتــوانی وشــە و ڕســتەیان لــێ دروســت بکەیــت و ئەوەی مەبەستت بێ بینووسیت.

ئەوەی ئاشــکرایە لە ئــابێی ئاڤێســتاییدا پیتەکــانی 'ڕ، ل، ڵ، ع) نەبــووە، بەڵام ئێســتا ئەم پیتــانە لە نێــو زمــانی کوردیــدا هەن؛ بە هــۆی ئەو پیتــانەوە هەزاران وشــەی نــوێ چــێ کــراون، بــۆیە دەبــێ چــارەیەک لە وێــنە و هێمــای ئەو پیتــانەش بکەیــن، بــۆ ئەم مەبەســتە هێمــای ئەم پیتــانەم زیــاد کــردوە و هاوکــارییەکی باشــی ڕێنــووس دەکــات. هیــوادارم سوودی هەبێ.


# ئـه، ه




# ئـا، ا




ب




پ




ت






د






ر





ه






ز



ژ






ج




جـ

# خ







## خو ، ح









# س






# ش



ف



ق



غ

ق

له هەندێک دەستنووس پیتی 'ڨ'ە


ک




گ



م




ئان، ن



و

وو

و




له سه‌ره‌تای وشه، هه‌روه‌ها
له‌دوای پیتی ده‌نگدار




ئو

## يـ ، ى




## ێـ ، ێ






ئى




ئێ

# ۆ



# ئۆ



ل

ئەم پیتە دواتر دروست کرا

ڵ

ئەمە پێشنیاری منە

ڕ

ئەمە پیێشنیاری منە بۆ پیتی 'ڕ'

ع

پیێشنیاری منە بۆ پیتی 'ع'

عم عم عم عم عم

# Avêstayî,
# zimanê kalên kurdan

**2023**